# ١٠٠
# فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ
## بۆ ئافرەتان

# ١٠٠
# فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ
## بۆ ئافرەتان


**نـووســــینی :** سـیروان کاکە أحمـد

**دیزاینـی ناوەوە و بەرگ :** زەردەشت کاوانی

چاپی یەکەم ١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز

١٤ × ٢١ سم ، ١٤٧ لاپــــەڕە

**بابــــــەت :** ئــاییـنـــــی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی ( ٤٢١ ) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە



مافی چــاپ پـــارێـزراوە

پڕۆژەی بەهای فەرموودە

قۆناغی ٧

# ١٠٠ فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

# بۆ ئافرەتان

نووســـینی

**سیروان کاکە أحمد**

١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز

بسم الله الرحمن الرحيم

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

به فەزڵی خوا توانیم له ماوەی چەند ڕۆژێکدا کتێبی (١٠٠ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئافرەتان) بخوێنمەوە، کە لەلایەن برای ماندوونەناس و خزمەتکاری سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ مامۆستا (سیروان کاکە أحمد) نووسراوە.

بەڕاستی فەرموودەکانی پاڵێوراون هەم له ڕووی مانا کردنیانەوەو پێویستیان بۆ ئافرەتان، کە لەو تاریکی و هەورە ڕەشەی بیری ڕۆژئاوایی و دوژمنانی ئیسلامی بەسەر وڵاتانی مسوڵماناندا هاتوە، لەبەر غیابی حوکمی ڕاشدی نەصیحەتکار، وە هەم له ڕووی بەهێزی فەرموودەکان و سەرچاوەکانی کە لێیانەوە هێنراون، چونکە بە گشتی فەرموودەی (صحیح) و (حسن) و کارپێکراون لەلایەن زانایانەوە.

بۆیە زۆر پێویستە ئافرەتان و خوشکانمان گرنگی تایبەتی پێ بدەن و بیانکەنە مەشخەڵی ڕێگایان و لەو شەوە تاریکانەدا پێش چاوی خۆیان و خێزان و دەوروبەریان پێ ڕۆشن بکەنەوە.

دکتۆر هندرێن محمد

١٠ / ٥ / ٢٠٢٢

هەولێر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

رَبِّ يَسِّر وَأَعِن، يَا كَرِيم

لەبەرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە پارێزگاری لێکردن و کار پێکردنی لە کردەوە هەرە باش و گرنگەکانە، وە لە بەڕێزترین و گەورەترینی عیبادەتەکانە جگە لە فەڕزەکان، ئەو کەسەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەکات و لە ماناکەی تێدەگات، پاشان لە نێو خەڵک بڵاوی دەکاتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەرموویەتی:

«نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثاً، فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ»[1]. لەم فەرموودەیە دوعا کردن هەیە، یان هەواڵدان هەیە بە گەشانەوەی ڕووخسار، لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ دەربارەی حاڵی ئەو کەسەی هەوڵی پاراستن و بڵاو کردنەوەی فەرمووده دەدات.

دیارە قۆناغی حەوتەمی پرۆژەی (بەهای فەرمووده) جیا لە قۆناغەکانی دیکە، تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی کە تایبەت کراوە بە ئافرەتانی بەڕێز و سەنگین، ئەمەش لە سۆنگەی هەستکردنمان بە گەورەیی پێگەی ئافرەت و گرنگی ڕۆڵی لە پەروەردکردنی نەوەی نوێی کۆمەڵگەدا، چونکە دایک هەستیارترین و پڕ بەهاترین قوتابخانەیە کە دواجار کۆمەڵگە بە گشتی و تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئاڕاستە دەکات.

بۆیە ئێمە وەک مسوڵمان و پابەندیمان بە قورئان و سوننەت، زۆر باش هەست بە گرنگی و بایەخ و ڕۆڵی دایک و خوشک و کچانی خۆمان دەکەین، وە هەوڵمانداوە لەم نووسراوە ئەوەی بە باشی دەزانین و بۆ

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٦٧٨٤، وَصَحَّحَهُ شعيب الأرنؤوط.

دین و ژینیان، بۆ سەرفرازی دوارۆژ و بەختەوەری دونیایان بیخەینە پێش دەستیان و هاوکاریان بین لە دانانی خشتێک لەو خشتانەی کە ئەوان کۆمەڵگەی لەسەر بنیات دەنێن و نەوەکانی داهاتوومانی تێدا پەروەردە دەکەن.

سەرباری ئەوەی هەوڵدراوە ئەو گومانانە بڕەوێنرێنەوە کە لەلایەن نەیارانی ئیسلام و مسوڵمانانەوە دەخرێنە سەر ماف و پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا، بەبەڵگە دەیسەلمێنین کە هەموو ئەمانە بانگەشەی بێ بنەمان و ئامانج لە بڵاوکردنەوەیان گومان خستنە دڵی ئافرەتانی مسوڵمانە، بە تایبەت ئەوانەی بۆیان زەحمەتە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی بنچینەیی ئایینەکەیان، ئێمە بە گوشراوی تیشکێک لە ڕۆشنایی قورئان و سوننەتمان بە دەرخستوە، کە شایستەبێ لەگەڵ قەبارەی ئەم نووسراوە، تیشکێک کە ئومێد وایە پشووبدات بە لاشەی ماندوو، دڵی تینوو بۆ گەیشتنە ڕاستییەکان تێر ئاو بکات.

داواکارم لە خوای پەروەردگار، ئەم قۆناغەش وەک قۆناغەکانی دیکە، پڕ پیت و پێز و بەرەکەت بێت، دووبارە ئومێدێک ببەخشێتەوە بە مسوڵمان و سەرەتایەک بێت بۆ ئاشناکردنەوەی ئافرەتانی مسوڵمانان بە ڕێباز و بەرنامەی خوا و دۆزینەوەی تەواوی مافەکانیان لەم مەنهەج و بەرنامەیە، وە دڵنیابن کە جگە لە ئیسلام بە هیچ جۆرێک، هیچ فکر و بەرنامە و ڕێچکەیەک وەک ئیسلام مافی بۆ دەستەبەر نەکردوون و ڕێزی لێ نەگرتوون، تاکو دواجار بتوانن وەک پێویست سوپاسگوزاری خاوەنی ئەم هەموو چاکە و فەزڵە بکەن کە خوای پەروەردگارە، وە پاشانیش پێغەمبەری خۆشەویستە ﷺ.

لە کۆتایی پێزانین و سوپاسی خۆم و ستافی (بەهای فەرمووده) ئاڕاستەی هەموو ئەو مامۆستا و خوشک و برا گەنجانەم دەکەم، کە هەر یەکەو بە شێوەیەک هاوکار بوون، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە چاوی بە دونیای چاپ هەڵبێنێ، بە تایبەت:

مامۆستا و برای گەورەم (د. هندرێن محمد) شارەزا لە بواری فەرمووده.
خوشکی گەورەم مامۆستا (شوکریە شێخانی) ماجستیر لە شەریعەت.
برای بەڕێزم مامۆستا (زانا عیسی عبابکر) قوتابی دکتۆرا لە شەریعەت.
برای دڵسۆزم کاک (ئاکام محمد) کە هەڵسا بەئامادەکردنی بابەتی ڕەوشتی ئافرەتان لە مێژوودا.

سیروان کاکە أحمد

٢٠٢٢/٥/٥

هەولێر

## چەند بەرچاوڕوونییەک بۆ بەشداربووان

بەشداربووی بەڕێز! هەوڵدراوە لە خوارە بەکورتی بەرچاوڕوونی تەواوتان پێ بدرێ لەسەر چۆنیەتی کۆشکردن و خوێندنی ئەم کتێبە بۆ تاقیکردنەوەی پڕۆژە:

١- پێشەکی کتێبەکە داخڵ نییە، واتە: لە سەرەتاوە تا لاپەڕە (٩).

٢- بابەتی (ڕەوشی ئافرەت لە مێژوودا) داخڵە بۆ تاقیکردنەوە (واتە: لاپەڕە ١٠ بۆ ٢٨)، بەڵام لەم بەشەدا تەنها بەشێوەی هەڵبژاردن و ڕاست و هەڵە پرسیاری تێدا دێتەوە.

٣- لە بەشەکانی دواتردا تەنها ئەمانە داخڵن: ناونیشانی فەرموودە (بەنموونە: پێناسەی ئیمان)، دەقی فەرموودەکە بە عەرەبی، دەقی فەرموودەکە بە کوردی. جگە لەمانە هیچی تر داخڵ نییە.

٤- زۆرێک لە فەرموودەکان ڕوونکردنەوەیان لەگەڵدایە، ڕوونکردنەوەی هیچیان داخڵ نییە، وە ئایەت و فەرموودەکانی ناو ڕوونکردنەوەکانیش داخڵ نین، پەراوێزەکانیش (هامش) داخڵ نین.

٥- دەربارەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە: پرسیارەکان هەمەجۆر دەبن، بەنموونە: ئەگەری هەیە هەریەک لەم جۆرە پرسیارانە بێتەوە: بۆشایی، هەڵبژاردە، ڕاست و هەڵە، واتای کوردی، ناونیشانێکت پێ دەدرێ و دەوترێ فەرموودەیەکی لەسەر بنووسە، هتد... بەڵام پرسیارەکان ڕوون دەبن و لێڵی و ئاڵۆزییان تێدا نابێت.

٦- بۆ ئاگاداربوون لە هەر ڕێنمایی و زانیارییەکی تازە سەبارەت بە پڕۆژە، لە فەیسبووک چاوتان لەسەر پەڕەی فەرمی پڕۆژە بێ.

## ڕەوشی ئافرەت لە مێژوودا

پێش ئەوەی بچینە خزمەت فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ لەمەڕ ئافرەتان، بەگرنگی دەزانین بەخێرایی سەیرێکی مێژوو بکەین، بزانین بەگشتی دۆخی ئافرەت چۆن بووە لە ناو کۆمەڵگا و گەلانی مێژوودا، بەچاوی خۆتان جیاوازی ببینن لە نێوان حاڵی ئافرەت پێش هاتنی پێغەمبەر و دوای هاتنی ﷺ.

بە درێژایی مێژوو، ئافرەتان هەمیشە ناڵاندوویانە بە دەست ئەو ستەم و نادادییەی بەرانبەریان ئەنجامدراوە لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت خاوەنی هیچ ڕۆڵ و پێگە و ڕێزێک نەبووە شایستەی باس بێت، بەڵکو تەنها وەک کاڵایەک سەیر کراوە بۆ خزمەتکردن و چێژی سێکسی، بۆی نەبووە خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆی بێ و لە کاتی پێویست دەربیبڕێ، پێویست بووە هەمیشە بێدەنگ بێ، نەیدەتوانی نەخێر بکات بەرانبەر بەم ستەم و بێ ڕێزیانەی کە ڕووبەڕووی دەکرانەوە، هەمیشە دەژیا وەک لاشەیەکی خامۆشکراوی لێوان لێو لە هەستی خۆپێکەمبوون، دەروونێکی زامدار، وە ژیانێکی پڕ لە ستەمدیدەیی ...

مرۆڤ کاتێک سەیری ژیانی ئافرەت دەکات لە پێش ئیسلام لە ناوچە جیاوازەکانی دونیا، ڕادەچڵەکێ و موچڕکەی بە لاشەدا دێت، دۆش دادەمێنێ لەم هەموو ستەمکارییەی دەرهەق بە ئافرەتان کراوە، جا لێرەدا ئاماژە بە حاڵی ئافرەت دەکەین لە نێو هەندێک لە گەلانی دونیادا، چەند وێنەیەکیان لێ دێنینەوە:

## ئافرەت لە کۆمەڵگای یۆنانیدا

ئافرەت لە لای یۆنانییەکان دروستکراوێکی قێزەون بوو، بە کارێکی نەگریسی شەیتان ناوزەندیان دەکرد، لە بازاڕەکاندا دەکڕدرا و دەفرۆشرا، بێ بەش بوو لە هەموو جۆرە مافێکی سروشتی مرۆڤ بوون، بێبەش لە میرات و خاوەندارییەتی لە سەروەت و ساماندا، تەنانەت گەورە و بیرمەند و فەیلەسوفەکانیان بە وتە و نووسینەکانیان ئەوەندەی دیکە ئافرەتیان سووک و کەم کردبوو، وەک:

**ئەرستۆ** دەڵێ: (ئافرەت بوونەوەرێکی ناتەواوە، سروشت لە نزمترین پێگەی بوونەوەرەکاندا فڕێیداوە، وێنەی پیاو و ئافرەت وەک نموونەی کۆیلە و خاوەنەکەی وان).

**سوقڕات** دەڵێ: (ئافرەت سەرچاوەی سەرەکی قەیرانەکانە لە دونیادا، ئافرەت وەک دارێکە دەرەوەی جوانە، بەڵام هەر باڵندەیەک لێی بخوات ڕاستەوخۆ بە ژەهرەکەی دەمرێ)، ئەم جۆرە لە بێڕێزی و سەیرکردنی ئافرەت تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، وەک دەبینین لە ئێستادا یەکێک لە شوێنە پیرۆزەکانی یۆنان شاخێکە بە ناوی (شاخی پیرۆزی ئاتۆس)، پێیان وایە ڕووحانییەت لەم شاخەدا سەلامەتە، وە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادەن ئافرەتان نزیکی ئەم شاخە بکەونەوە، تا ئەم ڕووحانییەتە بە سەلامەتی بمێنێتەوە، ئەگەر ئافرەتێک بچێتە ئەم شوێنە سزاکەی ساڵێک بۆ دوو ساڵ زیندانی کردنە![1].

---

(١) ئافرەت لە ڕوانگەی عەلمانی و ئایینیەوە، نووسەر: مسعود عبدالخالق.

## ئافرەت لە کۆمەڵگای جوولەکەدا

جوولەکەکانیش بە هەمان شێوەی کۆمەڵگاکانی دیکەی دونیا، ئافرەتیان بە بەد و قێزەون سەیر کردوە، ئەوان سەیری ئافرەتیان دەکرد، وەک کاڵایەکی نەگریس و پیس و بێ بەها، ناوزەندیان دەکرد بە ناپاک و درۆزن و دەرکراو و ڕیسوا، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی ئافرەتیان بە نەفرینکراو لە قەڵەم دا، چونکە بە هۆکاری دەرکرانی ئادەم (عليه السلام)یان دەزانی لە بەهەشت، لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئایینی ئافرەت بە بنچینەی سەرەکی مەینەتی مرۆڤ دەزانن، وەک لە تەوراتە دەستکاری کراوەکەدا هاتوە:

(ئافرەت فێڵبازە، لە شێوەی مارێکی زیندوو، ئادەمی هەڵخەڵاتاند و ئادەمی تووشی خواردنی بەری داری قەدەغەکراو کرد، سەرپێچی لە فەرمانی خوا کرد، بوو بە سەرپێچیکار)[١].

پیاوانی جوولەکە سوپاسی خوا دەکەن لەسەر ئەوەی ئەوان پیاون و بە ئافرەت دروست نەکراون! وە لە کاتی کەوتنە نێو سووڕی مانگانە، وەک توخمێکی پیس و قێزەون سەیری دەکەن، بە شێوەیەک بۆیان نییە دەست لە کەلوپەلەکانی ناو ماڵ بدەن، شوێنی خەوتنیشیان لێ جیادەکەنەوە!

---

(١) هەمان سەرچاوەی پیشوو.

## ئافرەت لە کۆمەڵگای ڕۆمانیدا

ئافرەت لە لای ڕۆمانەکان لە ڕەوشێکی پڕ لە دژواری و نالەباردا بوو، بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرا کە شتێکی بێ بەها و بێ ئەرزشە، بەم جۆرە پیاوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن، کە دڵ و دەروون و حەزە نەگریسەکانیان دەیخواست، هەر لە کڕین و فرۆشتنەوە، تا ئازاردان و ستەمی بێ سنوور، کۆڕ و کۆنگرەی گەورەیان ساز کردوە تا لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزی ئافرەت بکەن، تا لە کۆنگرەکانیان لە شاری ڕۆما گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ئافرەت ڕەگەزێکی پیس و بێزەوەرە، هیچ ژیان و بوونێکی نییە لە ژیانی دواڕۆژدا.

بەم جۆرە ستەم و نادادی دەرهەق بە ئافرەتان بەردەوام بوو، تا گەیشتە ئەوەی هەستان بە دروستکردنی ئامێرێکی ئاسنین بە ناوی: (Scold's Bridle) بۆ دەمی ئافرەتان، ئەم ئامێرە قوفڵێکی هەبوو پیاوان دەیانخستە دەمی ئافرەتان، پاشان ئامێرەکەیان قوفڵ دەدا، تا ئافرەتان نەتوانن هیچ قسەیەک بکەن، تا ئەو کاتەی ئەم پیاوە دڵی بەردئاسای کەمێک نەرم دەبوو، ئیدی بۆ ماوەیەکی کاتی ئامێرەکەی لە دەمی ئافرەتەکە لادەبرد، بەڵێ بەم جۆرە ژیانێکی پڕ لە ستەم و ستەمکاری و ئازار و ئەزیەتێکی زۆر، لەم لاوەش دەمێکی قوفڵدراو و بەستراو تاکە مافی ئافرەتان بوو، ئەمە سەرەڕای تەڵاقدان و دەرکردن و لێدان، بە جۆرێک تەڵاقدان لایان وەک ئاو خواردنەوە بوو!

ئەم دیاردەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە شێوەی دیکە بەردەوامە، لە دەوڵەتی ڤاتیکان کە شوێنی سەرەکی ڕووحی پاپای ڤاتیکانە، ئافرەت تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بۆی نەبوو حیساب و هەژماری بانکی تایبەت

بە خۆی هەبێ! لە کاتێکدا ڕێژەی دانیشتووانی نزیکەی دە (١٠,٠٠٠) هەزار کەس دەبێ، هیچ ئافرەتێک (مێینەیەک) بە فەرمی تێیدا بە نیشتەجێبوو لە قەڵەم نادرێ، وە لە ئینجیلی بۆڵس لە ژێر ناوی: (نظام في الكنيسة)[1]دا هاتوە: ئافرەتان با بێدەنگ بن لە کڵێساکاندا، چونکە ڕێپێدراو نین بۆ قسەکردن، ئەمە مایەی شەرمەزارییە[2].

---

(١) (٣٦-١٤)

(٢) ئافرەت لە ڕوانگەی عەلمانی و ئایینیەوە، نووسەر: مسعود عبدالخالق.

## ئافرەت لە کۆمەڵگای هیندیدا

کۆمەڵگای هیندەکان ئافرەتیان وەک کەنیزەک سەیر کردوە[١]، پیاوی وا هەبوو هاوسەری خۆی لە قومارکردن دەدۆڕاند، هەندێک جار ئافرەتێک لە یەک کاتدا چەند مێردێکی هەبووە، ئەگەر ژن مێردی بمردبایە، وەک ئەوە وابوو زیندەبەچاڵ بکرێ، بۆی نەبوو شووی دیکە بکاتەوە، چونکە ئەمە دەبوو بە مایەی گاڵتەپێکردن و بە سووک سەیرکردنی لەلایان کۆمەڵگاکەوە، زۆرجار بە هۆی زۆری ستەم و ئەشکەنجە و باری قورسی ژیان، ناچار بوو خۆی بسوتێنێ[٢]!

خراپترین هەڵوێستیان بەرانبەر ئافرەتان ئەوە بوو، پێیان وابوو ئافرەتان نەفرینلێکراون، ترسناکترن لە مار و پیسترن لە ژەهرەکەی! بۆیە ڕەتیان دەکردەوە ئافرەت مرۆڤ بێ و دان بە مافەکانی دابنێن، بۆیە لە نێویان نەریتێک باوبوو بە ناوی (ساتی)، بریتی بوو لە سوتاندنی ئافرەتی مێردمردوو بە زیندوویی، لەو ساتەی کە ئەم ئافرەتە مێردەکەی دەمرد، پێویست بوو لەگەڵ تەرمی مێردەکەی بسوتێنرێ[٣]، چونکە ئەم کارە بۆ ئافرەت مایەی سەربەرزی و شانازییە، ئەگەرنا دەبوو بەسەرشۆڕی ژیانی بەڕێکردبا، دواتر هاوشێوەی کەلوپەلە جێماوەکانی مێردەکەی وەک هەر کاڵایەکی دیکە فرۆشرابایە، لە شەریعەتی (مانۆ)دا هاتووە پیاو نیوەی خودایە، وە لە دایکبوونی (کچ) واتە: نەفرین و پیسی و قێزەونی[٤]!

---

(١) کتێبی: بە داڕوخانی مسوڵمانان جیهان چ زیانێکی لێکەوت، ل ٨٩.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) ئێستاش ئەم نەریتە بێ وێژدانییە لە نێویان ماوە، گرتە هەیە لە یوتیوب کەسێک بیەوێ ببینێ.

(٤) الحواء والخطيئة في التورة والانجيل والقران الكريم، ل ٢٥ و ٢٦.

## ئافرەت لە کۆمەڵگای فارسیدا

لەم کۆمەڵگایەدا ئافرەتان سەرچاوەی شەڕ و ئاژاوە و ئاشووبن، هاریکاری خودای شەڕن کە بریتیە لە (ئەهریمەن)، ئافرەت لاشەیەکی شەڕانگێز و نەگریسە، ئەمە تێڕوانینی ئایینی زەردەشتی بوو بۆ ئافرەت لە کۆمەڵگای فارسی، کە زەردەشتییەت ئایینی فەرمی وڵات بوو.

ئیدی مرۆڤ چ هیوایەک هەڵچنێ لەسەر ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات، تاکو بزانێت ئافرەت لە کۆمەڵگای فارسی چەندە جێگای ڕێز و بایەخ بوون، هەرگیز! وە گەورە و زاناکانی فارس نازناوی (عەیبەیان) دەدا پاڵ ئافرەتان، لایان وابوو ئافرەتان خودای چاکەیان (ئەهوڕامەزدا) هەڵخەڵاتاندووە، وە چوونەتە پاڵ خودای شەڕ (ئەهریمەن).

بۆیە ئافرەتیان بە پاڵەوانی خراپەکاری، تەنانەت بە هۆکاری خراپی پیاوانیش دەزانی، پێیان وابوو پیاوان جوانترین دروستکراوی خودان، خودا پیاوانی دروست کردوە تا بتوانن دژی پلانەکانی خودای شەڕ بوەستنەوە، ئافرەتانیش بۆیە پێویستە بمێنن، چونکە هۆکاری دروستکردنی منداڵن[١].

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

## ئافرەت لە كۆمەڵگای چینیدا

لە لای چینییەكانیش بە داخەوە ئافرەت بە كەمتەرخەم و لاواز سەیر دەكرا، كاڵایەک بوو دەتوانرا بكڕدرێ و بفرۆشرێ، بۆی نەبوو ببێتە خاوەن موڵک و میراتیش بگرێ، وە هەر كاتێكیش مێردی دەكرد، دەبوو بە خزمەتكاری هاوسەرەكەی، هەر كاتێكیش هاوسەرەكەی دەمرد مافی شووكردنەوەی نەبوو، ئەگەر بەقەیرەییش بمابایەوە نائومێدكار و سەرشۆڕكار بوو، دەشیان وت: ئافرەت وەک ئاوێكی ڕۆیشتووی شووم و نائومێدكارە!

فەیلەسوفی ناوداری چینی (كۆنفۆشیۆ) كە لە ساڵی (٥٥١) پێش زایین لە دایک بووە، دامەزرێنەری ڕێبازی كۆنفۆشییە، كە دواتر بوو بە مەنهەجی فەرمی ئیمپڕاتۆری چینی، (كۆنفۆشیۆ) وا سەیری ئافرەت دەكات كە تەنها كاڵایەكە بۆ كڕین و فرۆشتن، وە هەتا چەند دەیەی ڕابردووش ئافرەت لە چین پێڵاوێكی ئاسنینی قورسی لەپێ دەكرا، تا تواناى جوڵەی زۆری نەبێ و بێدەسەڵات بێ بەرانبەر زۆرداری هاوسەرەكەی[١].

---

(١) الحواء والخطيئة في التورة والإنجيل والقرآن الكريم، ل ٢٩

## ئافرەت لە کۆمەڵگای عەرەبیدا

لە کۆمەڵگای عەرەبیدا ئافرەت نیشانەی پەستی و بێزاری و شەرمەزاری بوو، بە جۆرێک هەر لە ساتەوەختی لە دایکبوونی، مەبەستیان بوو هەر بە زیندوویی بیخەنە ژێر گڵ و زیندەبەچاڵی بکەن، هەروەک خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا بە وردی ئەم دیاردە قێزەونەی تۆمار کردوە، کە وێنای شێوەو ڕووخساری تەڵخ و ڕەش هەڵگەڕاوو گرژبوونیانمان بۆ دەکات وەک نارەزایی دەبڕین، لە کاتی بیستنی هەواڵی لە دایک بوونی کچێکی گوڵ ئاساو بەخشراوی خوای میهرەبان: ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ٥٨ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ٥٩ ﴾ النحل، واتە: (بێبڕوایان) کاتێک یەکێکیان هەواڵی کچێکی پێ بدرێ دەم و چاوی ڕەش هەڵدەگەڕێ و سینەی پڕ دەبێ لە خەم و پەژارە، وە خۆی دەشارێتەوە لە خەڵکی لەبەر ئەو هەواڵە خراپەی کە پێی دراوە، (دوو دڵە کە) ئایا بیهێڵێتەوە بە شەرمەزاری و سەرشۆڕی (و بە خێوی بکات)، یان زیندەبەچاڵی بکات؟! ئاگاداربن و بزانن ئای چەندە بڕیارێکی خراپ دەدەن! ، هەروەها خوای پەروەردگار هەر لە بارەی زیندەبەچاڵ کردنی کچەکانیان، کە وەک پەری گوڵ بوون، ڕەخنەیان لێ دەگرێ، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ٨ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ٩ ﴾ التكوير، واتە: وە کاتێک پرسیار لە کچی زیندەبەچاڵکراو کرا، بە چ تاوان و گوناهێک کوژران.

بە جۆرێک زیندەبەچاڵکردن باو بوو لە نێو عەرەبدا، بە تایبەت لە نێو چینی هەژارەکاندا، جاری وا هەبوو تا باوکەکە لە سەفەرێک دەگەڕایەوە، کچەکەی گەورە ببوو، وە فامی پەیداکردبوو، کەچی باوکی

دڵڕەق هەر زیندەبەچاڵی دەکرد، یاخود لە شوێنێکی بەرزەوە فڕێیان دەدایە خوارەوە[١]، بەمجۆرە مۆتەکەی ئەشکەنجەو ستەمکاری لەگەڵ گەورەبوونی ئافرەتان بەردەوام بوو، لە کۆڵیان نەدەبۆوە.

بەڵێ ئافرەت لە میرات بێبەش دەکرا، موڵک و سامانی دەستی بەسەردا دەگیرا کە تەڵاق دەدرا، یاخود کە مێردەکەی دەمرد، بۆی نەبوو شوو بکاتەوە، وەک شڕە و بڕە و مەڕ و ماڵات دەفرۆشرا و هەڵدەگیرایەوە.

ئا لەم دۆخە تاریک و نا هەموارە، لە نێو هۆزی جەهلی عەڕەب، بەرزە پیاوێک سەری هەڵدا و فەرمووی:

کچان مەبوغزێنن، خۆشتان بوێن، چونکە کچان گوڵی ماڵ و بەرەکەتی خێزانن، مایەی گێڕانەوەتانن لە دۆزەخ و بردنتانن بۆ بەهەشت، هیچ کەس ڕێزیان ناگرێ مەگەر ڕێزداربێ، هیچ کەس بە سووک سەیریان ناکات، مەگەر خۆی سووک بێت!

---

(١) بە داڕوخانی مسوڵمانان جیهان چ زیانێکی لێکەوت، ل ٩٨.

## ئافرەت لە شارستانیەتی ئیسلامیدا

هەر لە ساتەوەختی دەرکەوتنی ئیسلام، ئیدی ئافرەتان بوون بە خاوەن پێگە و پلە و ڕۆڵی خۆیان، ئینجا بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی لە جیاتی سووکایەتی و بە کەم سەیرکردن و ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونی، ئافرەتان بوون بە خاوەنی ڕێز و مەقامی بەرز، مەگەر دەگونجێ ئەم گەورەییە ڕوو لە شان و شکۆی ئافرەتان نەکات، لە کاتێکدا قورئانی مەزن پیرۆزترین پەڕتوکی خوا کە لێوان لێوە لە باسکردنی گەورەیی و شکۆ و جوانی ئافرەتان، ئایەتە دانسقەکانی قورئان بۆ یەکەم جار بوو بە گوێی مرۆڤەکاندا بچرپێنن کە پێویستە ڕێز و خۆشەویستی و جوانڕەفتاری و میرات و مافی ژیانێکی سەربەرزانە بدرێ بە ئافرەت، ئەمەش وەک ماف و شایستەی خۆی نەک چاکە لەگەڵ کردن لەلایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە، ئایەتە ناوازەکانی قورئانی مەزن سەبارەت بە مافی ئافرەتان تەنها لە چوارچێوەی داواکاری نەبوو، یاخود بابەتێکی ئەخلاقی بن، یان چەند ئامۆژگارییەک بن و بەس، بەڵکو یاسا و شەرع و پابەندکارە، پێویستە لەسەر کۆمەڵگا پێیانەوە پابەندبن، چونکە فەرمانەکان لەلایان خوداوە هاتوون، پاداشت و سزای لەسەرە، وە بنچینەکەی سەیرکردنی ئافرەتە وەک (مرۆڤ).

بە تێڕامان و سەرنجدان لە ژیاننامەی سەرداری مرۆڤایەتی ﷺ، دەبینرێ چۆن ئەم مرۆڤە مەزنە بە کردار و گوفتار، لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ گۆڕینی داب و نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگا، لە بارەی خراپ ڕەفتارییان لەگەڵ ئافرەتان، هەروەک دواتر لە نێوەڕۆکی ئەم کتێبە فەرمووده و گوفتارە بەپێزەکانی ئەم زاتەت ﷺ بەرچاو دەکەوێ دەربارەی ئافرەت، ئەم زاتە مەزنە ﷺ لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی

و سەربازی و ئابووریدا هەمیشە هەوڵی بەخشینی پێگەی تایبەتی داوە بە ئافرەتان، بەم چەشنەی لە هەمان ئەم کۆمەڵگایەی کچ دەبووە مایەی شەرمەزاری بۆ باوک و بەزیندوویی زیندەبەچاڵ دەکرا، مرۆڤێکی پەیامدار دەرکەوت ﷺ موژدەی بەهەشتی دەدا بەو پیاوانەی کچ بەخێو دەکەن و پەروەردەیەکی جوانیان دەکەن، بەم جۆرە پاڵپشتی ڕێز و خۆشەویستی بوو بۆ ئافرەتان.

بەڵێ، هەر کاتێک فاتیمەی کچی هاتبا لەبەری هەڵدەستا، نێوچاوانی ماچ دەکرد، شوێنی خۆی بۆ چۆڵ دەکرد و دایدەنیشاند، کە تەنانەت بۆ هیچ پیاو و هاوەڵێکی ئەوەی نەدەکرد، هەروەها دەیفەرموو ﷺ: «فَاطِمَةُ بَضْعَةٌ مِنِّي فَمَنْ أَغْضَبَهَا أَغْضَبَنِي»[١]. واتە: فاتیمە بەشێکە لە من، ئەوەی تووڕەی بکات و ئازاری بدات، ئەوە منی تووڕە کردوە و ئازاری داوم، هەموو ئەم هەڵوێست و وتانەی لەنێو مرۆڤایەتییەکی دڵڕەق و دڕندە دەرهەق بە ئافرەتان دەفەرموون و پەخش و بڵاو دەبوونەوە، ئەو ﷺ لە جێگایدا تۆوی خۆشەویستی و ڕێزی ئافرەتانی دەچاند، چونکە ئەو ﷺ خۆی تاکە سەرکردەیە هەرگیز لە ئافرەتی نەداوە، هەمیشە بە جوانترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون!

لە حەجیماڵئاواییدا وەسیەتی ئەم پەیامبەر و سەرکردەیە باسی میرات و تەخت و جێنشینی و سەروەت و سامان نەبوو، بەڵکو باسی جوانڕەفتاری بوو لەگەڵ ئافرەتان، ئەوەبوو پڕ بە گەرووی موبارەکی دەنگی هەڵهێنا و سێ جار فەرمووی: (وەسیەتتان پێدەکەم بە جوان مامەڵەیی لەگەڵ ئافرەتان! لە نێو خۆشتان یەکتر ڕابسپێرن بە چاک مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان)!

---

(١) أخرجه البخاري: ٣٧٦٧، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ عَنِ الْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ رضي الله عنهما.

ئا ئەمە بۆ یەکەمجار بوو دوورگەی عەرەبی بە مرۆڤ و ژیاندار و هەرچی هەبوو گوێبیستی ئەم وتانە بن بۆ مافی ئافرەتان، سەرداری مرۆڤایەتی ﷺ خاوەنی سەدان فەرموودەیە کە هەر هەمووی بەڵگەیە بۆ داکۆکیردن لە ماف و ڕۆڵ و پێگە و بە گرنگ سەیرکردنی ئافرەتان، بەرهەمی ئەم وتانە بوو کە لە پشتییەوە ژیارێکی مەزن هاتە بوون، لە جوانترین تایبەتمەندی ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار بوو کە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان دەکرا وەک مرۆڤ!

بۆیە زانایانی ئیسلام نووسین و توێژینەوەیان تەرخان کرد تایبەت بە ماف و هەق و پێویستییەکانی ئافرەت، نەوەک تەنها وەک بونەوەرێکی مێینە سەیر بکرێ، موڵک و خانوو و کاڵایەک بێ بەکرێ بدرێ و کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەنجام بدرێ، لای نێرینە گورگ ئاساکان بەکاربهێنرێ بۆ چێژێکی کاتی، پاشان لە کاتی پیری و لە بێکەسی و بێنازیدا پەڕاگەندەی کوچە و کۆڵان و شەقامەکان بکرێ، وەک ئەمڕۆ خۆمان ئەم واقیعە تاڵە دەبینن!

بەم شێوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو بە هەڵگیرسێنەری شۆڕشێکی مەزن بۆ دەستەبەرکردنی ماف و هەق و پێگەی بەرزی ئافرەتان، ئافرەتانیش ئەم هەوڵە جوانەی ئیسلامیان پشتگوێ نەخست، بەڵکو بەم ئازایەتی و بوێرییەی ئیسلام پێی بەخشین، دەستیان کرد بە بەرجەستەکردنی ڕۆڵی پێشەنگایەتی، لە سەرجەم کایەکانی ژیان توانیان ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤایەتی بگۆڕن، ڕۆڵی وەرچەرخان ببینن لە زۆربەی مەیدانەکانی ژیان لە بواری زانست و زانیاری و سیاسی و خێزانداری و سەرکردایەتی و بونیاتنان و پەروەردەکردنی دەیان سەرکردەو پێشەنگ... هتد.

گەر بمانەوێ لێرەدا ئاماژە بە ئافرەتە هەڵکەوتوو و دانسقەکانی نێو کۆمەڵگای مسوڵمانان بکەین، دەبێ سەرتاپای کتێبەکەو بگرە زیاتریش تەرخان بکەین بۆ ئاماژە پێکردنیان، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە ڕۆڵی چوار لەم ئافرەتە ناوازە و هەڵکەوتووانە دەکەین:

## ١- نوسەیبەی کچی کەعب

هاوەڵی بەڕێز و تێکۆشەر و دایکە شەهید نوسەیبەی کچی کەعب ﵄، بە یەکەم داکۆیکار لە مافی ئافرەت دێتە ئەژمار، کاتێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ و وتی: بۆچی زۆربەی ئایەتەکانی قورئان دەربارەی پیاوانە و باسی ئافرەت ناکات؟

دوای ئەم پرسیارە خوای بیسەر لە سەرووی ئاسمانەکانەوە وەڵامی داواکاری هاوەڵی بەڕێز نوسەیبە خانی دایەوە، فەرمووی: ﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ ...(٣٥)﴾ الأحزاب، لەم ئایەتەدا خوای باڵادەست دە جار باسی ئافرەتان دەکات شان بە شانی پیاوان، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو ئافرەتان گوێبیستی ئەوە بن کە هاوشانی پیاوان خاوەن ڕێز و پێگەیەکی وا گەورەن لە دونیا و دوارِۆژدا، باسی سیفەت و خووڕەوشتی جوانیان بکرێ، موژدەی بەهەشتێکی نەبڕاوەیان پێ بدرێ، هەر بۆیە قورئانی مەزن یەکەم پەڕتوکە کە داکۆکی کردوە لە ئافرەتان، ماف و ڕۆڵ و پێگەی پێ بەخشیون لە پاڵ پیاواندا، موژدەی خۆشنوودی و سەرفرازی و بەهەشتی پێداون.

شایانی باسە ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە زۆربەی جەنگ و ڕووداوە گرنگەکان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەشداری کردووە، وەک: پەیمانی عەقەبە، جەنگی ئوحود، جەنگی حونەین، پەیمانی حودەیبیە، لە جەنگەکاندا بوێرانە جەنگاوە، هەروەها تیماری بریندارەکانی کردوە، لە جەنگی ئوحود دلێرانە بەرگری لە پێغەمبەر ﷺ کردوە، ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە یەکێک لە جەنگەکاندا دەستێکی لە دەست دەدا (دەبڕدرێ) لە پێناوی خوادا، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە ڕۆڵی خۆی دۆزیوەتەوە لە ئیسلامدا[1].

---

(١) سير أعلام النبلاء، ج٢ ص٢٧٨ للإمام الذهبي ﵀.

بەڵێ گەر سەرکردە و ئایینزاکانی دیکەش، هاوشێوەی پێغەمبەرمان ﷺ بە گوفتار و کردارەکانیان داکۆکیکار بان لە ئافرەتان، هەرگیز ئافرەتان بەم چەشنە دووچاری ئازار و مەینەتی و ئەشکەنجە و سەغڵەتی نەدەبوونەوە، چونکە فەرمووده شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ سەرتاپا باسی چاکڕەفتارییە لەگەڵ ئافرەتان، وە موژدەی پێگەی بەرزی پێداون لە دونیا و دوارۆژدا.

## ٢- فاتیمە فەهراوی

فاتیمە فەهراوی یەکێکی دیکەیە لە ئافرەتە ناودار و پڕشنگدارەکانی شارستانییەتی ئیسلامی، بە یەکەم دامەزرێنەری زانکۆ دادەنرێ لە مێژووی مرۆڤایەتی، هەستاوە بە بونیادنانی زانکۆی قەرەوین لە وڵاتی مەغریب لە ساڵی (٨٥٩)ز، ئەم ئافرەتە بۆ خوا صوڵحاوە ناودار بوو بە سیفەتی بەرز و جوان و سەخاوەتمەندی و بەخشین و زوهد و تەقوا، بە جۆرێک تا تەواوبوونی زانکۆیەکە بە بەردەوامی خەریکی زوهد و عیبادەت و خواپەرستی بووە، شایانی باسە بە درێژایی تەمەنی دەیان زانا و کەسایەتی بە ناوبانگ و ناوداری دونیا لەم زانکۆیە پێگەیشتوون، وەک: (ابن خلدون، ابن باجە، فەیلەسوف ابن میمون، مێژوونووس حسن بن وزان ... هتد).

ئەم زانکۆیە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن، واتە: بۆ ماوەی (١١٦٣) ساڵە ئەم زانکۆیە دەرگای زانست و پێگەیاندنی بە کراوەیی ماوەتەوە، ئەم زانکۆیە لەسەر دەستی ئافرەتێکی دیندار دروستکرا، وەک یەکەم زانکۆ لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی.

## ٣- خاتوو زەیفە

خاتوو زەیفە ئافرەتێکی مسوڵمانی کورد بوو، کچی مەلیک عەدلە، واتە: برازای صەڵاحەددینی ئەیوبییە، خاتوو زەیفە گەورەو دەسەڵاتداری شاری حەلەب بووە، بۆ ماوەی شەش ساڵ حوکمڕانی شاری حەلەبی کردوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەم خاتوونەدا حەلەب لەوپەڕی بووژانەوە و جوانی و درەوشاوەییدا بووە، ناوبانگی دەرکردبوو بە دادگەری و بەزەیی نواندن لەگەڵ هەژاران.

خاتوو زەیفە زۆر کاری ناوازە و مەزنی ئەنجام داوە بە مەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی شارەکە، لەوانە هەستا بە کەمکردن و لابردنی باج لەسەر هاوڵاتییان، هەروەها دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگاوبان و تەکییە و خانەقا، زۆر بەدەم هەژارانەوە بووە، بە جۆرێک لە گەڕەکی فەڕافیر شوێنی تایبەتی بونیادنا بۆ لەخۆگرتنی هەژاران و بێکەس و بێلانەکان، لە گرنگترین کارەکانی دروستکردنی زانکۆی فیردەوس و زانکۆی (خانکاە) بوو لە ساڵی (١٢٣٥) زایینی، هەرچی زانکۆی فیردەوس بوو وەقفی کرد بۆ زانستی شەرعی و پێگەیاندنی زانا و مامۆستایانی ئایینی، بەڵام زانکۆی خانکاە تایبەت بوو بە زانستی شەرعی و سەرجەم زانستەکانی دیکەی ئەم سەردەمە[١]، خاتوونی ناوبراو کاتێک وەفاتی کرد لە قوتابخانەی سەلاتین نێژرا، شایانی باسە خەڵکی حەلەب بە جۆرێک دڵتەنگ بوون بۆ لەدەستدانی ئەم خاتوونە ڕێزدارە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەروازەکانی حەلەبیان داخست و لە ماڵەکانیاندا مانەوە، وەک دەبڕینی هاوسۆزی و خەمباری[٢].

---

(١) تأريخ أبي الفداء، المختصر في أخبار البشر.

(٢) موسوعة الأمثال الشعبية الحلبية، أستاذ ادهم عيسى.

بەم جۆرە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە درێژای مێژوو پێگەیەکی بەرز و ڕۆڵێکی بەرچاوی بەخشی بە ئافرەتانی کورد، کە توانیان خزمەتێکی زۆری کۆمەڵگای ئەوسا بکەن، کە تیایدا دەیان شاعیر و فەرماندە و سیاسی و دەسەڵاتدار و بازرگان و زانا پێگەیشتوون، سەدان مزگەوت و خانەقا و قوتابخانە و زانکۆیان بونیادناوە، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە شام و میسڕ و ناوچەکانی دیکەش[١].

---

(١) ئافرەت لە ڕوانگەی عەلمانی و ئایینیەوە، نووسەر: مسعود عبدالخالق.

## ٤- مەریەم ئوسترلابی
(پێشەنگی زانستی گەردووناسی)

یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی زانستی گەردووناسی، دامەزرێنەری بنچینەی زانستی مانگی دەستکرد و زانستی فڕۆکەوانی و زانستی جی پی ئێس، ئەم خاتوونە مسوڵمانە (مەریەم کۆشیار جیلی) ناسراو بە (مەریەم ئوسترلابی)یە، لە شاری حەلەبی سوریا لە دایک بووە، بۆ ماوەی (٢٣) ساڵ بەردەوام سەرقاڵی نووسین و توێژینەوە و کارکردن بووە لە زانستی گەردووناسی و ئامێرسازی، تا لە کۆتاییدا توانیویەتی ئامێری ئوسترلاب دروست بکات، کە بەکاردەهات بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەکان و کاتەکانی نوێژ و دیاریکردنی ڕووگە (قیبلە) و مانگی ڕەمەزان، هەروەها لە بواری کەشتیوانی و دەریاوانیدا بەکاردەهات.

شایانی باسە خاتوو مەریەم لەسەر دەستی باوکی پێگەیشتووە، کە یەکێک بووە لە ناودارترین زاناکانی بواری گەردووناسی و بیرکاری سەردەمی خۆی، خاوەنی زیاتر لە دە پەڕتوکە لە بواری زاستی گەردووناسی، سەرجەم پەڕتوکەکانی لە زانکۆیەکانی دونیا پارێزراون، وەک زانکۆی ئۆکسفۆرد و مۆزەخانەی بەریتانیا و چەند زانکۆیەکی تورکیا.

ئەنجام! دوای ئەوەی لە ماوەی پێشوو بەکورتی ئاشنا بووین بە دۆخ و ژیانی ئافرەت لە ڕێڕەوی مێژوودا، ئینجا لە بەشەکانی داهاتوودا دەچینە خزمەت فەرمایشتە شیرینەکانی پێغەمبەر ﷺ لە مەڕ ئافرەتان و پێگە و ڕێز و ئەرک و مافیان...

# بەشی یەکەم

## پێناسەی کۆمەڵێک
## چەمکی گرنگ

## ئیسلام، ئیمان، ئیحسان
## دووڕوویی، هاوبەشدانان، ڕووپامایی.

ئەم چەند چەمکانە، زۆر هەستیارن، بە ئەندازەی زانیاری و شارەزایی بە هەر یەکێکیان خۆتی پێ دەڕازێنیەوە، یان خۆتی لێ دوور دەخەیتەوە...

## پێناسەی ئیسلام

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١- «بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ، وَالحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ»[١].

واتە: ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزرێنراوە: شایەتمان بەوە کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی دیکە (بە هەق) نییە، موحەممەد پێغەمبەری خوایە، ئەنجامدانی پێنج نوێژ (لە ڕۆژێکدا)، زەکات دەرکردن لە ماڵ و سامان، حەجی ماڵی خوا (ئەگەر توانا هەبوو)، ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان.

### ڕوونکردنەوە:

بە ئەندازەی پابەندبوونمان بە پایەکانی ئیسلام و جێبەجێ کردنیان بە شێوەیەکی دروست، زیاتر مانای مسوڵمان بوون تێماندا دەدرەوشێتەوە، زیاتر شایستەی هەڵگرتنی دروشمی ئیسلامەتی و مسوڵمانییەتی دەبین، چونکە خودی مسوڵمانبوونیش پلەپلەیە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەویش بە هۆی زۆری و کەمی جێبەجێ کردنی دروشمەکان، وە پابەندبوون بە سنووره قەدەغە کراوەکان و پارێزگاری لێکردنیان.

---

(١) أخرجه البخاري: ٨، ومسلم: ١٦، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما.

## پێناسەی ئیمان

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٢- «الإِيـمَانُ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلاَئِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»[١].

واتە: ئیمان بریتیە لەوەی کە: بڕوات هەبێ بە خوا، بە فریشتەکانی خوا، بە کتێبەکانی خوا، بە پێغەمبەرەکانی خوا، بە ڕۆژی دوایی، وە بڕوات هەبێ بە قەدەری خوا بە چاک و بە خراپییەوە.

### ڕوونکردنەوە:

خۆشەویستی خوا ﷺ لە وەڵامی پرسیارێکی جبریل عليه السلام دەربارەی پێناسەی ئیمان، بە کورتی و گوشراوی بەم شێوە وەڵامی داوەتەوە، کە ئەوەش بێگومان درێژەی هەیەو پێویستە مسوڵمانان خۆیانی لێ شارەزا بکەن، بە ئەندازەی هەبوونی زانیاری و کارلێک لەگەڵ کردنی پایەکان، مسوڵمان ئیمانی زیادو کەم دەکات، چونکە شتێکی ڕوونە کە ئیمان زیاد و کەم دەکات[٢]، بە چاکە کردن زیاد دەکات، بە خراپە کردن کەم دەکات، وە بە زیاتر هەست کردنی بە چاودێری خوا، بوونی فریشتەکان لەگەڵی، سزای گۆڕ و دۆزەخ و پاداشتی بەهەشت، ئیمان زیاتر دەبێ و دڵی بڕوادار تۆکمەترو دامەزراوتر دەبێ.

---

(١) أخرجه مسلم: ١٥١، عَنْ عُمَر بْنِ الخَطَّاب رضي الله عنه.

(٢) قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿لِيَزْدَادُوٓاْ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْۗ ...﴾ ﴿٤﴾ الفتح، وقال: ﴿وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنًاۙ ...﴾ ﴿٣١﴾ المدثر.

## پێناسەی ئیحسان

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٣- «الإِحْسَانُ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ»[١].

واتە: ئیحسان (کە پلەی هەرە بەرزی دینداریيە) بریتیە لەوەی کە: بە جۆرێک خوا بپەرستی وەک ئەوەی چاوت خوا ببینێ، خۆ ئەگەر تۆش خوا نەبینی، دڵنیابە ئەو دەتبینێ.

### ڕوونکردنەوە:

(إحسان): بەرزترین پلەی دینداری و خواناسی و لە خوا نزیکییە، پێگەیشتنی هەوڵی زۆری پێویستە، بە گوشراوی هەر کەسێک پایەکانی ئیسلام و پایەکانی ئیمان تەواو لە خۆیدا بەرجەستە بکات، بووە بە خاوەنی ئیحسان، کە ئەو کاتە هەموو کردارو گوفتارێکی بەپێی ڕەزامەندی خوایە، باشترین مامەڵەش لەگەڵ دروستکراوەکانی خوا ئەنجام دەدات، چونکە بە ئەندازەی نزیکیت لە خوا، پەیوەندیت لەگەڵ خوا باش دەبێ، بە ئەندازەی پەیوەندی باش بوونت لەگەڵ خوا، پەیوەندیت لەگەڵ خەڵک باش دەبێت.

---

(١) أخرجه مسلم: ١٥١، عَنْ عُمَر بْنِ الخَطَّابِ ﵁.

## پێناسەی دووڕوویی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٤- «أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنافِقاً خَالِصاً، وَمَنْ كانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا: إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ»[١].

واتە: چوار سیفەت هەن لە هەرکەس هەبن دووڕوویەکی تەواوە، هەرکەسیش یەکێکیانی تێدابێ، ئەوە سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە هەتا وازی لێ دەهێنێ، (ئەوانیش ئەمانەن:) هەرکات قسەی کرد درۆ بکات، هەرکات بەڵێن و پەیمانیدا نەیباتە سەر، هەرکات سپاردەیەکی لەلا دانرا ناپاکی تێدا بکات، وە هەرکات ناکۆکی هەبوو (لەگەڵ کەسێک) سنووری خوا تێپەڕێنێ.

### ڕوونکردنەوە:

زۆر کەس وا دەزانن دووڕوویی هیچ پەیوەندی بە مسوڵمان و بڕوادارەوە نیە، کە بێگومان ئەوە بە ڕەهایی ڕاست نییە، چونکە دووڕوویی پلەپلەیە، وەک چۆن ئیمان پلەپلەیە، بۆیە کاتێک دووڕوویی لە کەسێکدا دەگاتە پلەی هەرە بەرز، ئیمان کەم دەبێتەوە بۆ نزمترین ئاست، وە بە پێچەوانەوەش، چونکە کابرای دووڕوو پێشتر ئیمانی هێناوە، بە ئەندازەی زیادکردنی دووڕووییەکەی ئیمانەکەی کەم دەبێتەوە، کەواتە: دەگونجێ کەسێک مسوڵمان بێ و نیفاق و دووڕوویشی لە دڵدا هەبێ.

---

(١) أخرجه البخاري: ٣٤، ومسلم: ٥٨، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما.

بۆیە پێویستە لەسەر هەر کەسێک دێتە نێو بازنەی ئیسلام و مسوڵمان دەبێ، ئاگاداری نەفسی خۆی بێ لە تووش بوون بە دووڕوویی، ئەم سیفەتی لە خۆ وریابوونە زەقترین سیفەت بووە لە نێو هاوەڵان، لە کاتێکدا باشترین کۆمەڵ و دەستەش بوون لە مێژووی مرۆڤایەتی، گێڕدراوەتەوە لە حەسەنی بەصرِی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەربارەی دووڕوویی گوتوویەتی: (مَا خَافهُ إلاَّ مُؤمِنٌ، وَلاَ أمنهُ إلاَّ مُنَافِقٌ)، واتە: هیچ کەس لە دووڕوویی ناترسێ جگە لە کەسی بڕوادار، وە هیچ کەس لێی دڵنیا نییە و خۆی پێ سەلامەت نییە جگە لە کەسی دووڕوو.

هەروەها پێشەوای خۆشەویستمان بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەڵێ: ئیبنو ئەبی مەلیکە گوتی: نزیکەی سی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە و پێیان گەیشتووم، هەموویان ترسی دووڕووییان هەبووە لە دڵیاندا، واتە: ترسیان هەبووە تووشی بن و ئاگاداریش نەبن، جا مادام نەخۆشییەکە هێندە ترسناکە، پێویستە مرۆڤ بیزانێ و بیناسێ و شارەزای بی، وەک یەکێک دەڵێ:

عَــرَفْتُ الشّــرَّ لاَ لِلشّــرِّ لَكِــن لِأَتّــقِيهِ ...

وَمَــنْ لَمْ يَــعْرِفِ الشَّــرَّ مِنَ الخَيْرِ يَقَعُ فيهِ

خراپەم ناسی تاکو خۆمی لێ بپارێزم ...

هەرکەس خراپە لە چاکە جیانەکاتەوە دەکەوێتە نێوی

## هەندێک لە سیفەتەکانی کەسی دووڕوو

١- شکاندنی بەڵێن و پەیمان لەگەڵ خوای گەورە.

٢- بە تەنبەڵی و سستی هەڵسان بۆ نوێژکردن.

٣- ئومێدی زۆر بە بەزەیی خوا و کردەوەی کەم.

٤- تەوبە و داوای لێخۆشبوون نەکردن لە خوای پەروەردگار.

٥- نەناردنی صەڵات و سەلام بۆ ڕووحی پاکی پێغەمبەری خوا ﷺ.

٦- تێنەگەیشتن لە قورئان و بیر نەکردنەوە لە مانای ئایەتەکان.

٧- زیکر و یادی خوا نەکردن، یاخود زۆر بە کەم گوتنی زارەکی.

٨- بڕوانەبوون بە قەدەری خوا، بە تایبەتی کاتی تاقیکردنەوە.

٩- گاڵتەجاڕی و بە سووک سەیرکردنی بڕوادارانی پابەند و دیندار.

١٠- خۆشویستن و دۆستایەتی کافران و پشتکردن لە بڕواداران.

١١- سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی دونیا و گرنگی نەدان بەدوارۆژ.

١٢- بڵاوکردنەوەی گومان و خراپەکاری لە نێو کۆمەڵگای مسوڵمانان.

١٣- حەزکردن بە ڕیابازیی و حەز نەکردن بە بەخشین لە پێناوی خوا.

١٤- حەسوودی بردن بە بڕواداری دیندار و پابەند بە شەرعی خوا.

١٥- ڕازی نەبوون بەو بەشەی لەهەر بوارێک خوای گەورە پێی داون.

١٦- ئـاسان بەکارهێنانی وشەی کافر و فاسق بۆ مسوڵمانان.

١٧- زۆر سوێند خواردن بە درۆ، بە تایبەتی لە کاتی تێکگیراندا.

١٨- خۆبەگەورەزانین و شانازی و فیز و کەش و فش کردن.

١٩- ساردکردنەوە و گومڕاکردنی خەڵک لەسەر دینداری.

٢٠- بە ڕواڵەت پاک و چاک، لە ناوەوە پیس و خراپ!!

## پێناسەی هاوبەش دانان

٥- عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه، قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ ﷺ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ قَالَ: «مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئاً دَخَلَ الجَنَّةَ، وَمَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ دَخَلَ النَّارَ»[(١)].

واتە: جابر رضي الله عنه دەڵێ: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا دوو پێویستکەرەکان (کە چوونە بەهەشت و دۆزەخ واجب دەکەن) چین؟ فەرمووی: هەر کەسێک بـمرێ و هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێ، دەچێتە بەهەشتەوە، هەر کەسێکیش بـمرێ و هاوبەشی بۆ خوا دانابێ، دەچێتە دۆزەخـەوە.

### ڕوونکردنەوە:

ترسناکی و گەورەیی گوناه و تاوانی هاوبەشدانان بۆ خوا لەوەدایە: کە مرۆڤ هەرچی کردوویەتی لە کردار و گوفتاری چاک لێی هەڵدەوەشێتەوەو ڕەنج بە خەسار دەبێ، مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا بواری لێ خۆشبوونی هەیە لەسەر هەر گوناهێک کە کردوویەتی، جگە لە هاوبەش دانان بۆ خوا! خوای باڵادەست و تاک و تەنها بەڵێنی داوە هەرگیز لە هاوبەشدانەر خۆشنەبێ، ئەگەر بەبێ تەوبە و پەشیمانی بگەڕێتەوە بۆ لای، بۆیە دەبێ خۆمان بپارێزین لە هەموو پێشەکیەکانی هاوبەش دانان، تا نەکەوینە نێو ئەم گوناه و تاوانە گەورەیە، یەکێک لە دوعا زۆر باشەکان کە بخوێنرێ بۆ پارێزرانی مسوڵمان لە هاوبەش دانان ئەمەیە: خوایە! پەنات پێدەگرم لەوەی هابەشت بۆ بڕیار بدەم و بشزانم، داوای لێ خۆشبوونت لێ دەکەم لەوەشی کە نەمزانیوە (بۆ نموونە: کردەوەیەکی شیرکم ئەنجام اوە، بەڵام نەمزانیوە کە شیرکە)[(٢)].

---

(١) أخرجه أحمد: ١٥٢٣٧، قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، وهذا إسناد قوي على شرط مسلم.

(٢) اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِماَ لَا أَعْلَمُ.

## پێناسەی ڕووپامایی[١]

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٦- «إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ» قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ؟ قَالَ: «الرِّيَاءُ إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ يَوْمَ تُجَازَى الْعِبَادُ بِأَعْمَالِهِمْ: اذْهَبُوا إِلَى الَّذِينَ كُنْتُمْ تُرَاءُونَ بِأَعْمَالِكُمْ فِي الدُّنْيَا، فَانْظُرُوا هَلْ تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً؟!»[٢].

واتە: بە ڕاستی شتێک کە زۆر مەترسیم لێی هەیە لەسەرتان بریتیە لە هاوبەشدانانی بچووک، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا هاوبەشدانانی بچووک چییە؟ فەرمووی: ڕووپامایی، (عیبادەتێک بکەی تاکو خەڵک بە پیاوچاک ناوت بێنن)، جا خوا لەو ڕۆژەی پاداشتی بەندەکانی دەداتەوە (بە ڕیابازان) دەفەرموێ: بڕۆن بۆ لای ئەو کەسانەی ئێوە ڕیابازیتان لە پێناو دەکردن و کردەوە چاکەکانتان بۆ ئەوان ئەنجامدەدا لە دونیا، بزانن هیچ پاداشتتان لەلای ئەوان دەست دەکەوێ؟!

### ڕوونکردنەوە:

زانایان زۆر پێناسەیان بۆ ئەم چەمکە کردوە، وەک چۆن پێناسەی جیاجیایان بۆ چەمکەکانی دیکەش کردوون، بە کورتی و پوختی دەڵێم:

ڕیابازیی: ئەوەیە مرۆڤ کارێکی چاک بکات، لەو کارەدا جگە لە خوا، کەسی دیکەش لە دڵ بگرێ، جا ئەو غەیری خوا پێ مەبەست بوونە، لە سەرەتای ئەنجام دانی کارەکە بێت، یاخود دوای دەست پێکردنی کارەکە بێ.

هەر کارێک بەشی جگە لە خوای تێکەڵ ببێ، خوا بەڵێنی داوە وەری ناگرێ.

---

(١) هاوبەشدانانی بچوک، ڕیابازی

(٢) أخرجه أحمد: ٢٣٦٨٦، عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ ﵁، قَالَ شُعيب الأرنؤوط: إسنادهُ صَحِيح.

# بەشی دووەم

## ئافرەت لە ئیسلامدا

لەم بەشەدا، بە گشتی تیشک دەخەینە سەر پێگە و پلە و ڕێزی ئافرەت لە ئیسلامدا، وەک: دایک، هاوسەر (خێزان)، کـچ، خوشک، وە هەروەها هێنانەوەی چەند وێنەیەک لە فەرموودە شیرین و بەڕێزەکانی خۆشەویستی خوا ﷺ، کەتیایاندا چارەسەری دەیان کێشە و گرفتی نیو کۆمەڵگەی تێدا بەدی دەکرێ.

## وەک دایک

٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مَنْ أَبَرُّ؟ قَالَ: «أُمَّكَ»، قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «أُمَّكَ»، قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «أُمَّكَ»، قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «أَبَاكَ»[(١)].

واتە: ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێ: گوترا: (واتە: یەکێک گوتی:) ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کێ زۆر چاکەکار بم؟ فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەو کێ؟ فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەو کێ؟ فەرمووی: دایکت، گوتی: دوای ئەو کێ؟ فەرمووی: باوکت. (کەواتە: دایک سێ پلە لە پێش باوکەوەیە بۆ چاکە لەگەڵ کردن).

٨- عَنْ أَسْمَاءِ رضي الله عنها قَالَتْ: أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً، فِي عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ: أَصِلُهَا؟ قَالَ: «نَعَمْ»[(٢)].

---

(١) أخرجه البخاري في «الأدب المفرد»: ٥، والحديث في الصحيحين بلفظ من أحق الناس بحسن صحابتي الحديث.

(٢) أخرجه البخاري: ٥٦٣٣، ومسلم: ٢٣٧١.

(((يا أمي ليتني أغسل بدموع الوفاء قدميك، وأحمل في مهرجان الحياة نعليك

يا أمي ليـت المـوت يتخطـاك إلـي وليـت البـائس اذا قـصد يـقـع عــلي))) (أسعد المرأة في العالم، ص٩، د. عائض القرني).

واتە: ئەسماء ﵂ دەڵێ: لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ دایکم (هاوبەشدانەر بوو) هاتە لام، پێی خۆشبوو پەیوەندی هەبێ لەگەڵم، منیش پرسیارم لە پێغەمبەر کرد، ئایا (چاکە بکەم لەگەڵی و) پەیوەندیم هەبێ لەگەڵی؟ فەرمووی: بەڵێ (چاکەکاربە لەگەڵی و پەیوەندی لەگەڵ مەپچڕێنە).

٩- عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «نِـمْتُ، فَرَأَيْتُنِي فِي الجَنَّةِ، فَسَمِعْتُ صَوْتَ قَارِئٍ يَقْرَأُ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: هَذَا حَارِثَةُ بْنُ النُّعْمَانِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: كَذَلِكَ الْبِرُّ، كَذَلِكَ الْبِرُّ»، قَالَتْ: وَكَانَ أَبَرَّ النَّاسِ بِأُمِّهِ[١].

واتە: عائیشە ﵂ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خەوتم، خۆم بینی وا لە بەهەشتم، گوێم لە دەنگێک بوو، قورئانی دەخوێند، گوتم: ئەوە کێیە؟ گوتیان: ئەوە حاریسەی کوڕی نوعمانە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئا ئەوەیە پاداشتی چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک، (عائیشە ﵂ دەڵێ:) ئەو هاوەڵە بەڕێزە باشترینی خەڵکی بووە لەگەڵ دایکی.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١٠- «رَغِمَ أَنْفُهُ، رَغِمَ أَنْفُهُ، رَغِمَ أَنْفُهُ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ؟ قَالَ: «مَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ عِنْدَ الْكِبَرِ، أَوْ أَحَدَهُمَا، فَدَخَلَ النَّارَ»[٢].

واتە: لووتی بە خۆڵدا بچێ، لووتی بە خۆڵدا بچێ، لووتی بە خۆڵدا بچێ! گوتیان: کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی بە دایک و باوکی، یان بە یەکێکیان ڕادەگات لە کاتی پیری و بە تەمەنی، کەچی دەچێتە دۆزەخیشەوە (واتە: بای ئەوەندە خزمەتی نەکردبن کە پێی بچێتە بەهەشت).

---

(١) أخرجه أحمد: ٢٥٣٧٦، والنسائي: ٨٢٣٤، وقال شعيب الأرناؤوط في المسند: إسناده صحيح.

(٢) أخرجه مُسلم: ٢٥٥١، واللفظ للبخاري في «الأدب المفرد»: ٢١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

**١١-** «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: زَارَ النَّبِيُّ ﷺ قَبْرَ أُمِّهِ، فَبَكَى وَأَبْكَى مَنْ حَوْلَهُ»(١).

واتە: ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ سەردانی گۆڕی دایکی کرد، گریا، جا ئەو خەڵکەی دەوروبەری هەموو گریاند (واتە: بە هۆی گریانی ئەوەوە ﷺ، هەموو گریان).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**١٢-** «الْخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الْأُمِّ»(٢).

واتە: خوشکی دایک لە شوێنی دایکە.

**ڕوونکردنەوە:**

ئەوەندە بەسە بۆ کەسێک کە دایکی نەماوە، دەتوانێت لە خوشکی دایکییەوە بەردەوام بێت لە چاکەکردن لەگەڵ دایکی، تەنانەت کەسی وا هەبووە گوناهی گەورەی ئەنجامداوە، دواتر هاتوە بۆ لای یەکێک لە هاوەڵان (خوا لە هەموویان ڕازی بێ) بۆ کەفارەتی گوناهەکەی، پێی گوتووە: دایکت ماوە لە ژیان؟ گوتوویەتی: نەخێر، پێی گوتووە: خوشکی دایکت ماوە؟ گوتوویەتی: بەڵێ، پێی گوتووە: بڕۆ چاکەکار بە لەگەڵی، وەک کەفارەتی ئەم گوناهە!

---

(١) أخرجه مُسلم: ٩٧٦، وابن حبان: ٣١٦٩.

(٢) أخرجه البخاري: ٢٥٥٢، والترمذي ١٩٠٤، وابن حبان: ٤٨٧٣، عَنِ الْبَرَاءِ ﵁.

## وەک هاوسەر (ژن، خێزان)

١٣- عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا ذَبَحَ الشَّاةَ، فَيَقُولُ: «أَرْسِلُوا بِهَا إِلَى أَصْدِقَاءِ خَدِيجَةَ»[١].

واتە: دایکمان عائیشە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتی وابوو کە مەڕێکی سەردەبڕی، بەش بەشی دەکرد و دەیفەرموو: بینێرن بۆ دۆستەکانی خەدیجە (وەک وەفا و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خەدیجە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١٤- «إِنَّ أَكْمَلَ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا، وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِكُمْ»[٢].

واتە: بێگومان ئیمان تەواوترینی بڕواداران ڕەوشت جوانترینیانە، وە باشترینتان باشترینتانن بۆ ژنەکانتان (هاوسەرانتان).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١٥- «فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ»[٣].

واتە: دەربارەی ژنان لە خوا بترسن، چونکە ئێوە ئەوانتان وەرگرتوە وەک ئەمانەتی خوا، وە داوێنیانتان بۆ خۆتان حەڵاڵ کردوە بە وشەی خوا (کە بریتیە لە -إنكاح و تزويج-).

---

(١) أخرجه البخاري: ٣٨٢١، ومسلم: ٦٤٣١.

(٢) أخرجه أحمد: ١٠١١٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: حديث صَحِيح.

(٣) أخرجه مسلم: ١٢١٨، وابن حبان: ١٤٥٧، عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١٦- «اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْـراً»[١]

واتە: (ئامۆژگارییتان دەکەم) ئامۆژگاری یەکتری بکەن دەربارەی ئافرەتان بە چاکە (واتە: بە چاکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن).

١٧- عَنِ الْعِرْبَاضِ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا سَقَى امْرَأَتَهُ مِنَ الـمَاءِ أُجِرَ»، فَأَتَيْتُ امْرَأَتِي فَسَقَيْتُهَا، وَحَدَّثْتُهَا بِـمَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ[٢].

واتە: عیرباض ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو فەرمووی: ئەگەر پیاو ئاو بداتە ژنەکەی، پاداشتی دەدرێتەوە، (جا دەڵێ:) چوومەوە بۆ لای ژنەکەم و ئاوم پێدا، وە ئەوەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستبووم، بۆم باسکرد.

## ڕوونکردنەوە:

سەرنج بدەن! هاوەڵان چۆن بە گرنگی ڕوانیویانە بۆ قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ، لەگەڵ بیستنی فەرموودەکە کردوویانە بە حاڵ و کردار لە خۆیاندا، هەروەها چەند جوانە کە مسوڵمان کارێکی سوننەت ئەنجام بدا بەرانبەر کەسێک (ژن، برا، خوشک...)، ئاگاداری بکاتەوە لە سوننەتەکە بە حیکمەتەوە، هەم بۆ ئەوەی بەرانبەر سوودمەند بێ و فێر بێ، هەمیش لەوکاتەدا بەرانبەرەکەت دڵخۆشە بەو کردەوەت، ئیتر تۆ بیری بخەوە کە پاڵنەری کردەوەکە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەمەش بە دڵنیایی خۆشەویستی بەرانبەر دین و پێغەمبەر ﷺ زیاتر دەکات.

---

(١) أخرجه البخاري: ٣١٥٣، ومسلم: ١٤٦٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ.

(٢) أخرجه أَحْمَد: ١٧١٩٥، قَالَ شعيب الأرنؤوط: صحيح بِشَوَاهِدِهِ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**١٨-** «إِذَا أَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ بَيْتِ زَوْجِهَا غَيرَ مُفْسِدَةٍ، كَانَ لَهَا أَجْرُهَا، وَلَهُ مِثْلُهُ بِمَا اكْتَسَبَ، وَلَهَا بِـمَا أَنْفَقَتْ»[١].

واتە: ئەگەر ژن لە ماڵ و سامانی مێردەکەی خەرج بکات (بەشێکی لێ بکاتە خێر)، بێ ئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بکات، ئەوە پاداشتی بۆ هەیە، هەروەها پاداشت بۆ مێردەکەشی دەنووسرێ، چونکە ئەو پەیدای کردوە، ژنەکەش بەخشیویەتی.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**١٩-** «إِذَا أَطَالَ أَحَدُكُمُ الْغَيْبَةَ، فَلاَ يَطْرُقْ أَهْلَهُ لَيْلاً»[٢].

واتە: ئەگەر یەکێک لە ئێوە لە سەفەرێکیدا زۆری پێچوو، بە شەو (گەڕایەوە) با لە ناکاو نەچێتە ژوورەوە بۆ لای خانەوادەکەی.

## ڕوونکردنەوە:

پێویستە پیاو خێزانەکەی ئاگادار بکاتەوە کەی دەگەڕێتەوە، وە لە پڕ خۆی نەکات بە ژووردا، بۆ وێنە: با بڵێ: من لەم بەروار و لەم ڕۆژە دەگەڕێمەوە کاتژمێر ئەوەندە، چونکە هۆکارەکانی ئاگادار کردنەوە لەم سەردەمە ئاسانترە، وەک جاران نییە.

دیارە ئافرەت حەزی لە خۆڕازاندنەوەیە!! ئەمەش ئەوپەڕی ڕەچاوکردنی هەست و سۆزی ئافرەتی تێدایە، بۆ ئەوانەی ورد دەبنەوە لە قسە پڕ حیکمەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

---

(١) أخرجه البخاري: ١٣٥٩، ومسلم: ١٠٢٤، وَاللَّفْظُ لِمسلم. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها.

(٢) أخرجه البخاري: ٤٩٤٦، ومسلم: ٧١٥، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللّهِ رضي الله عنهما.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٠-** «لاَ يَجْلِدُ أَحَدُكُمْ امْرَأَتَهُ جَلْدَ الْعَبْدِ، ثُمَّ يُجَامِعُهَا فِي آخِرِ الْيَوْمِ»[١].

واتە: با هیچ یەکێکتان لە ژنەکەی نەدات وەک لێدانی کۆیلە، پاشانیش بچێ لە کۆتایی ڕۆژەکەدا لەگەڵی جووت بێ. (فەرمانی کردوە بە هەڵسوکەوتی جوان و سۆزداری لەگەڵیان).

## ڕوونکردنەوە:

بەداخەوە! هەندێک لە پیاوان ژن وەک ئامێر دەبینن، تەنها لە کاتی پێویستیەکانیاندا گرنگیان پێدەدەن و دەچنە لایان، لە دوای ئەمە ئیتر وەک کۆیلە و بەندەی خۆیان لێیان دەڕوانن، کە ئەمەش زۆر دوورە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئافرەت وەک چۆن پێویستی بە دابینکردنی بژێوی ژیان هەیە، بەهەمان شێوە و بگرە زیاتریش پێویستی بە پێدانی سۆز و خۆشەویستی بەردەوام هەیە.

**٢١-** عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي مَسِيرٍ لَهُ، فَحَدَا الْحَادِي، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «وَيْحَكَ يَا أَنْجَشَةُ! رُوَيْدَكَ بِالْقَوَارِيرِ»[٢].

واتە: ئەنەس رضي الله عنه، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەرێکدا بوو، وشتروانەکەش وشترەکانی خستبووە پێشی خۆی و گۆرانی دەگوت تاکو هانیان بدات لەسەر ڕۆیشتن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هاوار بۆ تۆ ئەی ئەنجەشە! لەسەرخۆ و هێواش بە لەگەڵ شووشەکان (واتە: لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی سواری پشتی وشترەکان بوون)!

---

(١) أخرجه البخاري: ٤٩٠٨، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زَمْعَةَ رضي الله عنه.

(٢) أخرجه أحمد: ١٣٦٩٥، والبخاري: ٦٢٠٩ ، ومسلم: ٢٣٢٣.

## ڕوونکردنەوە:

ئەم جۆرە ناوهێنان و ناولێنرانەی ئافرەت، ناسکترین وەسفی ئافرەتە لەسەر زاری خۆشەویستی خوا ﷺ، کە ئەمە ئەوپەڕی جوانی و ڕێزگرتنی ئافرەتی لێ دەخوێنرێتەوە، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هەڵەی دوور لە سوننەت و سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت.

**٢٢-** «عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: سَابَقَنِي النَّبِيُّ ﷺ فَسَبَقْتُهُ، فَلَبِثْنَا حَتَّى إِذَا أَرْهَقَنِي اللَّحْمُ سَابَقَنِي فَسَبَقَنِي، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: هَذِهِ بِتِلْكَ»[١].

واتە: عائیشە رَضِيَ اللهُ عَنْهَا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پێشبڕکێی لەگەڵ کردم، منیش پێشی کەوتم (لێم بردەوە)، پاشان بەو شێوە ماینەوە هەتا (ماوەیەک، دواتر کە من قەڵە و بووم) قەڵەوی ماندووی کردم، ئینجا پێشبڕکێی لەگەڵ کردم و پێشمکەوتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەمە بە ئەوە (واتە: جارێک تۆ لە منت بردەوە و پێشمکەوتی، جارێکیش من تۆڵەی خۆم کردەوە و پێشتکەوتمەوە).

---

(١) أخرجه أحمد: ٢٤١٦٤، وابن حبان: ٤٦٩١، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

## وەک کچ

کچان گوڵی نێو ماڵن، بەرەکەتی خێزانن، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر منداڵی خۆشویستوون و ڕێزی گرتوون، بە تایبەت کچەکانی بێ جیاوازی، وە بە شێوەی کرداری پیشانی عەرەبی داوە، ئەو تێگەیشتنەیان هەڵەیە کە خراپ مامەڵە کردن و بە سووک سەیرکردنی ئافرەتە، جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٣**- «لاَ تَـكْرَهُوا الْبَنَاتِ، فَإِنَّهُنَّ الْمُؤْنِسَاتُ الْغَالِيَاتُ»[١].

واتە: ڕقتان لە کچان نەبێتەوە (خۆشتان بوێن)، چونکە کچەکان دڵخۆشکەری (خێزان و خانەوادەن) و ڕێزدار و بەهادارن.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٤**- «لاَ تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ» قَالُوا: يَا رَسُولَ اللّهِ وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: «أَنْ تَسْكُتَ»[٢].

واتە: کچ مارە ناکرێ تا مۆڵەتی لێ وەردەگیرێ، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەت لێوەرگرتنی چۆنە؟ فەرمووی: بێدەنگ بوونیەتی، (چونکە جاری وایە کچ شەرم دەکات بڵێ: دەمەوێ شوو بە فلان کەس بکەم).

---

(١) أخرجه أحمد: ١٧٣٧٣، والطبراني في «الكبير»: ٨٥٦، عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رضي الله عنه، قال الهيثمي (١٥٦/٨): فيه ابن لهيعة، وحديثه حسن، وبقية رجاله ثقات، انظر الصَّحِيحَة: ٣٢٠٦ للألباني.

(٢) أخرجه البخاري: ٤٨٤٣، ومسلم: ١٤١٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٥-** «مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ»، وَضَمَّ أَصَابِعَهُ[١].

واتە: هەر کەسێک دوو کچ بە خێو بکات هەتا باڵغ دەبن، لە ڕۆژی قیامەت کە دێت من و ئەو ئاواین، (پەنجەکانی هێنایە تەنیشت یەکتر)!

## وەک خوشک

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٦-** «لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ أُمَّتِي يَعُولُ ثَلَاثَ بَنَاتٍ، أَوْ ثَلَاثَ أَخَوَاتٍ، فَيُحْسِنُ إِلَيْهِنَّ، إِلاَّ كُنَّ لَهُ سِتْرَاً مِنَ النَّارِ»[٢].

واتە: هیچ یەکێک نییە لە ئوممەتی من سێ کچ، یان سێ خوشک بە خێو بکات، وە چاکەکار بێ لەگەڵیان، ئەوە بە دڵنیایی بۆی دەبنە پەرچ و دەیپارێزن لە ئاگر (ی دۆزەخ).

---

(١) أخرجه مسلم: ٢٦٣١، عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

(٢) أخرجه البَيْهَقيُّ في «شعب»: ١١٠٢٣، عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح الجامع»: ٥٣٧٢.

# بەشی سێیەم

# ئافرەت و هاوسەرگیری

ڕێژەی جیابوونەوە لە هیچ ڕۆژگارێکدا وەک ئێستا زۆر نەبووە، هۆکار زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکی دووری خەڵکە بە گشتی، کچان و کوڕانمان بە تایبەتی لە پابەندیان بە شەریعەتی ئیسلام و ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی، کە پاکترین و چاکترین پەیامی پەروەرێنە سبحانە وتعالی بۆ تێکڕای دروستکراوان، بە تایبەت ئەوانەی (مکلف)ن بە پابەندی و دەست پێوەگرتنی.

هەوڵمداوە لەم چەند لاپەڕە تیشکێک بخەمە سەر ئەو قۆناغە هەستیارەی پێش پڕۆسەی هاوسەرگیری، وە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەکانی خۆشەویست ﷺ باسی هەندێک لەو ڕێنماییانە بکەین، چونکە سەرووی (٧٠٪)ـی جیابوونەوە و تەڵاق لەم قۆناغە هەستیارە ڕوودەدات، دەتوانم بڵێم: شەیتان لە هیچ قۆناغێکی دیکەی ژیانی مرۆڤ، هێندە هەوڵ نادات و کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست ناکات، بۆ بە لاڕێدابردن و سەر لێشێواندنی.

## نیاز و مەبەست بنچینه و بنەمای هەموو کارێکه

خوای تعالی دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ١١﴾ الزمر، واته: بڵێ: من فەرمانم پێکراوه، بەندایەتی بۆ خوا بکەم به نیاز پاکی و به دڵسۆزیەوه بۆی ملکەچ بم.

**٢٧-** «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، إِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ»[١].

واته: بێگومان (وەرگیرانی) کردەوەکان به پێی نیازەکانه، وه هەر کەسێک به پێی نیازەکەی پاداشت دەدرێتەوه، جا هەرکەس کۆچکردنی بۆ بەدەستهێنانی (دەستکەوتێکی) دونیایی بێ، یان بۆ مارەکردنی ئافرەتێک بێ، ئەوه کۆچکردنەکەی بۆ ئەوەیه که کۆچی بۆ کردوه.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٨-** «ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُعِينَهُمُ: الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَالنَّاكِحُ يُرِيدُ أَنْ يَسْتَعِفَّ، وَالْمُكَاتَبُ يُرِيدُ الْأَدَاءَ»[٢].

واته: خوا لەسەر خۆی پێویست کردوه یارمەتی سێ کەس بدات: ئەو کەسەی له پێناوی خوا تێدەکۆشێ، ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات به نیازی داوێن پاکی، ئەو کۆیلەی گرێبەستی کردوه لەگەڵ گەورەکەی بۆ ئەوەی پارەکەی بداتەوه و خۆی ئازاد بکات.

---

(١) أخرجه البخاري: ١، ومسلم: ٤٩٠٤،

(٢) أخرجه أحمد: ٩٦٢٩، والترمذي: ١٦٥٥، وقال: حسن، والنسائي: ٣١٢٠، وابن ماجه: ٢٥١٨، والحاكم: ٢٨٥٩، وقال: صحيح على شرط مسلم، وابن حبان: ٤٠٣٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، وحسنه كل من الألباني وشعيب الأرنؤوط.

## ڕوونکردنەوە:

هەموو کارێک کە بۆ دونیا بێ، یاخود بۆ دواڕۆژ، پێویستی بە نیاز و مەبەستێکی پاک هەیە، بە تایبەت پڕۆسەی هاوسەرگیری، بە هۆی ئەوەی کە پڕۆسەیەکی چارەنووس سازە و هەمیشەییە، دەبێ کچ و کوڕ لە سەرەتاوە دڵ و دەروونی خۆیان پاک بکەنەوە لە هەموو شتێکی ناپەسند، وە بە نیازی داوێن پاکی و نانەوەی نەوە و زۆربوونی ژمارەی مسوڵمانان ئەم پرۆسە ئەنجام بدەن، لە سەرووی هەموویانەوە گومانی باش بە یەکتری ببەن.

ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێوەردەگیرێ، لە پڕۆسەی هاوسەرگیری کوڕ و کچ:

**یەکەم**: پێیان وابێ لەم پڕۆسەیە خوا زۆر بەختەوەرو سەرکەوتوویان دەکات.

**دووەم**: پێیان وابێ باشترین کەس دەکەن بە هاوسەریان.

سەرچاوەی ئەو دوو گومانە باشەش، ئەوەیە کە خوا بە پێی نیازی دڵ و دەروون مامەڵە دەکات لەگەڵ مرۆڤ، وەک ﷻ فەرموویەتی: «أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي»[1]. واتە: من بە پێی گومانی بەندەکەمم بۆ من.

---

(١) أخرجه البخاري: ٧٠٩٩، ومسلم: ٢٦٧٥، وأبو يعلى: ٦٦٠١، وابن حبان ٣٧٦.

## پشت بەستن بە خوا لە هەموو کارێکدا

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٢٩-** «لَوْ أَنَّكُمْ تَتَوَكَّلُونَ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُو خِمَاصاً، وَتَرُوحُ بِطَانًا»[1].

واتە: ئەگەر بەڕاستی و تەواوی پشت بە خوا ببەستن، ڕۆزیتان دەدات، وەک چۆن ڕۆزی باڵندە دەدات، بەیانیان بە سکی برسیەوە دەچێتەدەر (لە هێلانەکەی)، ئێوارانیش بە سکی پڕ دەگەڕێتەوە.

### ڕوونکردنەوە:

پشت بەستن بە خوای پەروەردگار، پێش و دوای گرتنەبەری هۆکارەکانە، مرۆڤ بە تایبەت دوای ئەوەی هەرچی کاری دەستە تەواوی دەکات، ئینجا ڕوو لە دڵ دەکات و ڕووی دڵیش لە خوا دەکات، ئەوەی دەیەوێ داوای لێ دەکات، بۆ ئەوەی خوای تعالی ئاسانکاری بۆ بکات و یارمەتی بدات.

زۆرجار بە بیانووی ترسان لە رزق و ڕۆزی، یان هەژاریی، یان هاوتا نەبوون، یان چۆنیەتی بژێوی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ... هتد، پڕۆسەی هاوسەرگیری دوا دەخرێ، کە بێگومان ئەمە هەڵەیە و پێویستە ڕاست بکرێتەوە، لە چەندان شوێن خوا فەرموویەتی: ﴿يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ﴿٢٨﴾﴾ التوبة، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەڵێنی بژێوی ئێمە و منداڵەکانیشی داوین، فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُم مِّنْ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴿١٥١﴾﴾ الأنعام، یانی: ئەی ئەوانەی پشت

---

(١) أخرجه أحمد: ٢٠٥، والترمذي: ٢٣٤٤، وقال: حسن صحيح، والحاكم: ٧٨٩٤، قال: صحيح الإسناد.

بەستوو نین بە خوای بەخشەر، نەکەن منداڵەکانتان لە ترسی نەبوونی و هەژاری بکوژن، چونکە باش بزانن، نەک هەر خواردن و بژێوی ئەوان، بەڵکو ڕزق و بژێوی ئێوەش ئەو خوایە دابینی دەکات و دەیبەخشێ، کە ئێوە وەک ئەوەی شایستەیەتی نایناسن و نایپەرستن.

## چارەسەری خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٣٠-** «لَـمْ نَـرَ لِلْمُتَحَابَّيْـنِ مِثْـلَ النِّكَاحِ»(١).

واتە: هیچ چارەسەرێک نابینین باشتر بێ لە هاوسەرگیری بۆ دوو کەس کە یەکتریان خۆشبوێ.

### ڕوونکردنەوە:

**پەیامی یەکەم:** ڕووی دواندن لەم فەرموودەیە، دایک و باوکی ڕێزدارە! کاتێک کوڕ و کچێک بە شێوەیەکی شەرعی دڵیان دەچێ بۆ یەکتر، دەیانەوێ پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، پێویستە لەسەر دایک و باوک هەرچی لە توانایاندایە ئاسانکارییان بۆ بکەن، وەک جێبەجێکردنی ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە خۆشەویست ﷺ هەر ئەوەی بە چارەسەر داناوە، مادام کوڕ و کچەکە ئەندازەیەک هاوتا و لێک نزیکن لە ڕووی دینداری و ڕەوشت بەرزی و ڕۆشنبیری و شتە دینی و دونیاییەکان، بۆ ئەوەی هەردووکیان هاوکاری یەکتر بکەن لە بواری دینداری و دونیاداریدا.

---

(١) أخرجه ابن ماجه: ١٨٤٧، والطبراني في الكبير: ١٠٨٩٥، والحاكم: ٢٦٧٧، وقال: صحيح على شرط مسلم، والبيهقي في الكبرى: ١٣٢٣١، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح سنن ابن ماجه» ١٤٩٧.

**پەیامی دووەم**: ئەی کوڕ و کچی بەڕێز! وریابن لە شکاندنی دڵی دایک و باوکتان! کاتێک بە بیانوو و پاساوێک ڕێگر دەبن لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم پڕۆسەیەتان، چونکە ئێش و ئازار گەیاندن بە دڵیان لە گوناهە گەورەکانەو لە دوای هاوبەش دانانە!! چونکە هەر ئازارێک بۆیان، پێچەوانەی ئەو ئایەتەیە: ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الإسراء، واتە: پەروەردگارت بڕیاری داوە، کە جگە لەو نەپەرستن، وە لەگەڵ باوک و دایکیشتاندا چاکەکاری بکەنە پیشە.

ئنجا پێویستە ئەوەش بزانن کچان و کوڕانمان، دەیان کچ و کوڕی دیکە لە ژیانتاندا پەیدادەبنەوە، بەڵام هەرگیز دایک و باوکێکی دیکە دروست نابنەوەو نایەنەوە نێو ژیانتان، بۆیە دایک و باوک بە قوربانی کەس ناکرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاتێک کە باسی بەراورد و هەڵبژاردنی هەندێک بەسەر هەندێک دێتە بەر باس، هەموو کەس بە قوربانی دایک و باوک دەکرێ، بۆیە دایک و باوک دەبێ قسەیان بۆ منداڵ سەنەد بێت و جێی زۆر موناقەشە لەگەڵ کردن نەبێ، جگە لە بڕیاری هاوبەش دانان بۆ خوا و وێنەی ئەوە، ئەگەرنا گوێڕایەڵی دایک و باوک و هەوڵی ڕازی کردنیان لە بنچینەکانی ئایین و هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئیمان و لایەنی ڕووحی مسوڵمان و ڕەزامەندی پەروەردگارە.

لە کۆتایی دەڵێم: (هەر کەسێک لەبەر ڕەزامەندی خوا واز لە شتێک بهێنێ، خوا بە باشتر لەو شتەی بۆ قەرەبوو دەکاتەوە)!!

## هاندان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٣١- «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ»[1].

واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان! هەر کەس لە ئێوە توانای هەیە با ژن بێنێ.

### ڕوونکردنەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ هانی گەنجان دەدات لە کوڕان و کچانمان کە هاوسەرگیری بکەن، چونکە لەم قۆناغە ئارەزوویان زۆرە، نزیکن لەوەی بکەونە نێو گوناهان، تەنها ئەوانە نەبن کە خۆیان بە قەڵا تۆکمەکانەوە دەپارێزن، وەک: ئیمان و تەزکیە و هۆکارەکانی بە دەستهێنانیان وەک ڕۆژوو ... هتد، دیارە مەبەست لە توانا هەبوون لێرەدا، توانای ماددی و هێزی جەستە و تەواوی عەقڵ و ئامادەیی دەروونیشە.

سوودەکانی زوو ئەنجامدانی هاوسەرگیری:

١- داوێن و چاوو گشت ئەندامەکانی جەستە پارێزراو دەبن لە گوناهان.

٢- نیوەی ئایین و دینداریيەکەی تەواو دەبێ و بە دەستی دێنێ.

٣- زوو بە منداڵەکانی خۆی ڕادەگات و دەتوانێ پەروەردەیان بکات.

٤- جیاوازی کەمی تەمەن لەگەڵ منداڵ، وەک هاوەڵ مامەڵە بکەن.

٥- زوو هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، بەدەستهێنانی بژێوی حەڵاڵ.

٦- دروستبوونی خزمایەتی تازە و بەهێزبوونی پەیوەندی خزمایەتی.

---

(١) أخرجه البخاري: ١٩٠٥، عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنه.

## هاوسەرگیری نیوەی ئایین تەواو دەکات

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٣٢-** «إِذَا تَزَوَّجَ العَبْدُ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ نِصْفَ الدِّينِ، فَلْيَتَّقِ اللّه فِي النِّصْفِ البَاقِي»[١]

واتە: هەر کاتێک بەندە (کوڕ، یان کچ) هاوسەرگیری کرد، ئەوە بە دڵنیایی نیوەی دینداریيەکەی تەواو بووە، دەی با پارێز لە خوا بکات لەو نیوەی دیکەی کە ماوە.

### ڕوونکردنەوە:

هاوسەرگیری نیوەی ئایین و دینداری مسوڵمان تەواو دەکات، بەوەی کە ئەو کوڕ و کچە پارێزراو دەبن لە لاڕێ بوون و لادان، کە بەڕاستی مرۆڤ زیاتر لە دوو ڕێگەوە گومڕا دەبێ و توشی گوناهـ و تاوان دەبێت:

**یەکەم**: لە ڕێی ئارەزووەکانەوە، کە هاوسەرگیری ئەو کێشەی بۆ چارەسەر دەکات، واتە: نیوە ئایینەکەی سەلامەت دەبێ.

**دووەم**: لە ڕێی گومان دروستکردنەوە لەسەر ئایین و بیروبڕوا، کە ئەوەش تەنها بە قوڵبوونەوە و شارەزا بوون لە ئایین چارەسەر دەکرێ.

---

(١) أخرجه البَيْهَقِي في (شعب الإيمان): ٥٤٨٦، عَنْ أَنَسٍ ﷺ، انظر: (صحيح الجامع): ٤٣٠.

## بەرەکەت لە ئاسانکردنی مارەییدایە

**٣٣-** «عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مِنْ يُمْنِ الْمَرْأَةِ تَسْهِيلُ أَمْرِهَا، وَقِلَّةُ صَدَاقِهَا»[١].

واتە: عائیشە رَضِيَ اللهُ عَنْهَا دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: لە بەرەکەتداری هاوسەرگیری ئافرەت ئەوەیە کارئاسانی بکرێ لە بە شوودان و مارەییەکەشی کەم بێت.

### ڕوونکردنەوە:

پێویستە خانەوادەی کچەکە ئاسانکاری بکەن بۆ ئەو کوڕەی هاتۆتە پێش و داوای دەستی کچەکەیان دەکات، هێندە ئەرکی نەخەنە سەر ئەستۆی ئیتر بکەوێتە ژێر بارێک، دواتر بۆی قورس بێ لە ژێری ڕزگاری بێت، سەرەنجام ئەوە ببێتە یەکێک لە هۆکارەکانی کێشە و گرفت و خێر لەو پڕۆسەی هاوسەرگیرییە نەبینن.

**٣٤-** «عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: لَمَّا تَزَوَّجَ عَلِيٌّ فَاطِمَةَ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: أَعْطِهَا شَيْئًا، قَالَ: مَا عِنْدِي شَيْءٌ، قَالَ: فَأَيْنَ دِرْعُكَ الْحُطَمِيَّةُ»[٢].

واتە: ئیبنو عەبباس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا دەڵێ: کاتێک عەلی فاطیمەی رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا مارە کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: شتێکی پێ بدە (وەک مارەیی)، گوتی: هیچم نییە، فەرمووی: ئەی قەڵغانە حوطەمییەکەت لە کوێیە؟ (لە شوێنی دیکە هاتوە: وتی: لەلامە، فەرمووی: پێی بدە).

---

(١) أخرجه ابن حبان: ٤٠٩٥، وَحَسَّنَهُ كُلّ مِنَ الألباني وشعيب الأرنؤوط.

(٢) أخرجه ابن حبان: ٦٩٤٥، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

## ڕوونکردنەوە:

زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن: باوکی کچ بۆی نییە پارەی کچەکە بخوات.

خوا فەرموویەتی: ﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗ ﴿٤﴾ ﴾ النساء، واتە: مارەیی ئافرەتان مافێکی ڕەوای خۆیانە، لەسەر مێردیان پێویستە پێیان بدەن.

لە ڕۆژگاری ئێستادا، پێویستە خوشک و کچە ڕێزدارەکانمان، ورد و ژیرانە سەرنجی حاڵی گەنجان بدەن و ئەرکی سەرشانیان بە شێوەیەک قورس نەکەن بیانڕەوێننەوە لەم پڕۆسە موبارەکە، چونکە خۆشەویستی خوا ﷺ ئەوەتا بەرەکەتداری و ئاسوودەیی و بەختەوەری پڕۆسەکەی بەستاوەتەوە بە کەمی مارەیی و ئاسانکاری لەم کارە پیرۆزەدا، ئەوەی فەرموویەتی کردوویەتی، وەک لە بە شوودانی خاتوو فاتیمە بە عەلی رضي الله عنهما دەبینرێ.

بە داخەوە! هەندێک لە خانەوادە و خوشک وا دەزانن زۆر کردنی مارەیی کەلەپچەکردنی پیاوە، بێئاگا لەوەی دروستکردنی گومانی خراپ بە پیاوە هەر لە سەرەتای پڕۆسەکە، زیان لە پڕۆسەکە دەدات، کە ئێمە پێشتر باسمان کرد، ئەم پڕۆسە نیازپاکی و گومانی باشی پێویستە، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

## سەیرکردنی ئافرەت لە کاتی داخوازی

**٣٥-** عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَأَتَاهُ رَجُلٌ، فَأَخْبَرَهُ أَنَّهُ تَزَوَّجَ امْرَأَةً مِنَ الأَنْصَارِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: «أَنَظَرْتَ إِلَيْهَا»؟ قَالَ: لاَ، قَالَ: «فَاذْهَبْ، فَانْظُرْ إِلَيْهَا، فَإِنَّ فِي أَعْيُنِ الأَنْصَارِ شَيْئاً»[١].

واتە: ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێ: لە لای پێغەمبەر ﷺ بووم، پیاوێک هاتە لای، هەواڵی پێدا کە ئافرەتێکی ئەنصاری خواستوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا سەیرت کردوە؟ گوتی: نەخێر، فەرمووی: بڕۆ، سەیری بکە، چونکە لە چاوی ئەنصارییەکان شتێک هەیە!

### ڕوونکردنەوە:

لە بنچینەدا ڕوانینی کوڕان و کچان بۆ یەکتر بە دەقی ئایەتی قوڕئان قەدەغە کراوە[٢]، چونکە ئەم کارە سەردەکێشێ بۆ زۆر گوناهی دیکەی قێزەون، بۆ هەردوو ڕەگەز بێ جیاوازی، چونکە ئایەتەکە هەردووکیان دەدوێنێ و ئاگاداریان دەکاتەوە، جا لە کاتی داخوازی کردن پێویستە پیاو باش سەرنجی کچەکە بدات، کچەکەش بە شێوەی ڕاستەقینە خۆی پێیشان بدات، بێ ئەوەی دەستکاری خۆی بکات و جوانکاری ئەنجام بدات، دوای ماوەیەک جوانییەکەی نەمێنێ، ئنجا بە هۆیەوە تووشی کێشە بن.

---

(١) أخرجه البخاري: ٤٨٤٨. (قِال النووي ﵀ قيلَ: الْمُرَاد صِغر، وَقِيلَ زُرْقَة) انظر: المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الثانية: ١٣٩٢. ج١٠، ص٢١٠.

(٢) ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ﴿٣١﴾﴾ النور.

بە کورتی: یەکێک لە هۆکارەکانی زوو دڵ ساردبوونەوەی ژن و مێرد لە بەرانبەر یەکتر، بریتیە لە چاو نەگرتنەوە لەو هەموو ڕوانینە حەڕامکراوە، کە هەموو، یان زۆربەی وێنەی دەستکاری کراون لە پشتی کامێڕای تەلەفزیۆن و شاشەکان، ئیتر پاش خووگرتن بە گوناهی نەزەر کردن و ڕوانینی حەڕام، وردە وردە ژن و مێرد بەهۆی ئەوەی زیاتر چاویان لەسەر ژن و پیاوی دیکەیە، یەکتریان لەبەر چاو ناشیرین دەبێ، ئەو ژیانەی کە دروستیان کردوە لە جیاتی بەختەوەری و ئاسوودەیی، دەیکەن بە دۆزەخی سەر زەوی، تکایە ئەی ژن و مێردەکان با واز لە ڕوانینی حەڕام بهێنین، هەموو نەزەرەکانمان بۆ حەڵاڵکراوەکانی خۆمان بێ.

## لە حیکمەتەکانی سەرپەرشتیکردنی ئافرەت بۆ بە شوودان

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٣٦**- «لاَ نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ، وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ»(١).

واتە: مارەیی دروست نییە بەبێ سەرپەشتیاری (کچەکە) و دوو شاهێدی دادگەر.

### ڕوونکردنەوە:

سەرنج بدەن! لە ئایینی ئێمەدا کچ گەمە و یاری دەستی پیاوان نییە، بە شێوەیەک بە ئاسانی دەستیان پێ بگات، وە بە ئاسانیش وازی لێ بهێنن هەرکاتێک ویستیان، وەک دەبینین لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە زۆر حاڵەتدا، لە دوای ماوەیەک بەیەکەوە بوونی پیاو و ئافرەت بەبێ هاوسەرگیری، وە هەندێک جار پەیدابوونی منداڵ لەنێوانیاندا بە حەڕامی، لە دوای

(١) أخرجه ابن حبان: ٤٠٧٥، عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

ئەمەش پیاو کەی ویستی زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری ئافرەتەکە دەبێ! جاری وا هەیە لە پاش چەندین ساڵ!

بەڵام لە ئایین و شەریعەتی ئێمە، گەیشتن بە کچ و حەڵاڵ کردنی بۆ خۆت وا ئاسان نییە، دەبێ ئامادەیی باشت بۆی هەبێ، سەرەتا دەبێ بەوپەڕی ڕێزەوە چەند کەسێکی ڕیش سپی لەگەڵ خۆت ببەی بۆ لای خانەوادەکەی، بۆ داواکردنی ئەو کچە، ئنجا ماوەیەک چاوەڕێ بکەی تا وەڵام وەردەگری و پرسیارت لەبارەوە دەکرێ، لە پاش ڕازی بوون وەک سوپاسگوزارییەک دەستی باوکی ماچ دەکەی، مارەییەکی گونجاوی پێدەدەی وەک ڕێزێک بۆ کچەکە ، ڕێ و شوێنی گونجاوی بۆ دەستەبەر دەکەی، مسوڵمانان بانگهێشت دەکەی و لەسەرت دەبن بە شاهێد، ئینجا ئەو کچە دەبێ بە حەڵاڵی تۆ!

سەرنج بدەن: جیاوازی ئەم دوو وێنەیە چەند زۆرە؟!

## چ کوڕێک شایستەیە مێردی پێ بکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٣٧-** «إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِـي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ»[١].

واتە: ئەگەر کەسێک هات بۆ لاتان داوای کچەکەتانی کرد، (ئێوەش) لە دینداری و ڕەوشتی ڕازی بوون، لێی مارە بکەن (پێی بدەن)، ئەگەر ئەم کارە نەکەن ئەوە ئاشووب (فیتنە) لە زەوی بڵاودەبێتەوە و خراپەیەکی زۆر دێتە کایەوە.

---

(١) أخرجه التِّرمِذي: ١٠٨٥، عَنْ أَبِي حَاتِمٍ الْمُزَنِيِّ ﵁، قَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ.

## ڕوونکردنەوە:

لە گێڕانەوەی دیکەدا هاتوە، کە هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەگەر تێیدا بوو، (واتە: دیندار و خاوەن ڕەوشتی بەرز بوو)، فەرمووی: هەر کاتێک کەسێک هاتە لاتان داوای کچەکەتانی کرد، ئەگەر لە دینداری و ڕەوشتەکەی ڕازی بوون، ئەوە کچەکەتانی پێبدەن، سێ جاران ئەمەی دووبارە کردەوە.

زانایان و شەرعزانان لە ڕوونکردنەوەیان بۆ ئەم فەرموودەیە دەڵێن: تا ڕاددەیەک هاوئاست و هاوتابوون لە نێوان کوڕ و کچی پێویستە هەبێ، لە بوارەکانی دینداریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە.

هاوار بە حاڵی ئەو دایک و باوکانەی بە ڕۆژی ڕووناک سەرپێچی فەرمانێکی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن، کە سێ جاران دووبارەی کردۆتەوە، وە هەواڵی ئاشووبێکی گەورەی داوە لەسەر زەوی لە ئەنجام نەدانی! ئەدی خوا نافەرموێ: ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ النور، واتە: جا با ئەوانەی سەرپێچی (لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ) دەکەن، بترسن و وریابن کە بەڵایەکیان (لە دونیادا) تووش بێ، یان سزایەکی بە ئێش (لە ڕۆژی دواییدا)!!

بە ئەندازەی قورس کردن و بەربەست دانان بۆ هاوسەرگیری گەنجان، ڕێژەی تاوان و ئاشووب و خراپەکاری زیاد دەکات.

خوشکی ڕێزدار، ئەو کەسە هەڵبژێرە وەک هاوسەر و هاودەمی ژیانت کە دیندارە و ڕەوشتی بەرزە، هەم لە دونیا بەختەوەریت مسۆگەرە، هەم لە دواڕۆژدا سەرفرازیت دەستەبەرە بە پشتیوانی خوا.

## نابێ بەزۆر (تۆبزی) کچ بە شوو بدرێ

٣٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، أَنَّ جَارِيَةً بِكْـرًا أَتَتِ النَّبِيَّ ﷺ فَذَكَرَتْ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ كَارِهَةٌ، فَخَيَّرَهَا النَّبِيّ ﷺ»[1].

واتە: ئیبنو عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە، کچێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ باسی کرد کە باوکی بە شووی داوە، ئەویش پێی ناخۆشە (هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسە بکات کە باوکی پێیداوە)، پێغەمبەر ﷺ سەرپشکی کرد (دەتەوێ بەردەوام بە، ناتەوێ هەڵیدەوەشێنینەوە).

### ڕوونکردنەوە:

پێویستە کچان و خوشکانمان ئەوە بزانن شەریعەتی ئیسلام ئەوپەڕی دادگەری بەکارهێناوە لە دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان، وەک لە پێشەکی ئەم پەرتوکە ئاماژەیەکمان پێداوە، کە ستەمدیدەترین چینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئافرەت بوون، کەواتە: لە نێو کۆمەڵگەی مسوڵمانیش کاتێک باوکێک، یان برا، یان خاڵ، یان مام، ... هتد، ستەم لە ئافرەت دەکەن و مافی دەخۆن، ئەمە پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە، بەڵکو ئەمە هەڵسوکەوتی هەڵە و ناشایستە و ناشەرعی کەسەکانە، ئەوەی لەم فەرموودەش هاتوە، کە ئەم هاوەڵە بەڕێزە دەفەرموێ: باوکی مافی خواردوە، پێغەمبەر ﷺ بۆی گێڕاوەتەوە، ئەمە دڵۆپێکە لە دەریای چاکە و منەتی ئیسلام بەسەر مرۆڤایەتی بە گشتیی و ئافرەتان بە تایبەتی.

تەنها لە ئیسلامدا ئافرەت وەک هاوشانی پیاو مامەڵەی لەگەڵ کراوە و تەواوی مافەکانی خۆی پێدراوە، ئەمە ئەوە نیعمەتەیە کە نەک هەر ئافرەتان، بەڵکو پیاوانیش دەبێ سوجدەی سوپاسگوزاری بۆ ببەن، چونکە دواجار ئافرەت بۆ پیاویش دایکە، خوشکە، هاوسەرە، کچە.

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ٢٠٩٦، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري.

## پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستە ئاشکرا بکرێ



پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٣٩-** «أَعْلِنُوا النِّكَاحَ»[١].

واتە: هاوسەرگیری ئاشکرا بکەن.

### ڕوونکردنەوە:

خوای کاربەجێ هاندەری هەموو کردەوەیەکی باشە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک (منظم)، بەڵکو فەرمانی پێکردوە، جا یەکێک لەوانە پرۆسەی هاوسەرگیری شەرعییە، کە زۆر جوان و باش ڕێکیخستوە، کە پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا، بەبەرچاو و ئاگاداری خەڵکەوە ئەنجام بدرێ وەک سەربەرزییەک بۆ هەردوو بنەماڵە، وە بۆ دووربوونی کوڕ و کچ لە هەر گومانێکی بەدو خراپ، جا ڕاگەیاندنەکەش بەو شێوەیە:

**١-** بانگهێشتکردنی خەڵک بۆ نان خواردن بەم بۆنەوە (الوليمة).

**٢-** باسکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بۆ دەوروبەر و خزم و دۆستان.

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٦١٧٥، وابن حبان: ٤٠٦٦، والحَاكِمُ: ٢٧٤٨، عَنْ عَامِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وقال الحاكم: صحيح الإسناد، ووافقه الذهبي، وقال محقق المستدرك د. محمد كامل: إسناده حسن.

## پەیامێک بۆ خوشکانێکی تایبەت

لێرەدا ڕووی قسەکانمان دەکەینە ئەم خوشکانەی تا ئێستا قسمەتیان هەڵنەستاوە و کاتی هاوسەرگیریی کردنیان نەهاتوە، با هەستی خۆ پێکەم بوون لە ناخیان بەدەربنێن، وە ڕازی بن بە ئەندازە و قەدەری دیاریکراوی خوای دادگەر و کاربەجێ، دڵنیابن هەر ئەوە چاک و خێرە بۆ ئەوان کە خوا بۆی دیاری کردوون، خۆ ئەگەر وەک ڤیدیۆیەکی دۆکیومێنتاری ئێستا و داهاتوومان نیشاندرابا، پاشان هەڵبژاردنی قەدەر بدرایە دەستی خۆمان، بێگومان هەر ئەوەمان هەڵدەبژارد کە خوا بۆی هەڵبژاردووین، هەر ئەوەمان بەباشترین ژیان دەزانی بۆ خۆمان، بێگومان بوونی خانەوادە و خێزان نیعمەتێکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان نەچێ ئێمە لێرە میوانین، میوانێکی زۆر کاتی، خۆ ئەگەر بێبەشیش بووین لەو نیعمەتە، مانای کۆتایی ژیان نییە، ئێمە بۆ مەبەستی زۆر گەورەتر دروستکراوین، کە پەرستنی پەروەردگار و ئەنجامدانی کردەوەی باش و بڵاوکردنەوەی دادگەری و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، ئەگەر بە ئەرکی خۆمان هەڵساین پاداشتی زۆر گەورەتر و ناوازەتر چاوەڕێمانە.

## پۆشتەیی ئافرەتان (حیجاب)

بێگومان پۆشتەیی و داپۆشینی عەورەت لەسەر پیاوان و ئافرەتان فەرز کراوە، دەربارەی ئافرەتان بە دەقی ئایەت فەرز کراوە و گومانی تێدانییە، هەروەک خوا سبحانه وتعالی لە سوورەتی (الأحزاب)دا دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ٥٩﴾، واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: بە هاوسەرانت و بە کچانت و بە ئافرەتانی بڕواداران با باڵاپۆشەکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا (خۆیان و جوانیانی پێ داپۆشن).

دیارە عەورەت: ئەو شوێنەیە لە لاشەی مرۆڤ، کە دروست نییە دەربکەوێ، جا ئەمەش وەک هەر بابەتێکی دیکە کە شایستەی ڕاجیاییە، ڕاجیاییەکی لەسەرە، کە بێگومان ڕاجیایی زانایانیش بێ حیکمەت و لە هەواو ئارەزووەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پشت بەستنیانە بەو بەڵگانەی لە ژێر دەستیانە، یان تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ بەڵگەکان، لە کاتی تەواو دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی بەڵگەکان، دوای فەرموودەی ژمارە (٤٠) باسێکی ئەم بابەتە دەکەین.

٤٠- عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ رضي الله عنهما، دَخَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَعَلَيْهَا ثِيَابٌ رِقَاقٌ، فَأَعْرَضَ عَنْهَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَقَالَ لَهَا: «يَا أَسْمَاءُ! إِنَّ الْمَرْأَةَ إِذَا بَلَغَتِ الْمَحِيضَ، لَمْ يَصْلُحْ أَنْ يُرَى مِنْهَا إِلَّا هَذَا»، وَأَشَارَ إِلَى وَجْهِهِ وَكَفَّيْهِ[١].

---

(١) أخرجه أبو داود: ٤١٠٤، والبيهقي في شعب الإيمان: ٧٤٠٩، وَصَحَّحَهُ الألباني في "صَحِيح الْجَامِع": ٧٨٤٧، وقال شعيب الأرنؤوط: حسن لغيره.

واتە: عائیشە دەڵێ: ئەسمائی کچی ئەبو بەکر رضي الله عنهم، هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، پۆشاکێکی تەنکی لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی لێ وەرگێڕا و پێی فەرموو: «ئەی ئەسـماء! ئافرەت دوای ئەوەی باڵغ دەبێ، ناگونجێ هیچ شوێنێکی لاشەی ببینرێ جگە لەوە»، ئاماژەی کرد بۆ ڕووخسار و هەردوو لەپی دەستی.

## ڕوونکردنەوە:

(إبن عطية) ئەم دەقە لە دایکمان عائیشەوە رضي الله عنها دێنێ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ إِذَا عَرَكَتْ، أَنْ تُظْهِرَ إِلَّا وَجْهَهَا وَيَدَيْهَا، إِلَى هَا هُنَا وَقَبَضَ عَلَى نِصْفِ الذِّرَاعِ)[١]. واتە: هەر ئافرەتێک کە بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، کاتێک کە باڵغ دەبێ، نابێت جگە لە ڕووخساری و دەستەکانیشی تاکو ئێرە بە دەرەوە بێ، نیوەی باسکی گرت.

جا (القرطبي)یش دوای ئەوەی ئەو قسەیەی (إبن عطية) دێنێ، دەڵێ: (قُلْتُ: هَذَا قَوْلٌ حَسَنٌ، إِلَّا أَنَّهُ لَمَّا كَانَ الْغَالِبُ مِنَ الْوَجْهِ وَالْكَفَّيْنِ ظُهُورُهُمَا عَادَةً وَعِبَادَةً، وَذَلِكَ فِي الصَّلَاةِ وَالْحَجِّ، فَيَصْلُحُ أَنْ يَكُونَ الِاسْتِثْنَاءُ رَاجِعًا إِلَيْهِمَا)[٢]. واتە: دەڵێ: ئەوە قسەیەکی جوانە، بەڵام چونکە بەزۆری وایە ڕووخسار و هەردوو دەستەکان دەردەکەون، هەم بە عادەت و هەم لە حاڵەتی عیبادەتدا، لە نوێژ و لە حەجیشدا، (ئافرەت فەڕزە لە حەجدا ڕووخسار و دەستەکانی دیار بێ، لە نوێژیشدا بە هەمان شێوە)، بۆیە هەڵاواردنەکە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەردووکیان، (واتە: بۆ ڕووخسار و دەستەکانی).

---

(١) جامع البيان: ٢٥٩٢٢.

(٢) الجامع لأحكام القرآن: ج١٢، ص٢٢٩.

## مەرجەکانی (باڵاپۆش) حیجاب[١]

١- سەرتاپای لاشەی ئافرەت داپۆشێ، جگە لە ڕووخسار و هەردوو دەستی تا مەچەکەکانی.

٢- نابێ پۆشاکەکە زۆر باق و بریق و ڕازاوە و سەرنجڕاکێش بێ.

٣- نابێ هێندە تەنک بێت، پێستی تێدا دیار بێت.

٤- نابێ تەسک و تریسک بێ، وەسفی ئەندامەکانی بکات، شێوە و قەبارەیان دەربخات.

٥- نابێ بە هی پیاوان بچێت، چ جای هەر هی ئەوان بێت!

٦- نابێ بە هی ئافرەتانی بێباوەڕ بچێ، واتە: پۆشاکێک کە مانایەکی ئایینی دەبەخشێ و تایبەتمەندی کۆمەڵێکی نامسوڵمانە.

٧- نابێ پۆشاکێکی وا بێت کە شۆرەتی پێدەر بکات، جا چ بە باری چاکی و گران نرخیدا بێت، چ بەباری خراپی و هەرزان قیمەتیدا، مەگەر لەبەر ناچاری و نەداری.

---

(١) ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا، ل٣٠٢.

## تکایە مەبنە ڕێخۆشکەری بڵاوبوونەوەی ئاشووب!

خوشکی بەڕێزم! وەک پێشتر باسکرا بێگومان پاراستنی چاو لە ڕوانینی حەڕام فەڕزە لەسەر پیاوان و ئافرەتان، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەگەر خوشکانمان بەو شێوەیەی ئیسلام لەسەری فەڕزکردوون خۆیان داپۆشن، دەبنە ڕێگرییەکی گەورە لە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئاشووب و فەساد، ئەو پۆشاکە پۆشتەیەی تۆ دەیپۆشی لە زانکۆ و قۆتابخانە و شوێنی کارکردنت، بریتیە لە ناسنامە و شووناسی یەکەمی تۆ، بەبێ دەنگی و بە ڕەوشتە بەرزەکەت بانگەشە دەکەیت بۆ بەرزڕاگرتنی دینی خوا لەسەر زەوی.

بە پێچەوانەشەوە! هەر جۆرە کەمتەرخەمییەک لە پۆشاکەکەت، کە ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی پیاوان بۆت بڕوانن و سەرنجیان بۆ لای خۆت ڕابکێشی، تۆ دەبیتە بانگەشەکارێکی بێ دەنگ بۆ بڵاوبوونەوەی ئاشووب و فیتنە لەسەر زەوی، وە بێگومان لە ڕوانینی حەڕامی هەموو پیاوێک بۆت، پشک و بەشی خۆت هەیە لە گوناه و تاوان!!

# بەشی چوارەم

# ئافرەت و ژیانی خێزانی وماڵداری

لەم بەشەدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر چەند بابەتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی خێزانداری، وە کۆمەڵێک حەقیقەتی پێویست بیری کچان و خوشکانمان بهێنینەوە، کە هەمووی لە پێناو بەرەو باشتر هەنگاونانی ماڵ و خێزانەکانمانە، سەرەنجام باشتربوونی خێزان بنچینەی باشتربوونی کۆمەڵگایەکی تەندروستە.

## پیاوان و ئافرەتان بنەمای مرۆڤایەتین

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٤١-** «النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ»[١].

واتە: ئافرەتان هاوتای پیاوانن.

### ڕوونکردنەوە:

جگە لە چەند بابەتێک، کە شەرع یەکلای کردۆتەوە و نوقتەی لەسەر پیت داناوە، وەک دوو هێندەیی میرات وەرگرتنی پیاو لە بەرانبەر ئافرەت، ئەویش تەنها لە هەندێک حاڵەتدا، کە لە نۆ حاڵەتدا ئافرەت میراتی زیاتر وەردەگرێ لە پیاو.

هەروەها دوو شایەدی دانی ئافرەت بەرانبەر بە پیاوێک لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا، هەروەها هەر شتێکی دیکەی وێنەی ئەوانە، ئەگەرنا لە ئیسلامدا ژن و پیاو وەک یەک ئەرک و مافیان هەیە و هاوشانن بە

---

(١) أخرجه أحمد: ٥٨٦٩، عَنْ أم سليم بنت ملحان، والترمذي: ١٠٥، وهو حديث حسن صحيح. وقال ابن باز رحمه اللّٰه تَعَالى هذا حديث صحيح، والمعنى واللّٰه أعلم أنهن مثيلات الرّجال إلاّ ما استثناه الشارع، كالإرث والشهادة وغيرهما مما جاءت به الأدلة، وقال شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسنن الترمذي: حسن لغيره.

پێی ئەو ماف و ئەرکانەی خوا بۆی داناون، بەڵام بێگومان بە ڕەچاوکردنی حاڵەتی پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی و فیکری، وەک: کۆی پەرستشەکان و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و کار و پیشە و ... هتد.

کەواتە: زۆرجار ئەو جیاوازییە زۆرەی کە ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکان و جادووگەرئاساکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها خۆڵکردنە چاوی خەڵکە بە گشتی، وە کچان و خوشکان و دایکانی سەنگینمانە بە تایبەتی، ئومێدەوام ئەم نووسراوە بەرچاو ڕوونییەکی باش بێت بۆ هەموو لایەک.

## ژن و مێرد نابێ بیانوو بگرن بە یەکتر

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٤٢-** «لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ»[١].

واتە: با هیچ پیاوێکی بڕوادار هیچ ئافرەتێکی بڕوادار نەبوغزێنێ، ئەگەر ڕقی لە سیفەتێکی خراپی بوو، ئەوە سیفەتێکی دیکەی باشی هەیە کە لێی ڕازییە.

### ڕوونکردنەوە:

لەبەر ئەوەی جگە لە پێغەمبەران عليهم السلام هیچ کەس پارێزراو نییە لە هەڵە و ناتەواوی، بۆیە باشترین بنچینەی مامەڵە کردن بۆ هەموو کەسێک بە گشتی و بۆ ژن و مێرد بە تایبەتی بریتیە لەوەی:

---

(١) أخرجه أحمد: ٨٣٤٥، ومسلم: ١٤٦٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

((لەگەڵ هەر کەسێک مامەڵە دەکەن، چاوەڕێی هەڵەی لێ بکەن))!

بە تایبەت ژن و مێرد کە ژیان و چارەنووسیان بەیەکەوە پەیوەستە، تا بۆیان دەکرێ دەبێ پاساو بۆ یەکتر بێننەوە لە کاتی کەمتەرخەمی، یان وەک پێویست بە تەنگ یەکترەوە نەبوون، باشترین ژن و مێرد ئەوانەن پاساو بۆ یەکتر دێننەوە، گیانی لێبوردنیان لە لێبوردەیی خواوە وەرگرتوە و بەرجەستەی دەکەن، ئا ئەو خێزان و خانەوادانە زۆر تایبەت و بەختەوەر و ئاسوودەن لە دونیا، وە ڕووسپی و سەرفرازن لە قیامەت.

بە کورتی: با پیاو ژنەکەی لەبەر سیفەتە باشەکانی خۆشی بوێ و چاوپۆشیش لە سیفەتە خراپەکانی بکات، دیارە لە بەرانبەریشدا دیسان ئافرەتی ئیمانداریش نابێ پیاوی ئیماندار ببوغزێنێ، واتە: ژن و پیاو نابێ یەکتری ببوغزێنن، لەبەر چەند سیفەتێک کە تێیاندا هەیە و بە دڵیان نییە.

بەڕێزان! ژیانی خێزانی بەختەوەر بەو مانایە نییە کە دوو هاوسەرەکە هیچ کێشەیەکیان نەبێ، وە تێبینیان لەسەر یەکتر نەبێ، بە شێوەیەک سەد لە سەد یەکتریان بەدڵ بێ، کە بێگومان ئەمە خەیاڵییە و لەسەر زەوی بەرجەستە نابێ، بەڵکو بۆ ژیانێکی بەختەوەر زۆر پێویستمان بە لێبوردەیی و چاوپۆشی و یەکتر قبوڵ کردن هەیە، ڕێز لە سیفەتە جوانەکانی یەکتر بگرین، هەوڵ بدەین سیفەت و هەڵسوکەوتە هەڵەکان بە حیکمەتەوە بۆ یەکتر ڕاست بکەینەوە.

## ژن و مێرد دەبێ سەیری خوارووی خۆیان بکەن لە بواری دونیاداری

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٤٣-** «لَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، وَانْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلُ مِنْكُمْ، فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ الله»[1].

واتە: سەیری ئەو کەسە مەکەن کە لە سەرووی ئێوەوەیە، (بەڵکو) سەیری ئەو کەسە بکەن لە خوارووی خۆتانەوەیە، چونکە ئەوە نزیکترە کە نیعمەتی خوا ڕەتنەکەنەوە (دڵنیایی زیاترت پێدەدات و قەناعەتت بۆ دروست دەکات).

### ڕوونکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا خۆشەویستمان ﷺ ڕێنماییمان دەکات بۆ باشترین سیفەت، کە لە ڕۆژگاری ئێستادا کەم کەس خاوەنین، ئەویش سیفەتی قەناعەتە، ئەوانەی خاوەنی ئەم سیفەتەن، هەمیشە هەست بە گەورەیی نیعمەت و چاکەکانی خوا دەکەن بەسەر خۆیانەوە، هەر کاتێک شەیتان، یان نوێنەرانی شەیتان دەیانەوێ فریویان بدەن، ڕاستەوخۆ نیعمەتە لە ژمار نەهاتووەکانی خوا بەسەر خۆیانەوە دەبینن، بیر لە کەسانی خوار خۆیان دەکەنەوە، هەمیشە وا بیر دەکەنەوە ئەوەی خوا بۆ ئەوانی هەڵبژاردوە و پێی بەخشیون، زۆر باشترە لەوەی خۆیان ئارەزووی دەکەن. بە تایبەت خوشکان و دایکانمان نابێ هێندە فشار بخەنە سەر پیاوان، بارێکیان بخەنە ئەستۆ کە بۆیان لە ئەستۆ نەگیرێ، دواجار ناچار بە

---

(١) أخرجه أحمد: ٧٤٤٢، ومسلم: ٢٩٦٣، واللَّفْظ لإبن حبان: ٧١٣، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

لادان و گوناھ و تاوان بن بۆ هێنانەدی داواکاری ژنەکانیان، بەوەی بێن چاو لە خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی، یان پیاوەکەی بکات و ژیانی خۆی بەراورد بکات بە هی وان.

## به ئەندازەی پێویست گرنگیدان به ژیانی دونیا

٤٤- عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: خَطَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خُطْبَةً مَا سَمِعْتُ مِثْلَهَا قَطُّ، وَقَالَ: «لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ، لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً»، فَغَطَّى أَصْحَابُهُ وُجُوهَهُمْ لَهُمْ حَنِينٌ(١).

واتە: ئەنەس ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ وتارێکیدا، هەرگیز گوێم لە وتاری وا نەبووە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە وتارەکەیدا فەرمووی: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن، کەم پێدەکەنن و زۆر دەگریێن، هاوەڵانی ڕووخساری خۆیان داپۆشی (شتێکیان بەسەر سەری خۆیاندادا و سەریان نزم کردەوە)، هەنسکیان دەهات و بە کوڵ دەگریان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٤٥- «لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، مَا سَقَى كَافِراً مِنْهَا شَـرْبَةَ مَاءٍ»(٢).

واتە: ئەگەر دونیا بە ئەندازەی باڵی مێشوولەیەک (نرخی) هەبووایە لە لای خوا، ئەوە یەک فڕە ئاوی بە کافرێک نەدەدا.

---

(١) أخرجه أحمد: ١٢٥٩١، والبخاري: ٤٣٤٥، ومسلم: ٤٢٦، والترمذي: ٢٣١٢، وابن حبان: ٥٧٩٢.

(٢) أخرجه الترمذي: ٢٣٢٠، والبيهقي في شعب الإيمان: ١٠٤٦٥، عن سهل ﵁، وَصَحَّحَهُ الألباني.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٤٦-** «يَهْرَمُ ابْنُ آدَمَ وَتَشِبُّ فِيهِ اثْنَتَانِ: الْحِرْصُ عَلَى الْمَالِ، وَالْحِرْصُ عَلَى الْعُمُرِ»(١).

واتە: ئادەمیزاد پیر دەبێ و دوو شت بەهێزتر و گەنجتر دەبنەوە تیایدا: سووربوون لەسەر ماڵ و سامان، وە ئاوات خواستن لەسەر تەمەن درێژی و ژیان.

### ڕوونکردنەوە:

بێگومان مەبەستی ئەوە نییە کە مسوڵمان نابێ هیچ گرنگیەک بە ژیانی دونیا بدات، بەڵکو نابێ بکرێتە ئامانجی سەرەکی، بە شێوەیەک دونیا وا سەرقاڵمان بکات هۆکاری سەرەکی دروستبوونمان لەبیر بباتەوە.

## خراپترین ژن و مێرد کامانەن؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٤٧-** «إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ الرَّجُلُ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ، وَتُفْضِي إِلَيهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا»(٢).

واتە: بێگومان خراپترین کەس لای خوا لە ڕۆژی دوایی پیاوێکە بۆ سەرجێی چۆتە لای ژنەکەی، وە ژنێکە بۆ سەرجێی چۆتە لای مێردەکەی، پاشان دێ بۆ خەڵکی باس دەکات و بڵاوی دەکاتەوە (کە ئاوا و ئاوای لەگەڵ هاوسەرەکەی کردوە).

---

(١) أخرجه مسلم: ٢٤٥٩، والترمذي: ٢٤٥٥، وابن ماجه: ٤٢٣٤، وابن حبان: ٣٢٢٩، عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه.

(٢) أخرجه مسلم: ١٤٣٧، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه.

## ڕوونکردنەوە:

ژن و مێرد خاوەنی گەورەترین نهێنی یەکترن، بۆیە خوای پەروەردگار سزای زۆر توندی داناوە بۆ ئەو ژن و پیاوانەی نهێنی یەکتر ئاشکرا دەکەن و لای خەڵک باسی دەکەن، بە داخەوە زۆر جار دەبیسترێ ئافرەتان باسی نهێنی زۆر تایبەتی ژن و مێردایەتی دەکەن بۆ دەستە خوشکەکانیان، یان ورد ورد باسی شێوەی ئافرەتان دەکەن بۆ مێردەکانیان!

با دڵنیان بن لە نێو گوناهـ و تاوانێکی یەکجار گەورەدان، تەوبە نەکەن و واز نەهێنن شایستەی سزای خوای باڵادەست دەبن.

خوشکی سەنگینم! مەهێڵە دەستە خوشکەکەت باسی نهێنی تایبەتی خۆی بکات لە لات، خۆ ئەگەر لە کاتی کێشەیەکدا بە مەبەستی یارمەتی و ڕێنمایی لەلای باس کردی، بە هیچ شێوەیەک لای هاوسەرەکەت باسی مەکە، بێئاگا لەوەی زۆرجار ئەم وەسفەی تۆ بۆ ژنێکی دیکە دەیکەی کە لە ڕووی ئاکارەوە لە تۆ جوانترە، تۆ لە پێش چاوی پیاوەکەت ناشیرین دەکات، وە پێش پیاوەکە زیانی بۆ خۆت هەیە، پێویستە خوشکانمان واز لەو دیاریدە ناشیرینە بێنن، وە هەوڵ بدەن خوشکانی تریشی لێ ئاگادار بکەنەوە.

## ئەو ژنەی ڕێگرە لەسەرجێی کردن لەگەڵ مێردەکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٤٨- «إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ، فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا، لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ»[١].

واتە: هەر پیاوێک بانگی ژنەکەی بکات بۆ سەرجێی کردن (جووتبوون)، ئەویش نەچێت بۆ لای (بێ پاساوێکی شەرعی)، مێردەکەشی ئەم شەوە بە دڵتەنگی و تووڕەییەوە بخەوێ، فریشتەکان نەفرین لەو ژنە دەکەن هەتا ڕۆژ دەبێتەوە.

### ڕوونکردنەوە:

لەم فەرموودەیەدا گەورەیی مافی پیاو لەسەر ئافرەت دەردەکەوێ لە بواری سەرجێی کردن، بەڵام گەر ئافرەت نەخۆش بوو، یان لە سووڕی مانگانە بوو، یان پاساوێکی شەرعی هەبوو، یان پیاوەکە تووڕە نەبوو لە کاتی وەڵامنەدرانەوەی لە لایەن ژنەکەوە، ئەوە ئەم نەفرینەی بەرناکەوێ، حەڕامە بۆ ئافرەت سارد و سڕی بنوێنێ، وە بێ هیچ پاساوێک ئامادە نەبێ بە دەم داوای پیاوەکەیەوە بچێ، لە حاڵەتی ئاوا و دووبارە بوونەوەی، ئەگەری زۆری ئەوە دەکرێ پیاوەکە تووشی گوناه و تاوان ببێت، بێگومان ئەوکاتە ئافرەتەکە هۆکار بووە و بەشداریشە لە گوناهەکەی، خۆ ئەگەر پیاوەکە تووشی گوناهیش نەبێ، بە دڵنیایی ئەو هەڵوێستەی ئافرەتەکە کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر خۆشەویستی نێوانیان.

---

(١) أخرجه البخاري: ٤٨٩٨، ومسلم: ١٤٣٦، وابن حبان ٤١٧٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

بەڵام پێویستە پیاوان (مێردەکان)یش کات و ساتی سەرجێی بزانن، مەرج نییە هەموو کاتێک بۆ ئافرەت گونجاو بێ بۆ سەرجێی کردن، چونکە ڕۆژانە دەیان ئەرکیان لە ئەستۆیە، پێویستە ڕەچاوی هەموو حاڵەتەکانی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی و زۆری ئیش و کارەکانی ئافرەت بکات.

## باشترین ئافرەت کامەیە؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٤٩- «خَيْرُ النِّسَاءِ امْرَأَةٌ إِذَا نَظَرْتَ إِلَيْهَا سَرَّتْكَ، وَإِذَا أَمَرْتَهَا أَطَاعَتْكَ، وَإِذَا غِبْتَ عَنْهَا حَفِظَتكَ فِي نَفْسِهَا وَمَالِكَ»[١].

واتە: باشترین ئافرەت ژنێکە ئەگەر سەیرت کرد دڵخۆشت بکات، کە فەرمانت پێکرد گوێڕایەڵیت بکات، وە ئەگەر لە لای نەبووی بتپارێزێ لە نەفسی خۆی و ماڵەکەشت بپارێزێ (واتە: ئاگاداری حەیا و نامووسی خۆی بێت[٢]، وە زێدەڕۆیی نەکات لە ماڵ سەرف کردن).

### ڕوونکردنەوە:

پێناسەی باشترین ئافرەت کراوە لەم فەرموودە بە چەند سیفەتێک، کاتێک ئافرەت ئیمانێکی دامەزراوی هەیە کە خۆی بۆ خوا یەکلاکردۆتەوە لە جێبەجێ کردنی فەرزەکان، وە ئەو سیفەتانەشی تێدابن، بە باشترین ئافرەت هەژمار دەکرێ.

---

(١) أخرجه الطيالسي: ٢٣٢٥، والديلمي: ٢٩١٢، وَالبزار: ٨٥٣٧ واللَّفظُ لَهُ، عَنْ أَبِي هُرَيرَةَ ﵁، أورد هذا الحديث ابن كثير في تفسيره برقم: ١٩٦٢، وقال محققه عبدالرزاق المهدي: حديث صحيح.

(٢) شتێک نەکات کە گوناهبار بێ و سومعە و ئابڕووی خۆی و مێردەکەی لەکەدار بکات.

یەکێک لە سیفەتەکان بریتیە لە دڵخۆشکردنی پیاوەکانیان لە کاتی بینین و سەیر کردنیان، کە بێگومان ئەوەش بە چەند شتێک دەکرێ، وەک: خۆڕازاندنەوە، بەرگ و پۆشاکی جوان و پاک پۆشین، ڕووخۆشی و زەردەخەنە، ڕێزگرتن و بەدەمەوە چوون و گرنگی بە خۆدان.

زۆر بەداخەوە، بەشێک لە ئافرەتان لە ئێستادا ئەوەی خوا لەسەری فەرز کردوون بۆ مێردەکانیان بیکەن، ڕێک پێچەوانەیان کردۆتەوە!! کاتێک دەچنە دەر بۆ فەرمانگەو سەرکارەکانیان بە پێی ئەو شوێنانەی کاری تێدا دەکەن، کە پیاوانی بێگانەیان لەگەڵن، ئەوپەڕی ڕێز و ڕووخۆشی و خەندە و خۆڕازاندنەوەیان لێ بەدی دەکرێ، کەچی لە ماڵەکەی خۆیان بۆ پیاوەکانیان، بێهێز و بێ سەلیقە و سست، پۆشاکێکی نەگونجاو بێ هیچ گرنگی دانێک بە خۆڕازاندنەوە، زۆرجار سەرباری ئەوانە کەم ڕێزیشیان پێوە دەبینرێ، بە بیانووی ماندوویەتی و سەرقاڵیان بە کاروباری دەرەوە، دەی کارێک ئەگەر سەرەنجامی خانەوادە بەمە بگەیەنێ، نەبێ باشترە!!

## باشترین پیاو کامەیە؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٥٠- «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي»[١].

واتە: باشترینتان باشترینتانە بۆ خانەوادە و خێزانەکەی، وە من لە هەمووتان باشترم بۆ خانەوادە و خێزانەکەم.

---

(١) أخرجه الترمذي: ٣٨٩٥ وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، عَنْ عَائِشَةَ ﵂.

## ڕوونکردنەوە:

یەکێک لە شاعیران دەڵێ:

کاکە خوا کاری نابەجێ ناکا ... تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا

خوا کاربەجێیە، کاری نابەجێی لێ ناوەشێتەوە، کە پێغەمبەری ﷺ کردۆتە باشترین پێشەنگ و چاوساغ بۆ هەموو مرۆڤایەتی و جند، لە سەدا سەد شایستەی ئەم پلە و پێگە بەرزە بووە، لە بەڕێوەبردنی کارە تایبەتیەکانی خۆی، تا ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت و تەنانەت هەموو دونیا.

لە وەسفیدا ئەوەندە بەسە کە خێزانی ڕێزداری دایکمان عائیشە رضي الله عنها لە وەسفیدا بفەرموێ: باشترین کەس بوو بۆ خانەوادە و خێزانەکەی ﷺ!
زانایان دەڵێن: گەورەترین شایەدی لەسەر پیاو شایەدی خێزانەکەیەتی، چونکە هەرچی نهێنییە لە نێوانیاندایە، ئەوەی لە پێش چاوی خەڵک شاردراوەتەوە بۆ ژن ئاشکرایە، دەرفەتی شاردنەوەی نییە لە ژنەکەی! بۆیە ئەگەر ژن ڕاستگۆ و ئەمانەتدار بوو، شایەدییەکەی زۆر بەهێزە بەرانبەر بە پیاوەکەی.

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێ، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ باش بووە، خێزانەکانیشی ئافرەتی زۆر باش بوون، گوڵبژێری نێو مرۆڤایەتی بوون.

کەواتە: ئەی خوشکان! ئەگەر دەتانەوێ پیاوەکانتان باش بن لەگەڵتان، پێویستە ئێوەش گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی چاکسازیی و پاکسازیی لە خۆتان دەست پێ بکەن.

## کاتێک ژنێک ئازاری مێردەکەی دەدات

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٥١-** «لاَ تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا إِلاَّ قَالَتْ زَوجَتُهُ مِنَ الحُورِ العِيْـنِ: لاَ تُؤْذِيهِ قَاتَـلَكِ اللَّهُ! فَإِنَّـمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيْلٌ، أَوْشَكَ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْـنَا»[١]

واتە: هەر ژنێک مێردەکەی ئازار بدات، حەمەن ئەو ژنە حۆریەی کە لە بەهەشت بۆی دانراوە، (دوعای لێ دەکا و) دەڵێ: ئازاری مەدە ئەی خوا بتکوژێ! ئەوە تەنها لەلات میوان و سپاردەیە، زۆر نزیکە لێت جیابێتەوە و بێتەوە لای ئێمە.

### ڕوونکردنەوە:

وەک زانایان باسیان کردوە، مەبەست لێرەدا هاتنەدی دوعاکە و مردنی ئەو ئافرەتە نیە کە ئازاری پیاوەکەی دەدات، بەڵکو هاووێنەی ئەم دوعایەیە، وەک دەگوترێ: هاوار بۆ تۆ، دەستت بە خۆڵدا بچێ، یان دەستت بشکێ.

ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکانی ئاگادارکردنەوەی ئافرەتان بۆ پێدانی مافی پیاوەکانیان و ئازار نەدانیان، کە خۆشەویستمان ﷺ بەکاریهێناوە، چونکە بەشێک لە ئافرەتان وەک پێویست چاکەی پیاوەکانیان نابینن و سپڵەن بەرانبەریان، لەگەڵ بینینی خراپەیەک، چاکەکانیش هەمووی بە خراپ دەبینن و لە پێش چاویان ڕەش دەبێ.

بەداخەوە بەشێک لە پیاوانیش بەرانبەر بە خێزان و هاوسەرە بەڕێزەکانیان بەم شێوەیەن، والله المستعان!

---

(١) أخرجه الترمذي: ١٢٠٨، وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ، وابْنُ مَاجَه: ٢٠١٤، عَنْ مُعَاذ ﷺ، وحسنه شيعب الأرنؤوط عند الترمذي.

## ئافرەتان بەرپرسیارن و ئەرکیشیان قورسە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٥٢-** «الْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا»[١].

واتە: ژن بەرپرسیارە لە ماڵی مێردەکەی، وە بەرپرسیاریشە بەرانبەر ئەندامانی خێزان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٥٣-** «مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ، مِنَ النِّسَاءِ»[٢].

واتە: هیچ شتێکم لە دوای خۆم جێنەهێشتووە لە بەڵا و ئاشووب بۆ پیاوان، خراپتر بێ لە ئافرەتان(ی خراپ، یانی: زۆرجار جوانی ئافرەت هۆکاری تاقیکردنەوەی پیاوە).

### ڕوونکردنەوە:

بەهۆی ئافرەتانی خراپەوە پیاوان دین و دونیایان لە دەست دەدەن، نەک ئافرەتانی دیندار و ڕێزدار، کە زۆرجار دەبنە هۆی هیدایەتدانی پیاوەکان و بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

ئەگەر ئافرەتان باش بوون، چاوەڕوان دەکرێ تێکڕای کۆمەڵگا باش بێت، لە منداڵێکەوە تا گەنجێک، بازرگانێک، کاربەدەستێک، سەرۆکی وڵات، چونکە ئافرەت پلە هەرە باڵاکەی هەیە کە دایکایەتییە، هەموو چین و توێژەکان لە قوتابخانەی دایک دەردەچن و بەرهەمی ئەم قوتابخانەیەن.

---

(١) أخرجه البخاري: ٢٤٠٩، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما.

(٢) أخرجه البخاري: ٤٨٠٨، ومسلم: ٢٧٤٠، عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْد رضي الله عنهما.

لە لایەکی دیکە، ئەم فەرموودەیە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە خوشکان و کچانمان دەبێ زۆر وریابن، ئەگەر ئەوان دەستپێشخەر نەبن، بە ئاسانی پیاو ناتوانێ ئاشووب بنێتەوە، دەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی کە بە هەزاران ئافرەت دەبن، تەنها کەمێکیان دەستپێشخەرن لە خراپەکاری، بزانن چ ئاشووبێکیان ناوەتەوە، چەندان خوشک و کچی سادەمان بە نەزانی و لاسایی کردنەوە تووشی تاقیکردنەوەی قورس بوون، تا ڕادەی لە دەستدانی ژیان! تا ڕۆژگار تێپەڕێ، زیاتر فەرموودەکانی سەروەر ﷺ ڕووندەکەنەوە.

## باشترین نیعمەتی خوا ژنی دیندار و چاکە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٥٤-** «الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ»[(١)].

واتە: بەڕاستی دونیا هەمووی چێژ و لەزەتە، چاکترینی چێژ و لەزەتەکانی دونیا ژنێکی چاکە.

### ڕوونکردنەوە:

ئەگەر پیاو لە دونیادا ئافرەتێکی ژیر و دینداری ببێتە هاوسەر، ئەوە بەدڵنیایی خوا گەورەترین نیعمەتی بەسەردا ڕشتوە، بۆ ئافرەتیش بە هەمان شێوە، بەڵام گرنگیەکەی بۆ پیاو زیاترە، لەبەر ئەوەی زۆر بەختەوەر و ئاسوودەیە لە بەهەدەر نەدانی ماڵ و سامانی و پارێزرانی نهێنییەکانی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی و ڕێزگرتنی میوانەکانی...

---

(١) أخرجه مسلم: ٣٦٣٤، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما.

## پێگە و پاداشتی کەسی ڕەوشت بەرز لای پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

٥٥- «أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِأَحَبِّكُمْ إِلَيَّ، وَأَقْرَبِكُمْ مِنِّي مَجْلِساً يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟» فَسَكَتَ الْقَوْمُ، فَأَعَادَهَا مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثَـاً، قَالَ الْقَوْمُ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللّهِ، قَالَ: «أَحْسَنُكُمْ خُلُقَاً»(١).

واتە: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە خۆشەویسترینتان لە لای من و نیزیکترینتان لە مەجلیسی من لە ڕۆژی قیامەت؟ خەڵکەکەش بێدەنگ بوون، دووجار یان سێجار فەرموویەوە، خەڵکەکە گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: ڕەوشت جوانترینتان.

## دادپەروەری کردن لە بەخشین لە نێوان منداڵەکان

٥٦- عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنهما، قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ أَبِي بِبَعْضِ مَالِهِ، فَقَالَتْ أُمِّي عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ: لاَ أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَانْطَلَقَ أَبِي إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لِيُشْهِدَ عَلَى صَدَقَتِي، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: «أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ؟ قَالَ: لاَ، قَالَ: اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلادِكُمْ، فَرَجَعَ أَبِي، فَرَدَّ تِلْكَ الصَّدَقَةَ»(٢).

---

(١) أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٢٧٢، وَحَسَّنَهُ محققه في «السلسلة الصحيحة»: (٧٩٦).

(٢) متفق عليه، واللَّفْظُ لِمسلم: ١٦٢٣.

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر ﵄ دەڵێ: باوکم هەندێک لەماڵەکەی بە دیاری پێدام، دایکیشم کە عەمرەی کچی ڕەواحەیە، گوتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ شایەد نەبێ لەسەری، بابیشم چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی شایەد بێ لەسەر ئەو ماڵەی بە منی داوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا ئەو کارەت بۆ هەموو منداڵەکانت کردوە؟ گوتی: نەخێر، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: پارێز لە خوا بکەن لە نێوان منداڵەکانتان دادگەربن، دوای ئەوە باوکم گەڕایەوە و دیارییەکەی لێ وەرگرتەوە.

## ڕوونکردنەوە:

دایکی بەڕێز! ئەم فەرموودە پێویستە زۆر جێی بایەخ و گرنگی پێدانت بێ، بەهۆی ئەوەی تۆ زیاتر لە پیاوەکەت دیدار و بەریەککەوتنت هەیە لەگەڵ منداڵەکانتدا، وە پێویستە ئاگادار بیت کە منداڵ زۆر هەستیارە، با ترسی خوا بتگەیەنێ بە تەرازووی دادگەری لە بەخشین و گرنگی پێدان و هەست و سۆز و خۆشەویستی دەربڕین، خواردن و خواردنەوە پێدان و دەبڕینی وشەکانت بۆیان، بە تەواوی ڕەچاوی هەست ناسکی و بیر تیژی منداڵان بکەیت، زۆر ئاساییە لای منداڵ یەک هەڵوێستی ئەرێنی لە دڵ بگرێ، تا گەورەش دەبێ هەر بەو ئەرێنییە بیر بکاتەوە بەرانبەرت، لە کۆتایی ئەوە دەڵێم: بۆ کەسێک ئەهلی تەقوا بێ، ئەو ئامۆژگاریەی پێغەمبەری خوای ﷺ بەسە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بە گشتی و منداڵەکانی بە تایبەتی بکات.

## خەرجی ژن لەسەر پیاوە

خوا فەرموويەتى: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ﴾ النساء، واتە: پیاوان مشورخۆری ژنانن لە سۆنگەی ئەوەوە کە خوا هەندێکیانی (لە هەندێک ڕووەوە) بەسەر هەندێکیاندا هەڵبژاردوە، بە هۆی ئەوەوە کە پیاوان لە ماڵی خۆیانیاندا خەرج کردوە (بۆ مارەیی و خەرجی ماڵ و خێزان).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتى:

٥٧- «إِذَا أَنْفَقَ الرَّجُلُ عَلَى أَهْلِهِ يَحْتَسِبُهَا فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ»[١].

واتە: ئەگەر پیاو خەرجی ماڵ و منداڵەکەی کرد و چاوەڕوانی پاداشت بوو، ئەوە بۆی بەخێر دەنووسرێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتى:

٥٨- «مَا أَعْطَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ فَهُوَ صَدَقَةٌ»[٢].

واتە: هەر شتێک کە پیاو بە هاوسەرەکەی دەدات خێری بۆ دەنووسرێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتى:

٥٩- «دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ، أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ»[٣].

---

(١) أخرجه البخاري: ٥٥، عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ رضي الله عنه.

(٢) أخرجه أَحْمَد: ١٧٦٥٤، عَنْ عَمْرِو بْنِ أُمَيَّةَ عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه، قال شعيب الأرنؤوط: صحيح.

(٣) أخرجه مسلم: ٩٩٥، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

واتە: دینارێک خەرجی دەکەی لە پێناوی خوا، وە دینارێک خەرجی دەکەی بۆ ئازاد کردنی کۆیلەیەک، وە دینارێک کە دەیکەیتە خێر و دەیبەخشی بە نەدارێک، وە دینارێک خەرجی دەکەی بۆ خێزانەکەت، (لە نێو ئەوانەدا) ئەوەی کە بۆ خێزانەکەت خەرجکردوە، پاداشتی لە هەموویان گەورەترە.

## ڕوونکردنەوە:

مەبەست لە (القوامة) کە لە ئایەتەکەی سەرەتادا هاتوە، خۆ زاڵکردن و خۆ فەرزکردنی پیاو بەسەر ژندا نییە، بەڵکو مەبەست لەم وشە موبارەکە هەڵسانی پیاوە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خانەوادە و خێزان و منداڵەکان، وە ڕاییکردنی کاروباریان بە شێوەیەکی تەندروست و باش سەرپەرشتی کردنیان، چونکە ئەمە زۆر بە ڕوونی لە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ ﴿٣٤﴾ ﴾ النساء.

جا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم (قوامة)یە بریتیە لە سەرپەرشتی کردن و لە ئەستۆگرتنی خەرجی خانەوادە و پەیداکردنی بژێوی پێویست، کە ئەمە فەرزە لەسەر پیاو.

ئیتر ئەگەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی تەفسیری ئایەتەکە دەکات، لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی هەواو ئارەزووی خۆی زاڵ بکات و بە سووک سەیری ئافرەت بکات، دەڵێین: ئەوە خراپ مامەڵەی کەسێکە و تێگەیشتنێکی هەڵەیە، قورئان دوورە لێی و ئەویش دوورە لە قورئان، بەڵکو شوێن هەوا و ئارەزووی خۆی کەوتووە.

جا خەرجی کێشانی منداڵ و خێزان، لەگەڵ ئەوەی فەرزە لەسەر پیاو، لە هەمان کاتدا خوای گەورە پاداشت و خێریشی بۆ داناوە، یانی: وەک شتێکی سوغرە ئاسا نییە، بەڵکو ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری تێدایە.

## ژن لە سێ ڕۆژ زیاتر پرسە ناگێڕێ بۆ مردنی مێردەکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٦٠- «لاَ يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أَنْ تَحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلاَثٍ، إِلاَّ عَلَى زَوْجٍ، أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا»[١].

واتە: دروست نییە بۆ ژنێک کە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێ لە سێ ڕۆژ زیاتر پرسە دابنێ بۆ مردوو، مەگەر مردووەکە هاوسەری خۆی بێ، ئەوکاتە پێویستە چوار مانگ و دە ڕۆژ پرسەی بۆ دابنێ.

### ڕوونکردنەوە:

چەند بەرچاوڕوونیەک بۆ ئەو ژنەی مێردەکەی کۆچی دوایی دەکات:

١- چوار مانگ و دە ڕۆژ دەوەستێ و شوو ناکاتەوە، باسی ئەو بابەتەش ناکات لەگەڵ هیچ پیاوێک، مەگەر پیاوێک بە ئاماژە پێی بڵێ: تۆ ئافرەتێکی باشی، پیاوی باش هەیە کە مەبەستی هاوسەرگیری هەیە لەگەڵ تۆدا.

٢- لە ماڵەکەی خۆی دەمێنێتەوە و سەردانی ئەو ماڵ و ئەو ماڵ ناکات، تەنها بۆ کاری پێویست وەک: نەخۆشخانە، قوتابخانە (ئەگەر مامۆستا بوو)، بازاڕ لە کاتی زۆر پێویست.

---

(١) أخرجه البخاري: ٥٠٢٤، ومسلم: ١٤٨٦، عَنْ أم حبيبة وزينب بنت جحش رضي الله عنهما.

٣- پۆشاکی ڕازاوەو سەرنج ڕاکێش ناپۆشێ.

٤- زێڕ و زیو و خشڵ ناکاتە بەری و خۆی پێ ناڕازێنێتەوە، چاوی ڕەش ناکات و بۆن لە خۆی نادات. بەڵام بۆ جگە لە مێردی خۆی تەنها سێ ڕۆژان تازیە دادەنێ.

## هەندێ لە یاسا و ڕێساکانی تەڵاق و خولع

**٦١-** عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ، فَذَكَرَ ذَلِكَ عُمَرُ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَتَغَيَّظَ مِنْهُ رَسُولُ اللَّهِ، ثُمَّ قَالَ: «لِيُرَاجِعْهَا، ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِيضَ فَتَطْهُرَ، فَإِنْ بَدَا لَهُ أَنْ يُطَلِّقَهَا فَلْيُطَلِّقْهَا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا، فَتِلْكَ الْعِدَّةُ، كَمَا أَمَرَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ»[١].

واتە: ئیبنو عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا هاوسەرەکەی تەڵاقدا، لەو کاتەدا لە سووڕی مانگانەدا بوو، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) ئەوەی باسکرد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ لێی تووڕە بوو، دوایی فەرمووی: با بیگێڕێتەوە و لای خۆی بیهێڵێتەوە تاکو پاک دەبێتەوە، پاشان دەکەوێتە حەیزەوە و پاک دەبێتەوە، ئنجا ئەگەر ویستی تەڵاقی بدات با تەڵاقی بدات، پێش ئەوەی لەگەڵی جووت بێ، ئەو عیددەیەیە کە خوا فەرمانی پێکردوە.

**٦٢-** عَنِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَجُلاً رَمَى امْرَأَتَهُ، وَانْتَفَى مِنْ وَلَدِهَا فِي زَمَنِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَأَمَرَهُمَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَتَلاعَنَا، كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالَى، ثُمَّ قَضَى بِالْوَلَدِ لِلْمَرْأَةِ، وَفَرَّقَ بَيْنَ الْمُتَلاعِنَيْنِ[٢].

---

(١) أخرجه البُخَاري: ٤٩٠٨.

(٢) أخرجه البُخَاري: ٤٤٧١.

واتە: ئیبنو عومەر ﵄ دەڵێ: لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێک ژنەکەی تۆمەتبار کرد، گوتی: ئەو منداڵە لە من نییە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردن نەفرینیان لە یەکتر کرد، وەک خوای بەرز فەرموویەتی، پاشان فەرمانی کرد منداڵەکە بۆ ژنەکە بێ، وە ژن و مێردەکەی لە یەکتر جیاکردەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٦٣-** «أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقَاً مِنْ غَيْرِ بَأْسٍ، فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الجَنَّةِ»[١]

واتە: هەر ژنێک بە ناهەق و بەبێ پاساو و بەڵگە داوا بکات لە مێردەکەی جیابێتەوە، ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ قەدەغەیە.

## ڕوونکردنەوە:[٢]

زۆربەی زانایان دەڵێن: بۆی نییە داوای تەڵاق بکات مادام بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبێ.

بەڵام هەندێکیان دەڵێن: بۆی هەیە.

وە بەڕاستی ڕای هەندێکیان بەهێزترە لە هی زۆربەیان ئەگەر ژنەکە هەر سووربوو، بەڵێ گوناهبارە، بەڵام شەریعەت ئەو دەرفەتەی پێداوە، بۆچی؟! چونکە ئەگەر هەر سووربوو، ئەو کاتە پیاوەکەش خۆشی لێنابینێ، وە ئەو ئافرەتەش ڕەنگە تووشی هەڵە بێ، وە ئەگەر منداڵیشیان هەبێ منداڵەکانیش باجەکەی دەدەن.

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ٢٢٣٧١، ٢٢٤٤٠، وأبو داود: ٢٢٢٦، والتِّرْمِذِي: ١١٨٧، وابن ماجه: ٢٠٥٥، عَنْ ثَوْبَانَ ﵁، وَصَحَّحَهُ شعيب الأرنؤوط.

(٢) تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز، سوورەتی بەقەرە.

خاوەنی (تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز) دەڵێ: بەڵام من پێم وایە ئەو ڕایە ڕاستە کە هەر بۆشی هەیە جیاببێتەوە، چونکە جێدار (بدیل)ـەکەی هەرچی بێ خراپتر و زیانی پترە، بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئافرەت نەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات لە پیاو، بە تایبەت ئەگەر مەترسی لەسەر بەزاندنی سنوورەکانی خوا هەبوو، وەک لەم دەقەدا هاتوە:

**٦٤-** عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، أَنَّ امْرَأَةَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسٍ أَتَتِ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ! ثَابِتُ بْنُ قَيْسٍ أَمَا إِنِّي مَا أَعِيبُ عَلَيْهِ فِي خُلُقٍ وَلاَ دِينٍ، وَلَكِنِّي أَكْرَهُ الْكُفْرَ فِي الإِسْلاَمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: أَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتَهُ؟ قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إقْبَلِ الحَدِيقَةَ وَطَلِّقْهَا تَطْلِيقَةً»[1].

واتە: ئیبنو عەبباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: خێزانی سابیتی کوڕی قەیس هاتە لای پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نە لە ڕووی ڕەوشتەوە و نە لەڕووی دینەوە ڕەخنەم لە سابیتی کوڕی قەیسی (مێردم) نییە، بەڵام پێم ناخۆشە لە ئیسلامەتیدا تووشی کوفر ببم (واتە: دوای ئەوەی کە مسوڵمان بووم و هاتوومەتە نێو ئیسلام، توشی گوناح ببم، دەمەوێ لێی جیاببمەوە)! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئامادەی باخەکەی بدەیەوە (کە مارەیی بوو)، ئەویش دەڵێ: بەڵێ، پێغەمبەری خواش ﷺ (بانگی سابیتی کوڕی قەیسی کرد) فەرمووی: باخەکەی لێوەربگرەوە و تەڵاقی بدە و دەستی لێ هەڵبگرە.

---

(١) أخرجه البخاري: ٤٩٧١، والنَّسَائِ: ٣٤٦٣.

**ڕوونکردنەوە:**

لێرەدا مەبەستی خێزانی سابیت ئەوەیە: لە ڕووی ڕەوشت و دینەوە گلەیی نەبووە لە سابیت، بەڵکو سابیتی بەدڵ نەبووە لە ڕووی ڕووخسار و جوانییەوە، بێگومان ئەمەش کار دەکاتە سەر خۆشەویستی نێوانیان و شیرازەی خێزان، ئیدی ترساوە لەوەی ئەم بەدڵ نەبوونەی ببێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ هەقی خۆی پێ بدات، وەک پێویست خزمەتی بکات، وە مافەکانی لێ زەوت بکات، بەمەش تووشی گوناهـ و سزای خوا بێ، بۆیە ویستوویەتی لێی جیاببێتەوە.

٦٥- عَنْ عَائِشَةَ ﵂ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ سُئِلَ عَنِ الْمَرْأَةِ يَتَزَوَّجُهَا الرَّجُلُ، فَيُطَلِّقُهَا، فَتَتَزَوَّجُ رَجُلاً فيُطَلِّقُهَا قَبْلَ أَنْ يَدْخُلَ بِهَا، أَتَحِلُّ لِزَوْجِها الأَوَّلِ؟ قَالَ: «لاَ، حَتَّى يَذُوقَ عُسَيْلَتَهَا»[١].

واتە: عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکراوە دەربارەی ژنێک کە پیاوێک دەیهێنی و دەبێتە هاوسەری، دوایی تەڵاقی دەدا، ئەو ئافرەتە مێردێکی دیکە دەکات، بەڵام ئەو مێردەی دووەمی تەڵاقی دەدات پێش ئەوەی لەگەڵی جووت بێت، ئایا بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ دەبێتەوە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر، هەتا شیرینایەتییەکەی نەچێژێ (واتە: دەبێ لەگەڵی جووت بێ، ئنجا دەتوانێ شوو بە پیاوی یەکەمی بکاتەوە).

---

(١) أخرجه البخاري: ٤٩٦١، ومسلم: ٣٦٠٢.

## پیاوی لەشگران و ئافرەتی حەیزدار پیس نین

٦٦- عَنْ عَائِشَةَ ﵂، قَالَتْ: كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ، كِلَانَا جُنُبٌ، وَكَانَ يَأْمُرُنِي فَأَتَّزِرُ، فَيُبَاشِرُنِي وَأَنَا حَائِضٌ، وَكَانَ يُخْرِجُ رَأْسَهُ إِلَيَّ، وَهُوَ مُعْتَكِفٌ، فَأَغْسِلُهُ وَأَنَا حَائِضٌ[١].

واته: عائیشه ﵂ دەڵێ: من و پێغەمبەری خوا ﷺ خۆمان دەشۆرد لە یەک تەشتدا، هەردووکیشمان لەشگران بووین، فەرمانی پێدەکردم نێوان ناوک و ئەژنۆم داپۆشم، ئنجا نزیکم دەکەوتەوە و دەستی بەرم دەکەوت، لە کاتێکدا من لە سووڕی مانگانەشدا بووم، هەروەها کاتێک ئیعتیکافی دەکرد (لە مزگەوت) سەری دەهێنایە ژوورەوە بۆ لام[٢]، منیش (قژیم) دەشۆرد، لە کاتێکدا لە سووڕی مانگانەدا بووم.

## پاداشتی گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ مێردەکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٦٧- «إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا، وَصَامَتْ شَهْرَهَا، وَحَفِظَتْ فَرْجَهَا، وَأَطَاعَتْ زَوْجَهَا، قِيلَ لَهَا: ادْخُلِي الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ»[٣].

واته: ئەگەر ژن پێنج نوێژە فەڕزەکانی کرد، ڕەمەزانیش بە ڕۆژوو بوو، داوێنی خۆشی لە حەڕام پاراست، گوێڕایەڵی مێردەکەشی کرد (لە شتی باش)، ئەوە (ڕۆژی دوایی) پێی دەگوترێ: بڕۆ بەهەشتەوە لە کام دەرگای بەهەشت پێت خۆشە.

---

(١) أخرجه البخاري: ٢٩٥.

(٢) ژووری دایکمان عائیشه ﵂ بە مزگەوتەوە بووە.

(٣) أخرجه أحمد: ١٦٦١، وإبن حِبَّان: ٤١٦٣، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ ﵁، صححه شعيب الأرنؤوط.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٦٨-** «لاَ يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ، وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ»[(١)].

واته: بۆ ژن دروست نییه ڕۆژووی سوننەت بگرێ، له کاتێکدا که مێردەکەی له ماڵ بێت، مەگەر مێردەکەی مۆڵەتی پێ بدات.

## ڕوونکردنەوە:

بێگومان ئەمەش بێ هۆ نییه که خۆشەویستی خوا ﷺ وای فەرمووه، پیاو کەمتر وا هەیه بەڕۆژ بتوانێ له ماڵەوه بێ، کار و کەسابەت و دەوام و پەیداکردنی بژێو، ئەگەر ڕۆژێک وا ڕێک بکەوێ له ماڵەوه بێ، لەوەیه حەز بکات لەگەڵ خێزانی سوود له یەکتر ببینن، بێگومان گەر ئافرەتیش بەڕۆژوو بێ چوونه لای پیاوی لێ حەرام دەبێ، بۆیه پێویسته ئافرەت به ئامادەبوونی مێردی له ماڵەوه، گەر ویستی بەڕۆژوو بێ، پرسی پێ بکات و مۆڵەتی لێ وەربگرێ، دڵنیابه خوشکەکەم! بەم جۆره مامەڵه کردنه لەگەڵ مێردەکەت، زیاتر و زیاتر خۆشەویست دەبی لەلای.

دەبێ ئەوەش بزانین، خزمەتکردنی مێرد و بەجێهێنانی پێویستییەکانی له پێشتره له ڕۆژووی سوننەت، هەروەکو چۆن خزمەتکردنی ئافرەت و پەیداکردنی بژێوی حەڵاڵ فەرزه لەسەر پیاو.

## ئەنجامدانی حەج گەورەترین جیهادی ئافرەتانه

**٦٩-** عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُوْلَ اللَّهِ ﷺ أَلاَ نَغْزُو وَنُجَاهِدُ مَعَكُمْ؟ فَقَالَ: «لَكُنَّ أَحْسَنُ الْجِهَادِ وَأَجْمَلُهُ، الْحَجُّ حَجٌّ مَبْرُورٌ»، فَقَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: فَلاَ أَدَعُ الْحَجَّ بَعدَ إِذْ سَمِعْتُ هَذَا مِنْ رَسُوْلِ اللَّهِ ﷺ[(٢)].

---

(١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، البخاري: ٥١٩٥، ومسلم: ١٠٢٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

(٢) أخرجه البخاري: ١٧٦٢.

واتە: عائیشە ﵂ دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا لەگەڵ ئێوە غەزا و جیهاد نەکەین؟ فەرمووی: بۆ ئێوە باشترین و جوانترین جیهاد ئەنجامدانی حەجکردنە، حەجێکی قبوڵکراو، عائیشە ﵂ فەرمووی: ئیتر وازم لە حەج کردن نەهێنا دوای ئەوەی ئەوەم بیست لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

## رێگەدان بە چوونی ئافرەت بۆ نوێژی کۆمەڵ

٧٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لاَ تَمْنَعُوا إِمَاءَ اللَّهِ أَنْ يُصَلِّينَ فِي الْمَسْجِدِ»، فَقَالَ ابْنٌ لَهُ: إِنَّا لَنَمْنَعُهُنَّ، فَقَالَ: فَغَضِبَ غَضَباً شَدِيدَاً، وَقَالَ: أُحَدِّثُكَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَتَقُولُ: إِنَّا لَنَمْنَعُهُنَّ؟[١].

واتە: لە ئیبنو عومەر ﵄ دەگێرنەوە، کە گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: رێ لە ئافرەتان مەگرن کە بیانەوێ نوێژ بکەن لە مزگەوت، یەکێک لە کورەکانی ئەو (لەوێ بوو) گوتی: ئێمە رێیان لێ دەگرین، ئیبنو عومەر ﵄ زۆر توورە بوو (کە گوێبیستی بوو)، گوتی: من فەرموودەی پێغەمبەرت ﷺ بۆ دەگێرمەوە، کەچی تۆ دەڵێی: ئێمە رێگایان پێ نادەین؟!

### رِوونکردنەوە:

دەبێ زۆر بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین، وە رێ بە ئافرەتانیش بدرێ بۆ چوونە مزگەوت.

---

(١) أخرجه مسلم: ٤٤٢.

**٧١-** عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: كُنَّا نُؤْمَرُ أَنْ نَخْرُجَ يَوْمَ الْعِيدِ، حَتَّى نُخْرِجَ البِكْرَ مِنْ خِدْرِهَا، حَتَّى تَخْرُجَ الْحُيَّضُ، فَيُكَبِّرْنَ بِتَكْبِيرِهِمْ وَيَدْعُونَ بِدُعَائِهِمْ، يَرْجُونَ بَرَكَةَ ذَلِكَ الْيَوْمِ وَطُهْرَتَهُ(١).

واتە: ئوممو عەطییە رضي الله عنها دەڵێ: ئێمە فەرمانمان پێدەکرا لە ڕۆژی جەژندا دەربچین، تەنانەت کچانیش لەگەڵ خۆمان ببەین، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە لە سووڕی مانگانەدا بوون، لە دوای خەڵکەوە ڕێک بوەستن و بە تەکبیری ئەوان تەکبیر بکەن، بە پاڕانەوەی ئەوانیش بپاڕێنەوە، ئومێدی پیز و بەرەکەت و پاکی ئەو ڕۆژە بکەن.

## تێپەڕبوونی ئافرەت بە پێش نوێژخوێن نوێژەکەی نابڕێ

**٧٢-** عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَرِجْلَايَ فِي قِبْلَتِهِ، فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِي فَقَبَضْتُ رِجْلَيَّ، فَإِذَا قَامَ بَسَطْتُهُمَا، وَالْبُيُوتُ يَوْمَئِذٍ لَيْسَ فِيهَا مَصَابِيحُ(٢).

واتە: عائیشە رضي الله عنها دەڵێ: من دەخەوتم لە بەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ، قاچەکانم لەو شوێنە بوو کە قیبلەی ئەو بوو (بۆ نوێژکردن)، کاتێک سوجدەی ببردبایە لە قاچمی دەدا (وەک ئاگادارکردنەوە)، منیش قاچم دەکێشایەوە، ئەگەر هەڵسابا درێژم دەکردەوە،ماڵەکان ئەو کات چرایان تێدا نەبوو.

---

(١) أخرجه البخاري: ٩٧١.

(٢) أخرجه البخاري: ٣٨٢.

# بەشی پێنجەم

# چەند کردار و سیفەتێکی خراپ، کە هەندێکیان گوناهی گەورەن

بەشی کۆتایی ئەم کتێبە بریتیە لە پەنجەخستنە سەر چەند سیفەتێکی برین ئاسا، کە بەداخەوە بەشێکیان بوون بە دیاردە لە کۆمەڵگاکاندا، هەروەک چۆن ئاگر پووش و پەڵاش دەسووتێنێ، بەهەمان شێوە هەندێک لەو سیفەتانە هاوشێوەی ئاگر خێر و چاکەکانمان دەسووتێنن بەهێواشی و بەبێ ئاگایی، لێرەدا هەوڵدراوە بە زمانێکی دڵسۆزانە هەڵەکان دیاری بکرێن و چارەسەریان بۆ دابنرێ.

## سپڵەیی ژن بەرانبەر مێردەکەی و بە پێچەوانەشەوە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٧٣**- لَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَى امْرَأَةٍ لَا تَشْكُرُ لِزَوْجِهَا وَهِيَ لَا تَسْتَغْنِي عَنْهُ»[١].

واتە: خوا سەیری ئەو ژنە ناکات کە سوپاسگوزاری مێردەکەی ناکات، لە کاتێکدا بێ پێویست نابێ لە مێردەکەی و هەمیشە ئیشی بە مێردەکەیەتی، بەڵام سوپاسیشی ناکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٧٤**- أُرِيتُ النَّارَ، فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا النِّسَاءُ يَكْفُرْنَ، قِيلَ أَيَكْفُرْنَ بِاللَّهِ؟ قَالَ: يَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ، وَيَكْفُرْنَ الْإِحْسَانَ، لَوْ أَحْسَنْتَ إِلَى إِحْدَاهُنَّ الدَّهْرَ، ثُمَّ رَأَتْ مِنْكَ شَيْئاً، قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ مِنْكَ خَيْراً قَطُّ[٢].

---

(١) أخرجه النسائي في الكبرى: ٩١٣٥، والحاكم: ٢٧٧١، عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) برقم: ١٩٤٤، رواه النسائي والبزار بإسنادين رواة أحدهما رواة الصحيح، والحاكم وقال صحيح الإسناد.

(٢) أخرجه البخاري: ١٠٠٤، ومسلم: ٩٠٧، والنسائي: ١٤٩٣، وابن حبان: ٢٨٣٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما.

واتە: ئاگری دۆزەخم پیشاندرا، زۆربەی خەڵکەکەی ئافرەتانی سپڵە بوون، گوترا: ئایا سپڵەیی دەنوێنن بەرانبەر بە خوا؟ فەرمووی: سپڵەیی دەکەن بەرانبەر مێردەکانیان، وە نکوڵی چاکەکان دەکەن، ئەگەر تۆ بە درێژایی تەمەن چاکە لەگەڵ یەکێکیان بکەیت، پاشان شتێکی (ناپەسندت) لێ ببینێ، دەڵێ: هەرگیز خێر و چاکەم لە تۆ نەبینیوە!!

## ڕوونکردنەوە:

پێغەمبەری دڵسۆز ﷺ ئافرەتان ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئەوەی پێش تووش بوون بەو سزایە ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆیان بن و بە جوانترین شێوە مامەڵە بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان، کە بێگومان هەمان پەیامیشی تێدایە بۆ پیاوانی ناسوپاسگوزار و سپڵە بەرانبەر ژنەکانیان.

سپڵەیی ئافرەتان خۆی دەبینێتەوە لە دەنگە دەنگ، بەرزکردنەوەی دەنگ بەسەر مێردەکەی بە تایبەت لە کاتی کڕینی شتێک کە بە دڵی ژنەکە نییە، یان شتێکی ویستوە پیاوەکە نەیکڕیوە، یان زۆرجار ڕوون نەکردنەوە و پاساو نەهێنانەوە بۆ ئەم جۆرە لە سپڵەییە، وەک پێویست وەرنەگرتنی کەل و پەل و بە دەمەوە نەچوون و هاوکاری نەکردنی مێردەکەی ... هتد.

دەبێ پیاوانیش بزانن، زۆرجار هەڵسوکەوتی هەڵەی ژنان بریتیە لە کاردانەوەی هەڵە و مامەڵەی خراپی پیاوەکان، بۆیە پێویستە بەر لەوەی داوای مامەڵەی جوان لە ژنانەکانیان بکەن، خۆیان مامەڵەی تەندروست بەرانبەر بە ژنان و خوشکان و دایکان ئەنجام بدەن.

## چاوپیسی و چارەسەرەکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٧٥-** «الْعَيْـنُ حَـقٌّ»[(١)].

واتە: چاوپیسی (کە سەرچاوەکەی حەسوودیە) هەقە و کاریگەری هەیە، (چارەسەرەکەی بریتیە لە ڕوقیەی شەرعی).

### ڕوونکردنەوە:

لە فەرموودەی دیکەدا هاتوە، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێ: ئەگەر شتێک پێش قەدەری خوا کەوتبایەوە، ئەوە چاوی پیس پێشی دەکەوتەوە[(٢)]، واتە: هێندە بەهێز و کاریگەرە، سەربارى ئەوەی کە شتێکی چەسپاوە لە سوننەت، بەڵام ئەوە کە پێشی قەدەر ناکەوێتەوە ئاسوودەیی بە دڵی ئیماندار دەبەخشێ، کە بێ قەدەری خوا هیچ شتێک تووشی مرۆڤ نابێ.

دیاردەیەکی بەربڵاو! لەگەڵ ئەوەی کە زانیمان چاوپیسی هەقە و بوونی هەیە، بەڵام ناکرێ هەر شتێک لە ژیانی ڕۆژانە بەسەرمان دێ، بڵێین: چاو لێی داوە! کەوتۆتە بەر چاوپیسی! تا ڕادەی ئەوەی گومانی خراپ بە کەسێکیش ببەین و بڕوامان وابێ کە فڵانە کەس چاوی لێ داوین! بەڵێ چاوپیسی هەقە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین هەموو شتێک لە ژێر قەدەری

---

(١) أخرجه البخاري، كتاب الطب، باب العين حق، رقم: ٥٤٠٨، عَنْ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ رضي الله عنه.

(٢) {عَنْ عُرْوَةَ بْنِ عَامِرٍ عَنْ عُبَيْدِ بْنِ رِفَاعَةَ الزُّرَقِيِّ قَالَ قَالَتْ أَسْمَاءُ رضي الله عنها يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ بَنِي جَعْفَرٍ تُصِيبُهُمْ الْعَيْنُ أَفَأَسْتَرْقِي لَهُمْ قَالَ نَعَمْ فَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابِقُ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ}. أخرجه أحمد: ٢٧٥١٠، تعليق شعيب الأرنؤوط : حديث حسن.

خوای بەرز و بڵندە، ئەم ژیانە خۆی تاقیکردنەوەیە، دەبێ کارەسات و نەخۆشی و ناخۆشییەکان بە بەشێکی تاقیکردنەوەکە بزانین، بڕوامان وابێ قەدەری خوایە.

ئەوەی گرنگە: بڕوامان بە بوونی چاوپیسی هەبێ، وە بڕوای تەواومان بە قەدەری خوا هەبێ، وەک خۆپارێزی ڕۆژانە زیکری بەیانیان و ئێواران بخوێنین، خۆ ئەگەر ڕووداوێکیشمان بەسەرهات، ئارامی لەسەر بگرین، پێمان وابێت بەشێکی تاقیکردنەوەکەیە، وە پاداشت وەردەگرین لەسەر ئارامگرتنمان، گومانی باش بەخوا ببەین، متمانەی تەواومان هەبێ بە هۆی ئەو زیکرانەوە خوا دەمانپارێزێ لە هەموو خراپەیەک، تا ڕادەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەدەرەی خوا بۆی داناوین لە لای خۆی، خوای گەورە بە لوتف و کەرەمی خۆی هەموو لایەکمان بپیارێزێ.

## به سووک سەیر کردنی مسوڵمان

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٧٦- «إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الاِسْتِطَالَةُ فِي عِرْضِ الْمُسْلِمِ بِغَيْرِ حَقٍّ»[١].

واته: بێگومان خراپترین جۆری ڕیبا و سووخۆریی (که گوناهی گەورەیه) بریتیه له: زێدەڕۆیی کردن له قسەی ناشیرین گوتن و به سووک سەیر کردن و باسکردنی ناموسی مسوڵمان به ناهەق.

### ڕوونکردنەوە:

(الإستطالة): به مانای زێدەڕۆیی کردن و درێژه پێدانه له باسکردنی خەڵک له پاشمله به ناهەق، تا ئەندازەی سوکایەتی پێکردن.

جگه لەو کەسانەی خوا منەت و چاکەی خۆی لەگەڵ کردوون له نێو خەڵکدا، ئەگەرنا زۆربەی خەڵک گیرۆدەی ئەم گوناه و کردەوە خراپه دەبن، ئەمه یەکێکه له گوناهه زۆر گەورەکان، زۆرجار سەردەکێشێ بۆ بوهتان و قسەی ناڕاست پەنا به خوا، دوو ئایەت له قورئاندا دێنمەوە بیر و یادی خۆم و ئێوەی بەڕێز! که شەش خەسڵەت و خووی خراپ له بواری هەڵسوکەوتی نێو مسوڵمانان قەدەغه دەکات، سێیان ئاشکرا و سێشیان پەنهانن:

---

(١) أخرجه أَبُو دَاوُد: ٤٨٧٨، عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح الترغيب والترهيب»: ٢٥٣٢.

**سێ ئاشکراکان:**

گاڵتە بە یەکتری کردن، ڕەخنە لە یەکتری گرتن و عەیب لە یەکتری دیتنەوە، ناو و ناتۆرەی خراپ لە یەکتر هەڵدان.

**سێ پەنهانەکان:**

گومانی خراپی بێ پاساو بە یەکتری بردن، سیخوڕی بەسەر یەکترییەوە کردن، پاشملە بە خراپە باسی یەکتری کردن (غەیبەت).

وەک خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢﴾ الحجرات[١].

---

(١) واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! با کۆمەڵێکتان لە (پیاوان) گاڵتە بە کۆمەڵێکتان نەکات، ڕەنگە ئەوان (گاڵتە پێکراوەکان) لەوان (گاڵتە پێکەرەکان) باشتربن، هەروەها با ئافرەتانێکیش گاڵتە بە ئافرەتانێک نەکەن، لەوانەیە ئەوان (کە گەپیان پێدەکرێ) لەوان (گەپ پێکەرەکان) چاکتربن، هەروەها (بە ئاماژەی چاو و برۆ و لێو) لە عەیب و ناتەواوییتان مەخەفتێن، ناو و ناتۆرانیش لە یەکدی هەڵمەدەن، (چونکە بە هەر کام لەوانە فاسیق دەبن و) خراپترین وەسف و ناویش پاش ئیمان لادان (و لە ڕێی شەرع دەرچوون)ە، هەر کەسێکیش نەگەڕێتەوە (لای خوا) ئا ئەوانەن ستەمکاران، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لە زۆر گومانان دووربکەونەوە، بێگومان هەندێک گومان (کە هیچ ئەگەری پێکانی نییە) گوناهن، سیخوڕیش (لەسەر کەس مەکەن)، هەندێکیشتان پاشملە باسی هەندێکتان مەکەن، ئایا یەکێکتان حەز دەکات بە مردوویی گۆشتی برایەکەی بخوات! بە دڵنیایی حەز ناکەن، (بۆیە) پارێز لە خوا بکەن، مسۆگەر خوا زۆر تەوبە وەرگری بە بەزەییە.

ئەو سیفەتانە پێچەوانەی هەموو یاسا گەوهەرییەکانی قورئان و فەرموودەن:

بە گرنگ و گەورە سەیرکردنی مسوڵمان: یەکێک لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووم: «لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ»[1]. واتە: هیچ شتێک لە چاکە بە کەم مەگرە، ئەگەر هەر ئەوەندەش بێ کە بە ڕووی خۆش بگەیە برایەکەی خۆت، (یان خوشکی خۆت).

زمان شیرینی: کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا ﴿٨٣﴾﴾ البقرة، واتە: قسەی باش بۆ خەڵک بکەن، یان لەگەڵ خەڵکدا بە گشتی قسەتان چاک بێ، دیارە ئەگەر لەگەڵ خەڵکدا قسە باش بوون پێویست بێ، بە تەئکید لە نێو بازنەی ئەهلی ئیماندا پێویستترە، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: (الكَلِمَةُ الطَيِّبَةُ صَدَقَة)[2]. واتە: قسەی خۆش چاکە و صەدەقەیە، پاداشتی هەیە.

بڕوادار دەبێ لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسەی پەسند و شیرین و بە نەزاکەت بێ، نەجیب و قسەی خۆش بێ و لە تەعبیرەکانی باشترین وشە هەڵبژێرێ.

وە پێویستە بە پێی توانا کاتێک دەبینی و دەبیستی کەسێک سوکایەتی بە برا و خوشکێکی مسوڵمان دەکات، بەرگری لێ بکەی و ئاگاداری بکەیەوە، کە ئەوە خەریکی ئەنجامدانی گوناهێکی گەورەیە.

---

(١) أخرجه مُسلِم: ٢٦٢٦ عَنْ عَائِشَة رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

(٢) أخرجه البُخاري: ٢١٢٧، ومُسلِم: ١٠٠٩.

## توانج و پلاردان لە خەڵک

**٧٧-** عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قُلْتُ: يَا رَسُول اللَّهِ ﷺ إِنَّ صَفِيَّةَ امْرَأَةٌ وَقَالَتْ بِيَدِهَا هَكَذَا كَأَنَّهَا، تَعْنِي قَصِيرَةً، فَقَالَ: «لَقَدْ مَزَجْتِ بِكَلِمَةٍ لَوْ مَزَجْتِ بِهَا مَاءَ الْبَحْرِ لَمُزِجَ»[١].

واتە: عائیشە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! صەفییە ئافرەتێکە «بەدەست ئاماژەی کرد» کورتە باڵایە، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی وشەیەکت تێکەڵی قسەکانت کرد، ئەگەر تێکەڵی ئاوی دەریای بکەی، ئاوەکە دەگۆڕێ و بۆگەنی دەکات!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٧٨-** «يُبْصِرُ أَحَدُكُمُ الْقَذَاةَ فِي عَيْنِ أَخِيهِ، وَيَنْسَى الْجِذْعَ فِي عَيْنِهِ»[٢].

واتە: یەکێک لە ئێوە پوشکە لە چاوی برا (و خوشکە)کەی دەبینێ، (واتە: عەیبی زۆر بچووکی ئەوان دەبینێ)، بەڵام کاریتە لە نێو چاوی خۆی نابینێ، (واتە: کەچی گوناهی گەورەی خۆی نابینێ)!

---

(١) أخرجه أحمد: ٢٥٦٠١، عَن أبي حذيفة وكان من أصحاب عبد الله وكان طلحة يحدث عنه عن عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُم أجمعين، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم، والترمذي: ٢٥٠٢، واللفظ له.

(٢) أخرجه ابْنُ حِبَّانَ: ٥٧٦١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب): ٢٣٣١.

## ڕوونکردنەوە:

خوای پەروەردگار کە مرۆڤی دروست کردوە، ئەوپەڕی دادگەری تێدا ڕەچاو کردوە، گرنگە مرۆڤ چاو لە خوا بکات و هەرچی سیفەتە لە خواوە وەری بگرێ، وە لە خۆیدا بەرجەستەی بکات و خۆی پێ برازێنێتەوە، دادگەری وا لە مرۆڤ دەکات ڕەش بە ڕەش و سپی بە سپی ببینێ، وای لێ دەکات خاوەن ویژدان بێت، کەسی خاوەن ویژدان هەرگیز ئامادە نییە بە دوای کەم و کوڕی و هەڵەی خەڵکدا بکەوێ، لە بیانوو بێ بۆ ئەوەی ناشیرینی خەڵک ببینێ، یان خەڵک ناشیرین بکات.

بەڕێزان!

ئەگەر مرۆڤ تەنها بیەوێ هەڵە و کەم و کوڕییەکانی خۆی چاک بکات، چەندی کات هەیە، ئەوەندەی تریشی بخاتە سەر، بە خوا هێشتا ناتوانێ هەڵەکانی چاک بکات، ئەوە جگە لەوەی ئەگەر ڕەخنە لە شێوە و ئاکاری پێکهاتەیی مرۆڤ بگیرێ، جۆرێکە لە ڕەخنەگرتن لە خوای کاربەجێ دەربارەی دروستکراوەکانی، جوان و ناشیرین، بەرزی و نزمی، دەوڵەمەندی و هەژاری، هەموو ئەمانە دەستی مرۆڤی تێدانییە، هەتا ئازایەتی خۆی تێدا ببینێ و بیخاتە پاڵ خۆی و شانازی پێوە بکات.

خوا وامان لێ بکات، بە هۆی سەرقاڵ بوونمان بە چاککردنی کەم و کوڕییەکانی خۆمان، نەپرژێینە سەر باسکردنی هەڵە و کەم و کورتی خەڵکی دیکە.

## گێڕانەوەی هەرچی دەیبیستی

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٧٩-** «كَفَى بِالْمَـرْءِ إِثْـمَاً أَنْ يُحَدِّثَ بِكُـلِّ مَا سَمِعْ»[١].

واتە: ئەوەندە بەسە بۆ مرۆڤ کە پێی گوناهبار ببێ، کە هەرچی بیستوویەتی بیگێڕێتەوە.

### ڕوونکردنەوە:

**١-** نابێ هەر قسەیەکمان بیست یەکسەر بڵاوی بکەینەوە، بەڵکو دەبێ تەئکیدی لێ بکەینەوە، ئایا ڕاستە یان درۆ، خوای گەورەش لەم بارەوە ئاگاداری کردووینەوە و فەرموویەتی: ﴿إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ٦﴾ الحجرات، واتە: ئەگەر کەسێکی لادەر و فاسیق هەواڵێکی بۆ هێنان، لە ڕاستییەتی هەواڵەکەی بکۆڵنەوە (یەکسەر بڵاوی مەکەنەوە).

**٢-** ئەگەر ویستمان قسەیەک بکەین دەربارەی شتێک، با ئەو فەرمایشتە بێنینەوە بیر خۆمان، کە خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ ١٨﴾ ق، واتە: هەر وشەیەک لە زار دەرچێ حەتمەن (دوو فریشتەی) چاودێر و ئامادە دەینووسن و تۆماری دەکەن.

**٣-** دڵنیابە تۆ بەرپرسی و پرسیار لێکراوی دەربارەی هەر وشەیەک کە لە زارت دێتە دەر.

**٤-** پێویستە پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک، لێکۆڵینەوە بکرێ و بەراوردی نێوان سوود و زیانەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە بکرێ.

---

(١) أخرجهُ أَبُو دَاوُدَ ٤٩٩٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، وَصَحَّحَهُ الألباني.

## پرسیارکردن لە شتێک کە پەیوەندی بە تۆ نییە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٨٠- «مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ»[١].

واتە: لە جوانی و چاکی مسوڵمانییەتی مرۆڤ ئەوەیە کە وازبێنێ لە شتێک کە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە.

### ڕوونکردنەوە:

پێشەوا (الصنعاني) دەڵێ: باش بزانە هەرچی وەرع و دینداری و تەقوا هەیە لەم فەرموودەیەدا کۆبۆتەوە، فەرموودەیەکی زۆر گشتگیرە، وازهێنان لە هەموو شتێک دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نییە، وەک: قسەکردن و سەیرکردن و دەستدرێژی کردن و ڕۆیشتن و هەموو جووڵەیەکی پەنهان و ڕواڵەتی، کە ئەمەش حیکمەت و کاربەجێیی پێغەمبەری خۆشەویستەمانە ﷺ، دەربارەی وشەی (ورع) ئەم فەرموودە کافییە و کۆکەرەوەی هەموو سیفەتە باشەکانە.

خوشکی بەڕێزم! تکایە با واز بێنین لە کۆمەڵێک پرسیاری باو و بێزرا و لەنێو خۆماندا:

ئەرێ خوشکم بۆ مێردت نەکردوە تا ئێستا؟ داواکارت نییە؟ یان خۆت ناتەوێ؟! ئەرێ ئەوە خێرە منداڵتان نابێ؟ خۆتان ناتانەوێ یان کێشەتان هەیە (ئەمە ئەوپەڕی نهێنی خێزانییە)؟! بۆ کێشی خۆت دانابەزێنی؟ هیچ قەڵس نیت بە لاشەت؟! ئەرێ مووچەکەت چەندە؟! مێردەکەت چۆنە؟ دەیان پرسیار کە ناتوانرێ لێرە بنوسرێن ... هتد.

---

(١) أخرجه أحمد: ١٧٣٧، عَنِ الحُسَيْنُ رضي الله عنه، قال شعيب الأرنؤوط: حسن بشواهده.

هەندێک لەو پرسیارانە کە تۆ زۆر بە سادەیی و بەبێ هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی دەیکەیت، ناخی بەرانبەرەکەت وێران دەکەی! تووشی سەغڵەتی و حاڵەتێکی زۆر ناخۆشی دەکەی!

زۆرێک لەو ئافرەتانەی کە خوا تاقی کردوونەتەوە بەوەی قسمەتیان هەڵنەستاوەو هاوسەرگیرییان نەکردوە، یان منداڵیان نابێ، یان لاشەیەکی کەمێک نارێکی هەیە، ئەگەر قسەی دڵت بۆ بکەن، دەبینی ئەوەندەی خەم لە قسەی ناخۆش و ڕەقی خزم و هاوڕێ و نزیکەکانیان دەخۆن، نیو هێندە خەم لەو تاقیکردنەوەیە ناخۆن کە تێیدان!!

تکایە با واز بێنین لەو شتانەی کە پەیوەندی بە ئێمە نییە، بە ئەندازەی واز هێنانت لە خەڵک و سەرقاڵبوونت بەخۆت و خانەوادەکەت، خوای گەورە زیاتر قەناعەت و بەرەکەت دەڕژێنێتە سەرتان.

## گومانی خراپ بردن

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٨١-** «إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ»[١].

واتە: داواتان لێدەکەم (خۆتان دووربگرن) لە گومانی خراپ بردن (بە خەڵک)، چونکە بەڕاستی گومانی خراپ گەورەترین درۆیە.

---

(١) أخرجه البخاري: ٥١٤٣، ومسلم: ٢٥٦٣. عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

## ڕوونکردنەوە:

ئەو سوودانەی لەم فەرموودە وەردەگیرێن:

**١-** خۆپاراستن لە هەموو گومان بردنێکی خراپ، چونکە تۆمەتێکی ناڕەوایە.

**٢-** گومانی خراپ بردن بە کەسێک کە کردەوە خراپەکانی ئاشکرا دەکات، ئاساییە.

**٣-** هەر گومانێک بەسەر دڵماندا هات، نابێ دڵمانی لەسەر بچەسپێنین، تا بەڵگەی لەسەر پەیدا دەبێ.

**٤-** گومانی بێ بنەما و بەڵگە گەورەترین درۆیە، خاوەنەکەی تووشی گوناهباری دەکات.

**٥-** قورسترین سزا بۆ ئەو کەسانەیە کەوا گومانی خراپ بە ئیماندارانی پاک و چاک دەبەن، وەک خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿٥٨﴾ ﴾ الأحزاب.

بۆیە پێویستە مسوڵمان زۆر خۆی بپارێزێ لە گومانی خراپ بردن بە خوشک و برای مسوڵمانی خۆی.

## قسەی خراپ هێنان و بردن

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

٨٢- «أَتَدْرُونَ مَا الْعِضَةُ؟»، قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «نَقْلُ الْحَدِيثِ مِنْ بَعْضِ النَّاسِ إِلَى بَعْضٍ، لِيُفْسِدُوا بَيْنَهُمْ»(١).

واته: ئایا دەزانن (العِضَة) چییە؟ گوتیان: خوا و پێغەمبەر زاناترن، فەرمووی: گواستنەوەی قسەیە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، بە مەبەستی نێوان تێکدان و ئاشووب دروستکردن.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٨٣- «إِنَّكَ إِنْ اتَّبَعْتَ عَوْرَاتِ النَّاسِ أَفْسَدْتَهُمْ أَوْ كِدْتَ أَنْ تُفْسِدَهُمْ»(٢).

واته: تۆ ئەگەر بە دوای کەم و کوڕییەکانی خەڵکدا بگەڕێی (لە نێو خەڵکدا باسیان بکەی)، ئەوە تێکیان دەدەی، یان خەریکە تێکیان بدەیت.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

٨٤- «لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ»(٣).

---

(١) أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٤٢٥، عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح الأدب المفرد»: ٣٢٨. وروى الإمام مسلم في صحيحه بهذا اللفظ: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، قَالَ إِنَّ مُحَمَّدًا ﷺ، قَالَ: «أَلاَ أُنَبِّئُكُمْ مَا الْعَضْهُ؟ هِيَ النَّمِيمَةُ الْقَالَةُ بَيْنَ النَّاسِ»، وَإِنَّ مُحَمَّدًا ﷺ، قَالَ: «إِنَّ الرَّجُلَ يَصْدُقُ حَتَّى يُكْتَبَ صِدِّيقًا، وَيَكْذِبُ حَتَّى يُكْتَبَ كَذَّابًا» صحيح مسلم: ٢٦٠٦.

(٢) أخرجه أَبُو داود: ٤٨٨٨، عَنْ مُعَاوِيَةَ رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ شعيب الأرنؤوط.

(٣) أخرجه البخاري: ٦٠٥٦، ومسلم: ١٠٥، عَنْ حُذَيْفَةُ رضي الله عنه.

واتە: (ڕاستەوخۆ و بەبێ لێپرسینەوە) ناچێتە بەهەشت ئەو کەسەی قسە دێنێ و دەبات لە نێوان خەڵک (بۆ ئەوەی نێوانیان تێکبدات).

## ڕوونکردنەوە:

(القتات): بەو کەسە دەگوترێ کە بە نهێنی گوێ لە قسەی کۆمەڵێک دەگرێ، بێ ئەوەی ئەوان پێی بزانن و ئاگاداربن، ئینجا ئەم قسانەی بیستوویەتی دەیگوازێتەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە!! بێگومان بەکارهێنانی تۆماری مۆبایل و هەر ئامێرێکی دیکە هەمان حوکمی هەیە، ئەم سیفەتە لە هەر کەسێک دا هەبێ، خاوەنەکەی دەکاتە خاوەنی گوناهی گەورە.

کە دەڵێم: (ڕاستەوخۆ ناچێتە بەهەشت) واتە: بە هۆی ئەو گوناهەوە شایستەی سزادان دەبێت مەگەر خوا بیبورێ، وە ئەو کەسەش کە خاوەن مافە لێی خۆش بێت و گەردنی ئازاد بکات.

## بە نهێنی و چپە قسەکردن

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٨٥- «لَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ حَتَّى يَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، مِنْ أَجْلِ أَنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ»[1].

واتە: (ئەگەر سێ کەس بوون) با دووانتان بەبێ کەسی سێیەم بە چپە و نهێنی قسە نەکەن، هەتا تێکەڵاوی خەڵک دەبن، چونکە ئەو کارە (کەسی سێیەم) دڵتەنگ دەکات.

---

(١) أخرجه مسلم ٣٧، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنه.

### ڕوونكردنەوە:

هەر لە خودی فەرمووده هاتوە، هۆكاری قەدەغەكردنی بە چپە و نهێنی قسەكردن بریتیە لە ئازار نەدانی دڵی كەسی سێیەم، لە هەمان كاتدا گومان دروست نەكردن لە سەرخۆ، چونكە مرۆڤ لە دەمار و گۆشت و خوێنە، دەگونجێ شەیتان بە ئاسانی خوتخوتەی بۆ بكات، گومانی خراپی لە دڵ دروست بكات بەرانبەر ئەو دوو كەسەی بە نهێنی قسان دەكەن، وا بزانێ باسی بابەتێک دەكەن پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، هەر هیچ نەبێ لە دڵیدا دەڵێ: باشە دەبێ باسی چ بكەن كە نایانەوێ من بزانم؟!

## كەشخەیی و فیزكردن

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٨٦-** «مَنْ تَعَظَّمَ فِي نَفْسِهِ، أَوِ اخْتَالَ فِي مِشْيَتِهِ لَقِيَ اللَّهَ وَهُوَ عَلَيْهِ غَضْبَانُ»[(١)].

واتە: هەر كەسێک لە دڵی خۆیدا خۆی پێ گەورە بێت، یان لە ڕۆیشتندا كەشخەیی و فیز بكات، كاتێک بە خوا دەگاتەوە، خوای بەرز لێی تووڕەیە.

### ڕوونكردنەوە:

ئەوەندە بۆ خراپی و قێزەونی ئەم سیفەتە ناپەسندە بەسە، كە خوای گەورە ئایەتی تایبەتی دەربارە دابەزاندوە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ﴿٣٧﴾ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهٗا ﴿٣٨﴾ ﴾ الإسراء، واتە: (ئەی ئەو كەسەی كەشخە و فیز دەكەی) بە فیز و كەشخە بە زەویدا مەڕۆ، بێگومان نە زەویت بۆ

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ٥٩٩٥، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

دەدرێ، نەهێندەی چیاکانیش کەڵەگەت و باڵابەرز دەبێ، هەرکام لەوانە خراپەکەیان لە لای پەروەردگارت ناپەسند و خۆشنەویستراوە.

## دواخستنی نوێژ و بێ ئاگایی لە گەورەیی نوێژ

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٨٧-** «أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِصَلَاةِ الْمُنَافِقِينَ يَدَعُ الْعَصْرَ حَتَّى إِذَا كَانَتْ بَيْنَ قَرْنَيِ الشَّيْطَانِ قَامَ فَنَقَرَ كَنَقَرَاتِ الدِّيكِ، لَا يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهِنَّ إلاَّ قَلِيْلاً»[1].

واتە: ئایا ئاگادارتان بکەمەوە بە نوێژی دووڕووەکان، (مونافیق) نوێژ ناکات هەتا خۆر دەکەوێتە نێوان هەردوو شاخی شەیتان (واتە: خەریکە خۆرئاوا ببێ)، ئنجا هەڵدەستێ چەند دەنوکێک (لە زەوی) دەدات، وەکو دەنوکی کەڵەشێر، زۆر بە کەمی نەبێ یادی خوای تێدا ناکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٨٨-** «إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإِنْ صَلَحَتْ، فَقَدْ أفْلَحَ وأَنْجَحَ، وَإِنْ فَسَدَتْ، فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ»[2].

واتە: یەکەم کردەوە کە بەندە بە هۆیەوە لە ڕۆژی دوایی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ نوێژە، ئەگەر نوێژەکانی باش و تەواوبوون، ئەوە سەرفراز بووە و ڕزگاری بووە، بەڵام ئەگەر نوێژەکانی خراپ و ناتەواوبوون، ئەوە خەسارەتمەند بووە.

---

(١) أخرجه أحمد: ١٢٠١٨، ومسلم: ١٤٤٣، وابن حبان: ٢٦٠، واللَّفْظُ لَهُ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

(٢) أخرجه أَحْمَد: ٩٤٩٠، وَأَبُو دَاوُدَ: ٨٦٤، وَالنَّسَائِيُّ: ٤٦٦، وَالحَاكِمُ: ٩٦٥، وَقَالَ: صَحِيحُ الإِسْنَاد، وَالدَّارِمِيُّ: ١٣٥٥، قَالَ حُسَين سَليم أسد: إِسْنَادهُ صَحِيحٌ، وَصَحَّحَهُ الألباني.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٨٩- «مَنْ نَسِيَ صَلاَةً، فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا، لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلاَّ ذلِكَ»[١]

واتە: هەر کەسێک نوێژی لە بیرچوو بیکات، ئەوە هەرکات بیری هاتەوە با نوێژەکەی بکات، چونکە ئەمە هیچ کەفارەتێکی بۆ نییە، جگە لە ئەنجامدانی نوێژەکە.

## ڕوونکردنەوە:

ئەم ئاگادارییە دەربارەی دواخستن و ساردی و سڕی لە ئەنجامدانی نوێژ بەسە بۆ کەسێک ئەگەر ترسی خوای لە دڵدابێ و نوێژنەکەر بووبێ، یان کەمتەرخەم و ئیهمال بووبێ لە ئەنجامدانی نوێژ، چونکە سزاکەی وەک لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾﴾ الماعون، واتە: سزای سەخت بۆ ئەو نوێژکەرانەی کە لە نوێژەکانیان بێئاگان، جا ئەمە مانای چی دەگەیەنێ؟ چەمکی پێچەوانەی ئەم دوو ئایەتەیە، کە خوای پەروەردگار دەربارەی نوێژکەرانی ڕاست و دروست و خۆ بۆ خوا یەکلاکەرەوە فەرموویەتی: ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴿٢﴾﴾ المؤمنون، واتە: بە ڕاستی بڕواداران سەرفرازن، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا گەردەنکەچن و بە شەرم و لێترسان و سام و هەیبەت کردن لە خواوە ڕادەوەستن، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩﴾﴾ المؤمنون، واتە: ئەوانەی پارێزگاری لەسەر نوێژەکانیان دەکەن.

---

(١)) أخرجه البخاري: ٥٩٧، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

با دواخستنی نوێژ لە کاتی خۆی، بێ پاساو و بیانوو کۆتایی پێ بێ، خوا ئینسانی سەر ڕاست و ساغی دەوێ و خۆشی دەوێ، زۆریش ڕقی لە مرۆڤی خۆ یەکلانەکەرەوە و دوو دڵە، کە نەتوانێ لە نێوان دونیا و دواڕۆژ یەکێکیان هەڵبژێرێ، لە کوێ بەرژەوەندی دین و دونیای تێکگیرا، دونیا پێش دین بـخات!!

## پچڕاندنی پەیوەندی و قسە نەکردن لەگەڵ یەکتر

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٩٠- «إِنَّ أَعْمَالَ بَنِي آدَمَ تُعْرَضُ كُلَّ خَمِيس لَيْلَةَ الْجُمُعَة، فَلاَ يُقْبَلُ عَمَلُ قَاطِعِ رَحِمٍ»[١]

واتە: بە دڵنیایی کردەوە (چاکە)کانی ئادەمیزاد بەرزدەکرێنەوە و نمایش دەکرێن (بۆ خوای پەروەردگار) هەموو پێنج شەممەیەک لە شەوی هەینیدا، جا کردەوەی ئەوانە وەرناگیرێ کە پەیوەندی خزمایەتیان پچڕاندوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٩١- «مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجَّلَ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَة مَعَ مَا يُدَّخَرُ لَهُ مِنَ البَغِي، وَقَطِيعَةُ الرَّحِمِ»[٢].

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٠٢٧٧، أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَال شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ.

(٢) أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٢٩، عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألباني في صحيح الأدب المفرد: ٢٣.

واتە: هیچ گوناهێک نییە کە هێندە(ی ئەو دوو گوناهە) بەپەلە خاوەنەکەی پەلکێش بکات بۆ سزای خوا (هەر لە دونیا)، سەرباری ئەوەش کە بۆی هەڵدەگیرێ بۆ دوارۆژ، ئەوانیش (بریتین لە): ستەم و دەستدرێژی، پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٩٢-** «لاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثِ لَيَالٍ: يَلْتَقِيَانِ فَيُعْرِضُ هَذَا، وَيُعْرِضُ هَذَا، وَخَيْرُهُمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلاَمِ»[1].

واتە: دروست نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک لە سێ شەو زیاتر قسە لەگەڵ برا (و خوشک)ـی مسوڵمانی ببڕێتەوە و قسەی لەگەڵدا نەکات، (بە شێوەیەک) بگەن بە یەکتری ئەوەیان پشت هەڵبکات، ئەوەی دیکەش پشت هەڵبکات (قسە نەکەن)، باشترینیان ئەو کەسەیانە کە سەرەتا دەست دەکات بە سڵاو کردن (دەستپێشخەری دەکات لە ئاشتبوونەوە).

## ڕوونکردنەوە:

باشە تا ئێستا لە خۆمان پرسیوە: بۆچی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەخوێنینەوە و خۆمانی لێ شارەزا دەکەین؟! بێگومان تا لێی بەهرەمەند بین و لە ژیانی ڕۆژانەدا بیکەینە واقیعی حاڵ، زیاتر خۆمان بڕازێنینەوە بە خووڕەوشتە پەسندەکان!

دەبێ پلە و پایەی ئەو کەسە چەند گەورە بێ لەلای خوا، کە لە دوای بیستنی ئەم فەرموودەیە، لەبەر ڕەزامەندی خوا و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ، ڕاستەوخۆ بڕیار دەدات لەگەڵ ئەو کەسانە ئاشتبێتەوە کە نێوانیان تێکچووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو خۆی دەستپێشخەری دەکات بۆ

(١) أخرجه البخاري: ٦٠٧٧، ومسلم: ٢٥٦٠. عَنْ أَبِي أَيُّوبَ رضي الله عنه.

ئاشتبوونەوە، ڕاستەوخۆ سەردانی کەسەکان بکات، یان مۆبایلەکەی دەربهێنێ و نامەیان بۆ بنێرێ، بڵێ: خوایە! ئەوەی دەیکەم لەسەر نەفسم زۆر قورسە، تەنها لەبەر ڕەزامەندی تۆ پێ لە نەفسم دەنێم و لەگەڵ فلان کەس ئاشت دەبمەوە، چاوپۆشی لە هەڵەکەی دەکەم، دەی تۆش چاوپۆشیم لێ بکە لەو ڕۆژەی هیچ پەردەیەک نییە بۆ شاردنەوەی گوناه و تاوانەکانمان!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٩٣-** «لاَ يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَاطِعٌ»(١) يَعْنِي: قَاطِعَ رَحِمٍ.

واتە: (ڕاستەوخۆ و بەبێ حیساب و لێپرسینەوە) ناچێتە بەهەشت ئەو کەسەی پەیوەندی پچڕاندوە، واتە: پەیوەندی خزمایەتی.

## ڕوونکردنەوە:

پتەوی پەیوەندی خزمایەتی نێوان مسوڵمانان، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی ئیمان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ»(٢). واتە: هەر کەسێک بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەیەنێ.

خوای گەورە زۆر ڕقی لەو کەسە دەبێتەوە، کە پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندوە، بە بەڵگەی ئەم دەقە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «أَبْغَضُ الأَعْمَالِ إِلى اللَّهِ الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، ثُمَّ قَطِيعَةُ الرَّحِمِ»(٣). واتە: بوغزێنراوترینی

---

(١) أخرجه أَحْمَد: ١٦٧٧٨، وَالبخاري: ٥٦٣٨، ومسلم: ٦٦٨٤.

(٢) أخرجه البخاري: ٥٧٨٤، ومسلم: ١٨٢، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

(٣) أخرجه أَبُو يَعْلَى: ٦٨٣٩، قَالَ الْمُنْذِرِيُّ: إِسْنَادُهُ جَيد، وحَسَّنَهُ الألباني في صَحِيح الجامع: ١٦٦.

کاره (خراپەکان) لە لای خوا بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا پەیداکردن، پاشان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

هەر کەسێک پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێ، خواش پەیوەندی لەگەڵ دەپچڕێنێ، وەک لە چەندان دەقدا هاتوه[١].

ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێ، ئەوە با بزانێ بەڵێن و پەیمانێک کە لەگەڵ خوای بەستووە شکاندوویەتی، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٢٧﴾ البقرة، واتە: ئەوانەی کە پەیمانی خوا پاش پتەوکردنی هەڵدەوەشێننەوە، وە ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوە بگەیەنرێ دەیپچڕێنن، وە خراپەکاری لە زەویدا دەکەن، ئا ئەوانەن زیانباران.

## ئازاردانی دراوسێ لە ناتەواوی ئیمانە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٩٤-** «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ»[٢].

---

(١) «إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى خَلَقَ الخَلْقَ، حَتَّى إِذَا فَرَغَ مِنْهُم، قَامَتِ الرَّحِمُ، قَالَتْ: هاذَا مَقَامُ العَائِذِ بِكَ مِنَ القَطِيعَةِ، قَالَ: نَعَمْ، أَما تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ، وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟ قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ! قَالَ: فَذَلِكِ لَكِ» أخرجه أَحْمَد: ٨٣٤٩، وَالبخاري: ٥٦٤١، ومسلم: ٢٥٥٤.

(٢) أخرجه البخاري: ٦٠١٨، ومسلم: ١٧٢، ولفظه فليكرم جاره عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

واتە: هەرکەسێک بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با دراوسێیەکەی ئەزیەت نەدات، هەرکەسێک بڕوای بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێز لە میوانی بگرێ، هەر کەسێک بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی چاک بکات، یان بێدەنگ بێ.

### ڕوونکردنەوە:

خوشکی بەڕێزم! ڕێزگرتن لە میوانی خزم و نزیکەکانی هاوسەرەکەت لە ماڵەکەتدا، وە گرنگی پێدانیان و بە باشی لە خزمەتدا بوونیان، هۆکارە بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر لە دڵی مێردەکەتدا تۆوی خۆشەویستی خۆت بچێنی، ڕێزگرتنی میوانی تایبەتی هاوسەرەکەت واتە: ڕێزگرتنێکی تایبەت لە خودی هاوسەرەکەت!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٩٥- «وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، قِيلَ: وَمَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الَّذِي لاَ يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَايِقَهُ»[١].

واتە: بە خوا ئیمان ناهێنێ! بە خوا ئیمان ناهێنێ! بە خوا ئیمان ناهێنێ! گوترا: کێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە دراوسێیەکەی لە زیان و زەرەری دڵنیا نییە.

---

(١) أخرجه البخاري: ٦٠١٦، عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ رضي الله عنه.

## زیدەڕۆیی نەکردن لە هیچ کارێکدا

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**٩٦-** «كُلُوا وَاشْرَبُوا، وَالْبَسُوا، وَتَصَدَّقُوا، فِي غَيْرِ إِسْرَافٍ وَلَا مَخِيلَةٍ، إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُرَى نِعْمَتُهُ عَلَى عَبْدِهِ»[١].

واتە: بـخۆن و بخۆنەوە و ببەخشن و (پۆشاکی جوان) بپۆشن، بێ ئەوەی کەشخە و فیز و زێدەڕۆیی تێدا بکەن، چونکە بێگومان خوای پەروەردگار پێی خۆشە نیعمەتەکانی بەسەر بەندەکەیەوە ببینرێ.

### ڕوونکردنەوە:

خواردن و خواردنەوەو پۆشینی پۆشاک، لە شتە ڕێ پێدراوەکانن، خوای پەروەردگار بە بەندەکانی دەبەخشێ، خوای بەخشندەش پێی خۆشە چاکەو نیعمەتەکانی بەسەر بەندەکانییەوە ببینێ، بەڵام ئەمەش بەبێ زێدەڕۆیی، بەڵکو ئەوپەڕی هاوسەنگی تێدابێ لە نێوان زێدەڕۆیی و ڕەزیلی.

لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ وریا بین فیز و کەشخەیی نەکەین بە ماڵ و سامانێک کە هی خۆمان نییە، سپاردەی خوایە لەلای ئێمە و مایەی تاقیکرانەوەمانە، باشترین جۆری مامەڵە و سوپاسگوزاری بە نیعمەتی خوا ئەوەیە هەم بۆ خۆت وەک پێویست سوودی لێ ببینی، هەم وا بکەی هەژاران و نەداران لێی سوودمەندبن.

---

(١) أخرجه أحمد: ٦٧٠٨، الترمذي: ٢٨١٩، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما، واللفظ لأحمد رحمهما الله، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

## خۆچوواندنی ئافرەتان و پیاوان بە یەکتر

**٩٧-** عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «الْمُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ، وَالْمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ»[(١)].

واتە: ئیبنو عەبباس ﵄ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردووە لە ئافرەتانێک کە خۆیان بە پیاوان دەچوێنن، وە لە پیاوانێک کە خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن (جا لە جل و بەرگ بێ، یان لە سیفات و ڕەفتار و هەڵسوکەوت).

### ڕوونکردنەوە:

یەکێک لە گەورەترین گوناهەکانە ئەم کردەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی لێکردوە، لە ئێستادا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ترسناکترین قۆناغی مێژوویدا تێپەڕ دەبێ لەوبارەوە، هەموو دونیا بەو ئاڕاستە کاردەکەن ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی لێکردوە ببێ بە دیاردەیەکی ئاسایی و مافێکی سروشتی، کەچی پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە، تەنانەت وەک یاسایەکی نێودەوڵەتیش بکرێتە یاسا، بە جۆرێک هەر کەسێک دژی ئەم کارە بوەستێتەوە، بە سەرپێچی یاسایی بۆی هەژمار بکرێ و تووشی سزای یاسایی بکەن.

دایک و خوشکانمان! ئێوە پەروەردەکاری نەوەکانی ئێمەن، تکایە ئەو ئەمانەت و سپاردە گەورەیە زایە مەکەن، هەرچی لە تواناتاندا هەیە بیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و نەوەی مسوڵمانان بە تایبەتی لەوە زیاتر بەرەو لاڕێ بوون و گومڕابوون نەچن!!

---

(١) أخرجه البخاري: ١٣٣٠، ومسلم: ٥٢٩.

ئیستا بۆمان دەردەکەوێ ئەو خۆچوواندنە بەیەکتر، سەرەنجام سەری کێشاوە بۆ هاوڕەگەزبازی، هەموو وڵاتی کوفر پشتگیری هاوڕەگەزبازی دەکەن و بە مافێکی زۆر سروشتی و ئاسایی دەزانن، بە یاساییشیان کردوە، لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام بۆ مسوڵمان هێڵی سوورە، پێچەوانەی شەریعەتی پاک و چاکەکەیانە، ئەو کارە قێزەونە هۆکاری تووڕەبوونی خوای باڵادەست و غەزەب لێگرتن و سزادانی ئەنجامدەرانییەتی!!

## غەیبەت کردنی مسوڵمانان

پێناسەی غەیبەت: بریتیە لە باسکردنی کەسێک لە پاشملە و بێئاگایی خۆی، هەر کاتێک پێی بزانێتەوە پێی ناخۆش بێ باسکراوە بەم شێوە.

ئەم گوناهە بە یەکێک لە گوناهە گەورەکان دادەنرێ، وە سزای سەختی دواڕۆژی لەسەرە، پێویستە مسوڵمان خۆی لێ بە دوور بگرێ و زمانی لێی بپارێزێ، چونکە فەرمانی پەروەردگارە، وەک فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۝١٢﴾، واتە: هەندێکتان پاشملە باسی هەندێکتان مەکەن (بە خراپ)! لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند فەرموودەیەک لەسەر غەیبەت و غەیبەتکاران:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

٩٨- «أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟»، قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ»، قِيلَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: «إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ»[1].

---

(١) أخرجه مسلم: ٢٥٨٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

واتە: ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ گوتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن! فەرمووی: (غەیبەت ئەوەیە) باسی برا (یان خوشکە)کەت بکەی، بە سیفەتێک ئەو پێی ناخۆشبێ، گوتیان: ئەدی ئەگەر ئەوەی کە دەیڵێین تێیدا بوو؟ فەرمووی: ئەگەر ئەوەی دەیڵێی تێیدابوو ئەوە غەیبەتت کردوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی دەیڵێی تێیدا نەبوو، ئەوە بوهتانت بۆی هەڵبەستوە!

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

٩٩- «يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ، وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ، لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ، وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ؛ فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ»[١].

واتە: ئەی ئەوانەی بە زمان بڕوایان هێناوە! بەڵام ئیمان نەچۆتە نێو دڵیانەوە، غەیبەتی مسوڵمانان مەکەن، بە دوای کەم و کوڕییەکانیاندا مەگەڕێن، چونکە هەر کەسێک بە دوای کەم و کوڕییاندابگەڕێ، خواش بە دوای کەم و کوڕی ئەودا دەچێ، هەر کەسیش خوا بە دوای کەم و کوڕیدا بچێ، لەماڵی خۆیدا ئابڕووی دەبات (پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ و عەیبی دەردەخات).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

١٠٠- «لَمَّا عُرِجَ بِي، مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ، يَخْمُشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ، فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ؟ قَالَ: هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ»[٢].

---

(١) أخرجه أَحمد: ١٩٧٧٦، عَنْ أَبِي بَرْزَةَ ﷺ، قال شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره.

(٢) أخرجه أحمد: ١٣٣٦٤، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

واته: کاتێک بەرزکرامەوە (مەبەستی پێی شەوڕۆییە ئیسڕا و میعراج)، بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکی ئاسن و مسیان هەبوو، ڕووخسار و سینگی خۆیان پێ دەڕنیەوە، گوتم: ئەی جبریل! ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانە کەسانێکن کە گۆشتی خەڵک دەخۆن، لە سومعە و کەڕامەتیان دەدەن، (واتە: دەیانەوێ پاشملە کەسایەتییان لە کەدار بکەن و بیانشکێنن).

## ڕوونکردنەوە:

لەم فەرموودانەی سەرەوە ئەوەندە بە ڕوونی خۆشەویستمان ﷺ باسی غەیبەت و غەیبەتکارانی کردوە، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە! بەڵام لێرەدا ئاماژە بەو حاڵەتانە دەکەین کە غەیبەتی خەڵک ڕێگەی پێدراوە:

زانایانی ئیسلام چەند حاڵەتێکیان هەڵاواردوە کە غەیبەتکار تێیدا گوناهبار نابێ، دەرفەت هەیە مرۆڤ بێ بەزاندنی سنوور و زێدەڕۆیی غەیبەت بکات، تا ڕادەیەک زۆربەی زانایان ئەو بۆچوونەیان هەیە:

پێشەوا نەوەوی ﵀ دەڵێ: یەکدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە کە غەیبەت کارێکی حەڕامە، بەڵام لە هەندێک کات و بۆ حاڵەتی زۆر پێویست ڕێگەی پێدراوە، ئەمەش ئەو حاڵەتانەیە:

**یەکەم**: (تظلم)

ئەو کەسەی مافێکی لێ خوراوە و ستەمی لێکراوە، بۆی هەیە بچێتە لای کەسێک (وەک: دادوەر، باڵادەست) کە توانای وەرگرتنەوەی مافەکەی بۆی هەیە، باسی کابرای ماف زەوتکەر بکات و بڵێ: فڵان کەس ئاوای لێکردووم و ئاوای پێکردووم، ئەو مافەی لێ خواردووم.

**دووەم**: (الإستعانة في تغيير المنكر)

یارمەتی وەرگرتن بۆ گۆڕینی خراپەیەک، بۆ نموونە: کەسێک تووشی گوناه و تاوانێک بووە، تۆش دەزانی کەسێکی تری دووەم هەیە کاریگەری لەسەر هەیە، ئەگەر ئەو ئامۆژگاری بکات، بۆ ئەوەی وای لێ بکات واز لەو گوناه و تاوان و خراپەیە بهێنێ، بۆت هەیە بچی لای کەسی دووەم، باسی حاڵی کەسی یەکەم بکەی و ئاگاداری بکەیەوە، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات، (پێویستە نیازت لە باسکردنی کەسەکە، ڕێنماییکرانی بێت)!

**سێیەم**: (الإستفتاء)

پرسیار و وەرگرتنی زانیاری دەربارەی بابەتێک، بۆ نموونە: یەکێک ستەمی لێکراوە و مافی خوراوە، بچێ بۆ لای زانایەک، یان مامۆستایەکی ئایینی بۆ ئەوەی سنووری ماف وەرگرتنەوەکەی خۆی بزانێ، ئینجا لەو کاتەدا بڵێ: فڵان کەس ئاوا و ئاوی لێکردووم و پێکردووم و مافی خواردووەم، ئایا چی بکەم؟ هەرچەندە باشترو سەلامەترە کە بە پەنهان باسی بکات و ناوی کابرا نەبات، بەڵکو بڵێ: ئەگەر کەسێک ستەمێکی وای بەرانبەر کرابێ، چی بکات باشە؟ نە ناوی خۆی و نە ناوی کابرا نەبات، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد، زۆر ئاساییە ناوی ببات بۆ ئەوەی فەتوادەر بەرچاوڕوونانەتر فەتوای بۆ بدات و ڕێنمایی بکات.

**چوارەم**: (تحذير المسلمين من الوقوع في أي شَـرّ)

وریاکردنەوەی مسوڵمانان لە کەوتنە نێو هەر خراپەیەکەوە، بۆ نموونە: کەسێک دەیەوێ ژن و ژنخوازی لەگەڵ کەسێکی تر بکات، یان کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ بکات و قەرزی پێ بدات، یان ببێتە هاوبەش (شَـريك)

لەگەڵی و پێکەوە کاربکەن، تۆش زانیاری تەواوت هەیە کە ئەو کەسە بۆ هاوسەرگیری ناگونجێ، دیندار و ڕەوشت جوان نییە، یان بۆ قەرزدانەوە زۆر خراپە و پارەی زۆر خەڵکی خواردوە، بۆ هاوبەشی و شەریکایەتی زۆر خراپە و فێڵی لە زۆر کەس کردوەو قۆڵبڕە، بۆیە بۆت دروستە چۆنە وەک خۆی باسی بکەی، بۆ ئەوەی ئەم کەسەی پرسیاری کردوە نەکەوێتە نێو ئەم زیان و خراپەیەوە، لەو حاڵەتەدا نەک گوناهبارنی، بەڵکو خوا بیەوێ پاداشتیشت هەیە، بە تایبەت ئەگەر ڕاوێژ و پرست پێ بکرێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «الْمُسْتَشَارُ مُؤْتَمَنٌ»[1]. واتە: ڕاوێژکار جێی متمانەیە و چی ڕاستە دەبێ ئەوە بڵێ.

**پێنجەم:** (الفاسق الذي شهر بفسقه)

ئەو خراپەکارەی گوناهەکانی بە ئاشکرا دەکات، بۆ نموونە: کەسێک شەڕاب خۆرە، یان ڕیبا و سووخۆری دەکات، یان زینا و داوێن پیسی دەکات، باسکردنی ئەو جۆرە کەسە خراپەکارە بە غەیبەت هەژمار ناکرێ، چونکە خۆی لە نێو خەڵکدا باسی دەکات و شانازی پێوە دەکات، بۆیە بەشێک لە هاوەڵان و تابیعین کاتێک پرسیاریان لێکراوە دەربارەی ئەو کەسانە گوتوویانە: ئەوانە بێڕێزن و باس کردنیان غەیبەت نییە.

**شەشەم:** (التعريف)

باسکردنی کەسێک بە سیفەتێک بۆ ناسینەوە، بۆ نموونە: کەسێک بە سیفەتێک دەناسرێتەوە لە نێو خەڵکدا، وەک: کوێر، شەل، قەڵەو، کەچەڵ، گۆج، قەرزدار، بڵێی: فڵانە شەل، یان فڵانە، ئەگەر مەبەستت بەو نازناوە بە سووک سەیر کردن و کەمکردنەوەی کەسایەتی نەبێت بە غەیبەت هەژمار ناکرێ، بە تایبەت ئەگەر بەو وەسفە نەبێ نەناسرێتەوە،

(١) أخرجه أبو داود: ٥١٢٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألباني في «صحيح الجامع»: ٦٧٠٠.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش تا دەتوانرێ وشەی جوانتر بەکاربهێنرێ، بۆ نموونە: لە جیاتی وشەی (کوێر) بگوترێ: (نابینا)، یان لە جیاتی (شەل و گۆج) بگوترێ: کەمئەندام ... هتد.

## هۆکار و هاندەری غەیبەت کردن چیە؟

پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی ﵀ دەڵێ: دیارە هەر کارێکی باش یان خراپ، کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەری هەن، بە کورتی پاڵنەرەکانی غەیبەت کردن لە مرۆڤدا ئەوانەن:

١- ئاسودەیی و دڵئاوخواردنەوەی کەسی غەیبەتکار دەربارەی کەسی غەیبەتکراو!

٢- سەرنجڕاکێشان و دانیشتن خۆشکردن بۆ دۆستان و نزیکەکانی و بەشداری پێکردنیان و خزێنرانە نێو باس و بابەتەکان.

٣- گومانی خراپ بردن بە کەسی غەیبەتکراو.

٤- خۆ بە پاک و چاک پێشاندان و کەسی غەیبەتکراو، بە ناپاک و خراپ پێشاندان و هێنانە پێش چاو.

٥- سووک پیشاندانی کەسی غەیبتەکراو، بۆ ئەوەی خۆی لە ئاستێکی بەرز ببینرێ (بێئاگا لەوەی کەس بە ناشیرین کردنی کەس ناتوانێ خۆی جوان بکات)!

٦- حەسودی بردن بەو کەسەی کە خەڵک مەدح و ستایشی دەکەن و بە چاکە باسی دەکەن.

٧- گاڵتە و گەپ و بە سووک سەیر کردنی کەسی غەیبەتکراو.

له کۆتاییدا دەڵێم:

ناشیرینترین وێنه و نموونه که خوا له قورئان هێناویەتییەوە، وێنەی کەسی غەیبەتەکاره له کاتی ئەنجامدانی غەیبەتەکە، بەڕاستی مووچڕکه به لاشەدا دێنێ و مووەکان گرژ دەبن له ئاستیدا، ئەو حاڵەته بۆ کەسانێکه که ڕووحێکی زیندوو و ناخێکی پڕ ویژدانیان هەبێ، ئەوەش ئایەتەکەیە، خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾، واته: (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە!) با هەندێکتان پاشمله باسی هەندێکتان نەکەن (به خراپ)، ئایا هیچ یەکێکتان حەز دەکات به مردوویی گۆشتی برایەکەی بخوات! بێگومان حەز ناکەن، (مادام وایه) پارێز له خوا بکەن، مسۆگەر خوا زۆر تەوبه وەرگری به بەزەییه.

## کەفاڕەتی غەیبەت

هەرچەنده زانایان یەکدەنگ نین لەسەر ئەوەی ئەم زیکره مایەی کەفاڕەتی بێت، بەڵام مسوڵمان ئەگەر له شوێنێک دانیشت و تێیدا باسی خەڵک کرا، سوننەتێکی جەخت لەسەر کراوه که ئەم زیکره بخوێنێ:

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَنْ جَلَسَ فِي مَجْلِسٍ، فَكَثُرَ فِيهِ لَغَطُهُ، فَقَالَ قَبْلَ أَنْ يَقُومَ مِنْ مَجْلِسِهِ ذَلِكَ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ الاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ، مَا كَانَ فِي مَجْلِسِهِ ذَلِكَ»[1].

---

(١) أخرجه الترمذي: ٣٤٣٣، وقال حسن صحيح غريب، وابن حبان: ٥٩٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

واتە: هەر کەسێک دانیشت لە کۆڕ و مەجلیسێک، زۆر قسەی بێ مانای کرد (یان زۆر قسەی بێ مانای تێدا کرا)، پێش ئەوەی لەو کۆڕە هەڵسێت بڵێ: (سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ الاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)، دەبوردرێ لەوەی لەو کۆڕە گوتراوە.

ئومێد وایە، ئەم دوعا و زیکرە، گوناهی سەر شانی دانیشتووان سووک بکات.

داواکارم لە خوای زاڵی باڵادەست، دوای ئەوەی ئەو زانیارییانەمان وەرگرت و بیستمان دەربارەی ترسناکی و گەورەیی گوناهی غەیبەت کردن، کە سزای دونیایی و دوارۆژی لەسەرە، هەم خۆمان واز لە غەیبەت بێنین، هەم ڕێگە نەدەین لە کۆڕ و دانیشتنەکانی ئێمە غەیبەتی خوشک و برای مسوڵمانمان بکرێ، ترسان و شەرم کردن لە خوا، زۆر لە پێشترە لە شەرم کردن لە کەسێک کە کەوتۆتە سەر خواردنی گۆشتی خوشک و برای خۆی بە زیندوویی، والله المستعان.

الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات

## نێوەڕۆک


چەند بەرچاوڕوونییەک بۆ بەشداربووان.................. ٩
ڕەوشی ئافرەت لە مێژوودا ............................ ١٠
ئافرەت لە کۆمەڵگای یۆنانیدا........................... ١١
ئافرەت لە کۆمەڵگای جوولەکەدا......................... ١٢
ئافرەت لە کۆمەڵگای ڕۆمانیدا........................... ١٣
ئافرەت لە کۆمەڵگای هیندیدا ........................... ١٥
ئافرەت لە کۆمەڵگای فارسیدا........................... ١٦
ئافرەت لە کۆمەڵگای چینیدا ............................ ١٧
ئافرەت لە کۆمەڵگای عەڕەبیدا........................... ١٨
ئافرەت لە شارستانیەتی ئیسلامیدا ....................... ٢٠
١- نوسەیبەی کچی کەعب................................. ٢٤
٢- فاتیمە فەهراوی .................................... ٢٥
٣- خاتوو زەیفە ........................................ ٢٦
٤- مەریەم ئوسترلابی.................................... ٢٨
بەشی یەکەم.......................................... ٢٩
پێناسەی کۆمەڵێک چەمکی گرنگ ......................... ٢٩
ئیسلام، ئیمان، ئیحسان دووڕوویی، هاوبەشدانان، ڕووپامایی.......................................... ٣١
پێناسەی ئیسلام........................................ ٣١

پێناسەی ئیمان..................................... ٣٢
پێناسەی ئیحسان........................................ ٣٣
پێناسەی دووڕوویی ........................................ ٣٤
هەندێک لە سیفەتەکانی کەسی دووڕوو .............. ٣٦
پێناسەی هاوبەش دانان..................................... ٣٨
پێناسەی ڕووپامایی ........................................ ٣٩
بەشی دووەم.............................. ٤١
ئافرەت لە ئیسلامدا ....................... ٤١
وەک دایک............................................................ ٤٣
وەک هاوسەر (ژن، خێزان) .............................. ٤٦
وەک کچ.............................................................. ٥١
وەک خوشک......................................................... ٥٢
بەشی سێیەم ............................ ٥٣
ئافرەت و هاوسەرگیری ..................... ٥٣
نیاز و مەبەست بنچینە و بنەمای هەموو کارێکە ....... ٥٦
پشت بەستن بە خوا لە هەموو کارێکدا...................... ٥٨
چارەسەری خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ .............. ٥٩
هاندان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری ...................... ٦١
هاوسەرگیری نیوەی ئایین تەواو دەکات ................. ٦٢
بەرەکەت لە ئاسانکردنی مارەییدایە........................ ٦٣
سەیرکردنی ئافرەت لە کاتی داخوازی...................... ٦٥

لە حیکمەتەکانی سەرپەرشتیکردنی ئافرەت بۆ بە شوودان ............................................ ٦٦
چ کوڕێک شایستەیە مێردی پێ بکەی................... ٦٧
نابێ بەزۆر (تۆبزی) کچ بە شوو بدرێ ..................... ٦٩
پڕۆسەی هاوسەرگیری پێویستە ئاشکرا بکرێ.......... ٧٠
پەیامێک بۆ خوشکانێکی تایبەت ........................... ٧١
پۆشتەیی ئافرەتان (حیجاب)................................... ٧٢
مەرجەکانی (باڵاپۆش) حیجاب ................................ ٧٤
تکایە مەبنە ڕێخۆشکەری بڵاوبوونەوەی ئاشووب! .... ٧٥
بەشی چوارەم............................ ٧٧
ئافرەت و ژیانی خێزانی و ماڵداری............... ٧٧
پیاوان و ئافرەتان بنەمای مرۆڤایەتین ................... ٧٩
ژن و مێرد نابێ بیانوو بگرن بە یەکتر ...................... ٨٠
ژن و مێرد دەبێ سەیری.................................... ٨٢
خواررووی خۆیان بکەن لە بواری دونیاداری ........................ ٨٢
بە ئەندازەی پێویست گرنگیدان بە ژیانی دونیا .......... ٨٣
خراپترین ژن و مێرد کامانەن؟ ............................. ٨٤
ئەو ژنەی ڕێگرە لەسەرجێی کردن لەگەڵ مێردەکەی .... ٨٦
باشترین ئافرەت کامەیە؟...................................... ٨٧
باشترین پیاو کامەیە؟......................................... ٨٨
کاتێک ژنێک ئازاری مێردەکەی دەدات...................... ٩٠
ئافرەتان بەرپرسیارن و ئەرکیشیان قورسە .............. ٩١

باشترین نیعمەتی خوا ژنی دیندار و چاکە ................. ٩٢
پێگە و پاداشتی کەسی ڕەوشت بەرز لای پێغەمبەر ﷺ.. ٩٣
دادپەروەری کردن لە بەخشین لە نێوان منداڵەکان ..... ٩٣
خەرجی ژن لەسەر پیاوە ......................................... ٩٥
ژن لە سێ ڕۆژ زیاتر پرسە ناگێڕێ بۆ مردنی مێردەکەی ٩٧
هەندێ لە یاسا و ڕێساکانی تەڵاق و خولع................ ٩٨
پیاوی لەشگران و ئافرەتی حەیزدار پیس نین ......... ١٠٢
پاداشتی گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ مێردەکەی............ ١٠٢
ئەنجامدانی حەج گەورەترین جیهادی ئافرەتانە....... ١٠٣
ڕێگەدان بە چوونی ئافرەت بۆ نوێژی کۆمەڵ......... ١٠٤
تێپەڕبوونی ئافرەت ................................................. ١٠٥
بە پێش نوێژخوێن نوێژەکەی نابڕێ ................................ ١٠٥

**بەشی پێنجەم** ........................... ١٠٧

**چەند کردار و سیفەتێکی خراپ، کە هەندێکیان گوناهی گەورەن.** ١٠٧

سپڵەیی ژن بەرانبەر مێردەکەی و بە پێچەوانەشەوە ١٠٩
چاوپیسی و چارەسەرەکەی .................................. ١١١
بە سووک سەیر کردنی مسوڵمان ......................... ١١٣
توانج و پلاردان لە خەڵک ...................................... ١١٦
گێڕانەوەی هەرچی دەیبیستی .................................. ١١٨
پرسیارکردن لە شتێک کە پەیوەندی بە تۆ نییە....... ١١٩
گومانی خراپ بردن.............................................. ١٢٠
قسەی خراپ هێنان و بردن .................................. ١٢٢

به نهێنی و چپه قسه‌کردن.............................. ١٢٣
که‌شخه‌یی و فیزکردن ..................................... ١٢٤
دواخستنی نوێژ و بێ ئاگایی له گه‌وره‌یی نوێژ ....... ١٢٥
پچڕاندنی په‌یوه‌ندی و قسه نه‌کردن له‌گه‌ڵ یه‌کتر.... ١٢٧
ئازاردانی دراوسێ له ناته‌واوی ئیمانه .................. ١٣٠
زیده‌ڕۆیی نه‌کردن له هیچ کارێکدا........................ ١٣٢
خۆچوواندنی ئافره‌تان و پیاوان به یه‌کتر .............. ١٣٣
غه‌یبه‌ت کردنی مسوڵمانان................................ ١٣٤
هۆکار و هانده‌ری غه‌یبه‌ت کردن چیه؟ ................. ١٣٩
که‌فاره‌تی غه‌یبه‌ت ......................................... ١٤٠